دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ژمارە ٦٠٨

سەشەممە
٣١ی بانەمەڕی ١٣٩٢
٢١ی مەی ٢٠١٣

نرخ: ١٥٠ تمەن

kurdistanukurd.com



## دەسبەرکردنی لایەنگرانی کاندیدە ڕەتکراوەکان

هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم، ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە بە دوای ڕەتی سەلاحییەتی هاشمی ڕەفسەنجانی دا، هەڵیانکوتایە سەرئەندامانی ستادی هەڵبژاردنی ئەکبەر هاشمی و ژمارەیەکیان ڕەپێچی زیندان کردن.

هاوکات هێندێک و کەس و لایەنی دیکەش کە لە چوارچێوەی کێبەرکێی هەڵبژاردنەکاندا چالاک بوون بانگهێشتی دادگا کراون. پێویستە بوترێ پێشتریش ڕێژیم بە شێوەیەکی بەربڵاو لە شارەکان لایەنگرانی دەوڵەتیان ڕاپێچی زیندان کردبوو و بە گوێرەی هەواڵەکان شارەکانی تاران، تەورێز و ئیسفەهان بە شێوەیەکی بەربەرین میلیتاریزە کراوە.

### لە ئێران

# نەک دەنگی خەڵک، ویستی دیکتاتۆر، چارەنووسی هەڵبژاردن دیاری دەکا

## ڕاگەیەندراو بەبۆنەی بەڕێوەچوونی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پازدەیەم، لە ڕۆژەکانی ٢٨ و ٢٩ ی بانەمەڕی ١٣٩٢ (١٨ و ١٩ ی مای ٢٠١٣)دا حەوتەمین پلینۆمی خۆی بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵیو جێگرو موشاویرانی کۆمیتەی ناوەندیو کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی خاوەن ڕابردووی حیزب بەڕێوە برد.

لە سەرەتای ئەو کۆبوونەوە بەرینەی ڕێبەرایەتیی حیزبدا کە بە ساتێک وەستانی بێدەنگ بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد، دەستووری کاری پلینۆم پاش گفتگۆو دەوڵەمەندکردن بە پەسند گەیشت. ئینجا تەوەری یەکەمی کارەکانی پلینۆم کە بۆ لێکدانەوەی هەلومەرجی سیاسیی نێونەتەوەییو ناوچەو خەباتی کورد لە پارچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان تەرخان کرابوو باسو گفتگۆی لەسەر کرا.

لەو تەوەرەدا سەرەتا ڕاپۆرتێکی سیاسیی گشتی لەلایەن هاوڕێ خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشکەش کرا کە ئاوڕدانەوە بۆ سەر دوایین ئاڵوگۆڕەکانی هەلومەرجی سیاسیی نێونەتەوەیی بەتایبەتی لەپێوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو پرسی کوردی لەخۆ گرتبوو. لێرەدا وێڕای ئاماژە بە هۆکارەکانی درێژەکێشانی قەیرانی خوێناویی سووریەو مامەڵەی زلهێزەکانو نەخشی مێحوەرە ئیقلمییەکانو کۆماری ئیسلامی لەو قەیرانەدا، جەخت لەسەر گرنگیی قۆستنەوەی ژیرانەو یەکگرتووانەی ئەو بوارو بەستێنە نوێیە کە بۆ بەڕەسمیناسینو وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا پێکهاتوە، کرایەوە.

سەبارەت بە عیراق، وێڕای ئاماژە بە گرفتو ئاڵۆزییەکانی نێوان پێکهاتە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە، یەکڕیزیو هاوهەڵوێستیی سەرکردایەتیی کورد لە باشووری کوردستان وەک فاکتەرێکی بڕیاردەری ڕووبەڕووبوونەوەی ئەگەرەکانی داهاتوو بە چەشنێک کە لە بەرژەوەندیی چارەسەری کێشە هەڵپەسێراوەکانو یەکلابوونەوەی چارەنووسی کورد لەو وڵاتەدا بێ، لە قەڵەم درا.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر تورکیە، پێشوازی لە فازی نوێی دیالۆگو وتووێژ بۆ چارەسەری پرسی کورد لەو وڵاتەدا دووپات کرایەوە، هەر لەو کاتەشدا لایەنە جۆربەجۆرەکانی مامەڵەی پێشڕەوانی بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان لەگەڵ ئەو دۆخە نوێیە هەڵسەنگێندرانو ئیشارە بە کۆمەڵێک مەسەلە کرا کە سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە دەخەنە گرەوی خۆیانەوە.

سەبارەت بە ئێران ئاماژە بە دوایین گەشەسەندنەکانی فەزای گشتیی حاکم بەسەر وڵات لە بواری چڕبوونەوەی فشارە ئابوورییەکانو خەستبوونەوەی ئینسدادی سیاسیو دەستپێکردنی دەورەیەکی نوێ لە تەقینەوەی ناکۆکییەکانی نێوخۆی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی کراو سەرنج بۆ ئەوە ڕاکێشرا کە ئەم فاکتانە لە بەرە بەری هەڵبژاردنەکانی ئێرانداو لەبەر ڕۆشنایی هەلومەرجی گشتیی نێودەوڵەتیو ناوچەیی مانایەکی دیکەو ڕەهەندی تازە بە خۆوە دەگرن کە دەتوانن پێشهاتو سیناریۆی نوێیان لێبکەوێتەوە.

ل ٢



لە ٢٤ی جۆزەردانی ئەمساڵ دا، هەر دوو هەڵبژاردنی سەرکۆماری و شووڕاکان لە ئێران بەڕێوە دەچێ. پێشتر پێشبینی دەکرا بە هۆی بەڕێوەچوونی هاوکاتی هەر دوو هەڵبژاردن و ڕێگەدانی دەسەڵات بە هاتنی کاندیداکانی تەیف و تاقمە جۆراوجۆرەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی، گەرموگوڕییەکی ڕواڵەتی بەم هەڵبژاردنانەوە دیار بێ. بەڵام ڕەتکرانەوەی سەلاحییەتی ژمارەیەکی زۆر لە پاڵێوراوانی هەر دوو هەڵبژاردن و پاوانکردنی مەیدانی کاندیداتۆری بۆ مۆرەکان و دەست و پێوەندەکانی بەیتی ڕێبەری و سوپای پاسداران، هەڵبژاردنەکانی لە گەڵ ساردوسڕی بەرەوڕوو کردوە. هەر لەو کاتە دا ترس و نیگەرانیی خامنەیی لە تەقینەوەی بێزاریی خەڵک و دژ کردەوەی لایەنگرانی تەیفە وەلانراوەکان، وای کردوە کەشوهەوایەکی نیزامی بە سەر تاران و شارەگەورەکان دا زاڵ بێ. لە هەموو نیشانەکان ڕا دیارە کە لەم هەڵبژاردنەش دا، حیسابێک بۆ خەڵک و دەنگی خەڵک ناکرێ و ئەوەی چارەنووسی هەڵبژاردنەکە دیاری دەکا، ویستی دیکتاتۆر، خامنەیی ڕێبەری نیزامە.

## داهاتووی حیزبوڵڵای لوبنانو تێوەگلان لە شەڕی سووریە

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی فەرانسەو بە وتەی دیپلۆماتە ئورووپاییەکان، دەوڵەتی بریتانیا پێشنیاری کردوە لکی سەربازیی حیزبوڵڵای لوبنان بخرێتە لیستی تیرۆری ئورووپاوەو باسو ڕاگۆڕکێی ڕەسمی لەم بوارەدا، دوو حەوتووی دیکە دەست پێدەکا.

لە لیستەی تێرۆر هاویشتنی حیزبۆڵڵای لوبنان لە لایەن یەکیەتیی ئورووپاوە لە حاڵێکدایە کە دەوڵەتی ئەمریکاش حیزبوڵڵای لوبنان بە تەشکیلاتێکی تیرۆریستی دەزانێو داوای لە وڵاتانی جیهانو بە تایبەت یەکیەتیی ئورووپا کردوە کە ئەم حیزبە توندڕەوە لە لیستی تیرۆریستی باوێن.

ئەمریکا پێشتر بە توندی ناڕەزایەتیی لە دەستێوەردانی هێزەکانی حیزبوڵڵای لوبنان لە



تێکهەڵچوونەکانی سووریەدا دەربڕیو باراک ئۆباما لەم بارەیەوە داوای لە هاوتای لوبنانیی خۆی کرد کە ڕوونکردنەوەی هەبێ.

هەروەها بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤی سووریە لە پێکدادانەکانی شاری قوسەیردا ٣١ کەس لە چەکدارانی حیزبوڵڵای لوبنان لە شەڕی قورسی نێوان هێزەکانی سووریەو سوپای ئازاددا کە بۆ گرتنەوەی شاری قوسەیر ڕووی داوە، کوژراونو دەیان کەسیش بریندار بوون.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە بە دوای ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانەی هەوڵی چارەسەری کێشەی سووریەدا، هێزەکانی ڕێژیمی بەشار ئەسەدو شەڕڤانانی حیزبوڵڵا لە حەوتوویەک لەمەوبەرەوە عەمەلیاتێکی گەورەیان بۆ گرتنەوەی شاری قوسەیر کە لە ساڵیک لەمەوبەرەوە لە کۆنترۆڵی سوپای ئازادی سوریەدا بووە دەست پێکردوە .

## تۆمەتبارکردنی ئێران بە پێشێلکردنی ئازادیی ئایینیو مەزهەبی

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا، کە لە ژێر ناوی «ئازادیی مەزهەبەکان لە جیهاندا» بڵاوی کردۆتەوە، ئێرانی بە پێشێلکردنی ئازادیی مەزهەبی تۆمەتبار کردوە.

لەم ڕاپۆرتەدا، کۆماری ئیسلامیی ئێران بە لە ژێرپێنانی بەردەوامی ئازادیی کەمینە مەزهەبییەکان، دەسبەسەرکردنو ئازارو ئەشکەنجەی باوەڕمەندانو پیاوانی ئایینیی مەزهەبو ئایینە جۆراوجۆرەکانو پێکهێنانی کەشی ترسو سەرکوتی ئایینی تاوانبار کراوە.

لەم ڕاپۆرتەدا هاتوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران، گرووپەکانی سوننی، بەهایی، سۆفی، جوولەکەکان، مەسیحییەکانی تەبشیریو ئەو شیعانە کە باوەڕیان بە دەوڵەتی شیعەی ئێران نیە لەگەڵ زەردەشتییەکان دەخاتە ژێر زەختو گوشارەوەو ئازاریان دەدا.

ئەو ڕاپۆرتە لە بارەی دژایەتیی جوولەکەکانەوە، نیگەرانیی خۆی لە لێدوانە ڕەسمییەکانی کاربەدەستانی



وڵاتانی ئێران، میسرو ڤێنزۆئێلا دەربڕیوەو ناوی مەحموود ئەحمەدی نەژادی وەک کەسێک هێناوە کە هۆلۆکاست ڕەد دەکاتەوە.

شایانی باسە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٩٩٩ڕا تا ئێستا بە بەردەوامی لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی بریتانیاشەوە لە ڕیزی ئەو وڵاتانە ناوی هاتوە کە ئازادیی ئایین پێشێل دەکەن.




بەرەو ٥٠٠ ساڵەی دابەشبوونی کوردستان

٤



هاشمیی ڕەفسەنجانیو ئەگەرەکانی هەڵبژاردن

٥



شوێنەوارەکانی گەمارۆی نەوتی لەسەر ئابووری کۆمەڵگاو سیاسەتی ئێران

٦



ئێعتیاد لە نێو ژنانی ئێراندا

٨



هەڵبژاردنی خولی ١١ی سەرکۆماریو ڕوانگەی کورد

٩


**ڕوونکردنەوە:**

**زۆربەی وتارو بابەتەکانی ئەم ژمارەیەی «کوردستان» لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئێراندا، بەر لە تەئید یا ڕەدکردنەوەی سەلاحییەتی کاندیداکانی سەرکۆماری لە لایەن شووڕای نیگابانەوە، نووسراون و ئامادە کراون. بۆیە ئەگەر ڕەتکردنەوەی سەلاحییەتی چەند کاندیدای وەک «ڕەفسەنجانی» و «ڕەحیم مەشایی» لەواندا ڕەنگی نەدابۆوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ڕاستییە .**

**«کوردستان» ١٣/٢/٣١**

## بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پرسەو سەرەخۆشیی ماڵباتی بارزانی

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی جەهدیە بارزانی، لە پرسەو سەرەخۆشیی ماڵباتی بارزانیدا بەشدار بوو.

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی جەلیل گادانی، تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی شەممە، ٢١ ی بانەمەڕی ١٣٩٢ی هەتاوی، لە پرسەی خاتوو جەهدیە، خوشکی مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان‌دا بەشدار بوو.

لەم ڕێوڕەسمەدا شاندی حیزب لە نزیکەوە سەرەخۆشی‌یان لە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانو ماڵباتی بارزانی کردو نامەی هاوخەمیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بە نێچیرڤان بارزانی گەیاند.



# هەر دوولایەنی دێموکرات بە یەکەوە پرسی هەڵبژاردنەکانی ئێرانیان تاوتوێ کرد

بە ئامادەبوونی سکرتێرەکانی هەروو لایەنی دیموکرات پرسی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریو شووڕاکان لە ئێران، ئاڵۆگۆڕی بیروڕای لە سەر کرا.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ٣١ی بانەمەڕی ١٣٩٢ی هەتاوی (٢١ی مای ٢٠١٣) هەیئەتێکی حدکا بە سەرپەرستیی بەڕێز مستەفا هیجری سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد کە لە لایەن هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزب بە سەرپەرستیی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازیی لێ‌کرا.

لە سەرەتای دانیشتنەکەدا بەڕێز خالید عەزیزی وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆیو حیزبەکەی لە بەردەوامبوونی دانیشتنو دیالۆگی نیوان دێموکراتەکان بەخێرهاتنی هەیئەتی میوانی کرد.

پاشان بەڕێز مستەفا هیجری سەبارەت بە نێوەرۆکو ئامانجی دانیشتنە هاوبەشەکە، واتە گۆڕینەوەی بیروڕا لە سەر هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریو شووڕاکان لە ئێران باسەکەی کردەوەو ڕوانگەی خۆیانی لە پێوەندی لە گەڵ هەردوو پرسەکەدا خستە ڕوو.

بەڕێز هیجری ڕای‌گەیاند کە حیزبەکەی لە ڕوانگەی نیوەرۆکی سەرەڕۆیانەو دژەدیموکراتیکی کۆماری ئیسلامییەوە دەڕوانێتە هەڵبژاردنەکانو بەم هۆیەوە کە هەلبژاردن لەو ڕێژیمە دا لە هەر چەشنە پرەنسیپێکی دیموکراتیکو هەڵبژاردنی ئازاد بێبەری‌یە، ئەوان تەحریمی هەڵبژاردن بە تەنیا هەڵوێستی گونجاو دەزانن.

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان هێژا خالید عەزیزییش، بە ئاماژە بە باسەکانی نوێترین پلینۆمی حیزب، وێڕای وەبیرهێنانەوەی هەموو ئەو هۆکارانەی دەرەتانی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی ئازادو دێموکڕاتیکیان لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی‌دا لەنێو بردوە ، هەلوێستەی لە سەر تایبەتمەندی‌یەکانی هەڵبژاردنی ئەمجارە کرد. بەڕێز عەزیزی لە دەلاقەی چۆنیەتیی گەیاندنی پەیامی خەڵکی کوردستانەوە، چووە نێو باسی گرنگیی پرسی هەڵبژاردنو ڕای‌گەیاند کە حیزبی دیموکراتی کوردستان دوای بە دواداچوونو لێکدانەوەی دوایین ڕووداوو ئاڵوگۆڕەکانی پێوەندیدار بە پرسی هەڵبژاردنی ئەمجارەوە، هەڵوێستی یەکجاریی خۆی ڕادەگەیەنێ.

بەڕێز عەزیزی، وێڕای پێداگریی حیزبەکەی لە سەر هاوهەڵوێستیی نێوان لایەنە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دووپاتی کردەوە کە «لە ئەگەری هەرشێوە هەڵوێستێک لەم پێوەندی‌یەدا، پێویستە لە سەر ئەساسی کەڵکوەرگرتن لە مەجالەکان بە قازانجی بەرژەوەندی‌یەکانی بزووتنەوەوی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان هەڵوێست بگرین».

لەم دانیشتنە هاوبەشەی هەر دوو لایەنی دیموکرات دا بۆ جارێکی دیکە پێ لەسەر گرنگیی ئاڵۆگۆڕی بیروڕا لە نێوان هێزە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بە تایبەت هەردوو لای دێموکرات وەک دوو هێزی شوێندانەر، داگیرایەوە.

# «هۆکارەکانی گیروگرفتی دەروونیی منداڵان» لە کۆڕێکدا



لە سیمینارێکی ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا هۆکارەکانی سەرهەڵدانی گیروگرفتی دەروونیی منداڵانو ڕێوشوێنەکانی چارەسەری ئەو گیروگرفتانە تاوتوێ کران.

ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەیانیی ڕۆژی سێشەممە، ٣١ ی بانەمەڕ کۆڕێکی بۆ خاتوو زیبا سەروەری، کارناسی دەروون‌دەرمانی بۆ باس لە سەر هۆکارەکانی سەرهەڵدانی گیروگرفتی دەروونیی منداڵان پێک هێنا.

لەو کۆڕەدا کە بە بەشداریی گەرمی بنەماڵەو ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتو دەیان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بەڕێوە چوو، خاتوو زیبا سەروەری لە چەند تەوەری سەرەکیی باسەکەی‌دا ئاوڕی لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانو تەشەنەی کێشەی دەروونیی منداڵان لە بنەماڵەو کۆمەڵگادا شی کردنەوە.

کۆڕگێر لە سەرەتای باسەکەی‌دا جەختی کردەوە کە سێ هۆکاری ئابووری وەک هەژاری، دەستەنگیی بنەماڵەو کۆمەڵایەتی وەک ناستانداردبوونی ژینگەو شوێنی هەڵدانو گەورەبوون لەگەڵ کێشەی خێزانی وەک ناسەقامگیربوون، ناتەبایی‌و توندوتیژی هۆکارە سەرەکی‌یەکانی سەرهەڵدانو تەشەنەی گیروگرفتی دەروونی لە منداڵان‌دان.

خاتوو زیبا سەرەوەری لە بەشێکی دیکەی باسەکەی‌دا تیشکی خستە سەر نیازە سەرەکی‌یەکانی منداڵان لە بنەماڵە بۆ ڕێگری لە توشبوونیان بە کێشەی دەروونی. کۆڕگێر لەو بەشەی قسەکانی‌دا خۆشەویستیی ئەندامانی خێزان، پاریزگاری‌و ئەمنیەت، پێوەندیی دریژخایەنی ئەندامانی خێزان بە تایبەت دایکو باوک لەگەڵ منداڵ، سنووردانان بۆ داوای منداڵان، بوارڕەخساندن بۆ هەست بە بەرپرسایەتی‌کردنی منداڵان، باوەڕهێنانو متمانەکردن بە منداڵانو گرنگی‌پێدانو پڕکردنەوەی نیازە مەعنەوی‌یەکانی منداڵان لەلایەن بنەماڵەی بە گرنگترین نیازە بنچینەیی‌یەکانی منداڵان لە بنەماڵە بۆ تووش‌نەبوون بە نەخۆشی‌و کێشەی دەروونی لە قەڵەم دا.

سەروەری لە بەشێکی دیکەی باسەکەی‌دا هاتە سەر نیشانەکانی تووشبوونی منداڵان بە کێشەی دەروونی‌و ئاماژەی بە چەند نموونەیەکی باوی ئەو حاڵەتانە کرد.

نەخش‌و کاریگەریی کەلتوور لە سەر پەروەردەی منداڵو تووشبوونی بە نەخۆشیی دەروونی، کاریگەریی توندوتیژیی کۆمەڵگا لەسەر پەروەردەو هەڵدانی منداڵان، شوێنەواری باش‌و خراپی تێکنۆلۆژی لە سەر پەروەردەو خوڵقاندنی کێشەی دەروونی لە منداڵانو، ئەرکەکانی تاکو بنەماڵە لە هەمبەر پەروەردەی منداڵانو بەرگرتن لە دروستبوونی کێشەی دەروونی لە منداڵان‌دا چەند تەوەرێکی دیکەی باسەکەی خاتوو زیبا سەروەری بوون.

شایانی باسە بەشی کۆتایی ئەو کۆبوونەوەیە بۆ سەرنجو تێبینی‌و پرسیاری بەشداران لە کۆڕگێڕو وەڵامەکانی ناوبراو تەرخان کرابوو.

# بەڕێوەچوونی سیمیناری پرسی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئێران لەلایەن کومیتەی ئەڵمانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە

لە لایەن کۆمیتەی ئەڵمانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە سیمیناریک بە مەبەستی تاوتوێ‌کردنی پرسی هەڵبژاردنەکانی خولی یازدەهەمی سەرکۆماریی ئێران لە شاری دارمشتاد بەڕێوە چوو.

لەم سیمینارەدا کە بە بەشداریی کۆمەڵێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئەڵمانو هەروەها نوێنەرانی بەشێک لە حیزبو ڕێکخراوەو کۆمەڵە کوردی‌یەکان بەڕێوە چوو، سەرەتا سوڵتان گوڵاوی، بەرپرسی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی ئەڵمان لە باسیکی کورت‌دا ئاماژەی بەوە کرد کە مەبەست لە گرتنی ئەو سیمینارە، پێک‌هێنانی دەرەتانی ئاڵوگۆڕێ بیروڕا لەنێوان ئەندامانی حیزبو میوانانی بەشدار لە سمینارەکەو گواستنەوەی باس‌و بۆچوونەکان بۆ ڕێبەریی حیزبە.

سوڵتان گوڵاوی لە قسەکانی‌دا ئاماژەی بەوە کرد کە لە چەند مانگ لەمەوپێش‌ڕا کومیتەیەکی تایبەت بە پرسی هەڵبژاردنەکان لە لایەن حیزبەوە دەستی بەکار کردوە. لە درێژەی سیمینارەکەدا مەحموود شەریفی ئەندامی پێشووی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان لە باسێک‌دا تیشکی خستە سەر ناکۆکی‌یەکانی نێوان قۆڵەکانی ڕژیم کە لە کاتی هەلبژاردن‌دا خۆیان دەنوێنن، شەریفی لە باسەکەی خۆی‌دا ئاماژەی بەوە کرد کە سێ لایەنی ڕەهبەر، ڕێفۆرمخوازو دەوڵەت سێ کوچکەی ئەم دەورەیە لە هەلبژاردنەکانی ئێران پێک دێننو دوایە سیناریۆکانی هەرکام لەو لایەنانەی سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان خستە بەرباس.

شایانی باسە ئەو سیمینارە بە وەڵامدانەوەی پرسیارو سەرنجو تێبینیی بەشداربووانی سمینارەکە کۆتایی پێ‌هات.

درێژەی:

# ڕاگەیەندراو بەبۆنەی بەڕێوەچوونی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان



لەپێوەندی لەگەڵ خەباتی گەلی کورد لە ئێران وێڕای ئاماژە بە لەسەرپێ‌بوونو خۆڕاگریی کوردو ئەکتیڤبوونی خەباتی هەمەلایەنەی ئەو گەلە لە بەستێنە جۆربەجۆرەکان‌دا، ئاوڕ درایەوە سەر ئەو هۆکارانەی دەرەتانی خەباتێکی مەیدانیی ئەکتیڤتریان لە سەردەمی ئەمڕۆدا بەرتەسک کردۆتەوە. هەر لەو کاتەدا پێویستیی تاوتوێ کردنی ڕێکارەکانی دەرفەتسازی‌و ئەکتیڤترکردنو بەمەیدانی‌کردنی ئەو خەباتە باس کراو جەخت لەسەر ئەوە کرا کە پێویستە لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموویان پێکەوەو بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکتر بیری بنەڕەتی لەو پرۆسەی گەشەپێدانو دەرفەتسازی‌یە بکەنەوە.

تەوەرێکی دیکەی کارەکانی پلینۆم تەرخان کرابوو بۆ باس‌و گفتگۆ لەسەر هەڵبژاردنەکانی داهاتووی سەرکۆماری‌و شووڕاکان لە ئێران. لەو بەشەدا بەشدارانی پلینۆم لە چوارچێوەی باسێکی پڕو دەوڵەمەنددا وێڕای وەبیرهێنانەوەی هەموو ئەو هۆکارانەی دەرەتانی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی ئازادو دێموکڕاتیکیان لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی‌دا لەنێو بردوهو جێگهو پێگەی نیهادە بەڕواڵەت هەڵبژێراوەکانیشیان لە سیستمی کۆماری ئیسلامی‌دا سنووردارو بێ‌بڕشت کردوە، سەرنج درایە تایبەتمەندی‌یەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئەمجارە.

لێرەدا پلینۆم وێڕای بە دروستزانینی ئوسووڵیی مامەڵەی واقع‌بینانە لەگەڵ هەڵبژاردنێکی تەنانەت نادێموکڕاتێک وەک بەستێنێک بۆ خەبات بەدژی کۆماری ئیسلامی، سەرنجی دایە ئەو فاکتەرانەی ئەگەری بەشداری لەم هەڵبژاردنە لاواز دەکەن. لەنێو ئەو فاکتەرانەش‌دا بەتایبەتی ئیشارە بەوە کرابوو کە سەرەڕای زەقبوونەوەی کۆمەڵێک کاندیداتۆریی ناڵێک، لە کۆماری ئیسلامی‌دا هاوکات لەگەڵ سنووردارترکردنی ئەو زەرفییەتانەی پێشتریش هەبوون، گەمەیەکی لێڵو گوماناویی زۆرتری چڵەو قۆناغەی پیش تەئییدی سەڵاحییەتەکان‌داو چبۆ خودی هەڵبژاردنەکە وەڕێ خستوە. ئەوەندەش کە دەگەڕێتەوە سەر کاندیداتۆرەکان، جیا لە پاشخانی سیاسی‌و پرۆفایلی تایبەتی‌یان کە زۆر جێگای پەسەند نیە، تا ئێستا هیچکامیان سەرنجدانێکی هەرچەند کەمیش بە خواستە دێموکڕاتیکەکانی پێکهاتەکانی کۆمەڵگای ئێران بەتایبەتی نەتەوەکانی ئەم وڵاتەیان لە کەمترین شکڵی خۆی‌دا نەخستۆتە نێو ڕۆژەڤی باس‌وخواسەکانی ئەو هەڵبژاردنە.

سەرباری هەموو ئەوانەش بەمەبەستی گرتنی هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوە لەو پێوەندی‌یەدا کۆمیتەی ناوەندی دەفتەری سیاسیی ڕاسپارد هەتا بەدواداچوونی ئەو پرسە درێژە بداو هەوڵیش بدا لە ڕۆژەکانی داهاتوودا بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵوێستی کۆتایی خۆی ڕابگەیەنێ.

لە دوایین بەشی کارەکانی پلینۆم‌دا، کۆمەڵێک پرس‌و بابەت لەپێوەندی لەگەڵ باشتربەڕێوەچوونی کاروباری حیزب‌دا خرانە ڕوو و وێڕای ئاوڕدانەوە لە بڕیارو پەسندکراوەکانی پێشووتر کۆمەڵێک ڕاسپاردە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی‌یەوە بۆ وردکردنەوەی زیاترو ئەکتیڤ‌کردنی ڕێکارە پێشنیارکراوەکان درانەوە بە دەفتەری سیاسی.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**٢٩ ی بانەمەڕی ١٣٩٢**
**(٢٠ی مای ٢٠١٣)**

## کۆبوونەوەی ساڵانەی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لە شاری ڤێستڕۆس

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٠٥/١٨ کۆبوونەوەی ساڵانەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، بە بەشداری بەرپرسی کۆمیتەی سوئێدی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و ئەندامانی ئەو یەکیەتی‌یەو هەر وەها ئەندامانی ناوەندی سوئێدی کوردی لە شاری ڤێستڕۆس پێک هات. سەرەتا خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێز لێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادی ڕاگەیاندرا. پاشان شوعلە قادری دوای بەخێر هێنانی بەشداران، مەبەستی کۆبوونەوەکەی شی کردوەو و باسێکی لەسەر چۆنیەتی کاری ڕێکخراوی ژنان و شێوەی هاوکاری نیوان یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان و ناوەندی سوئێدی کوردی و هەر وەها ماف و ئەرکی ئەندامان پێشکەش کرد. لە میانەی باسەکەی دا ئاماژەی بە هەنگاو هەڵێنانەوە لە بواری بردنەسەری زانیاری و پێویستی خۆ پێگەیاندنی ژنان تا ڕادەی بەشدار بوون لە بڕیاراتی سیاسی دا کرد. لە دوایین بەشی قسەکانی‌دا خاتوو شوعلە باسی کۆنفرانسی گشتی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لە وڵاتی سوئێدی کرد کە بڕیارە لە مانگی جون دا پێک بێ. بڕگەیەکەی دیکەی کۆبوونەوەکە تەرخان کرابوو بۆ دەربڕینی ڕاوو بۆچوونی بەشداران کە هەموویان بە نۆرەی خۆیان نەزەراتو تێبینیەکانیان لە هەموو بوارەکان دا لە مەڕ بەڕێوەبردنی کارو چالاکیەکانی یەکیەتی ژنان دەربڕی. لە دوایین بەشی کۆبوونەوەکە دا نۆرە گەیشتە هەڵبژاردنی کۆمیتەی کارگێڕی تازە کە کۆمیتەیەکی ٤ کەسی (٣ کەسی ئەسڵی و یەک نەفەر وەک هاوکار) بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی یەکیەتی ژنان لە شاری ڤێستڕۆس هەڵبژارد.

# قەڵادزێ: بەڕێوەچوونی کۆنفڕانسی یەکەمی ژێنۆسایدی گەلی کورد




ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٣٩٢/٢/٣٠ کۆنفڕانسی یەکەمی « ژینۆسایدی گەلی کورد» لە ساڵۆنی بۆنەکانی قەڵادزێ لەلایەن چەند چالاکێکی سیاسیو مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە چوو.

سەرەتای ئەو کۆنفڕانسە پێشاندانی چەند وێنەیەکی ژینۆسایدی گەلی کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستانو سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیبو ساتێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان بوو .

پاشان کورتە شانۆی « کۆستی شارێک « پیشان درا کە گێڕانەوەی کارەساتی قڕکردنو بە کۆمەڵکوشتنی شاری قەڵادزێ بە دەستی ڕێژیمی بەعسی عێڕاق بوو.

لە درێژەی کاری ئەو کۆنفرانسەدا ڕەحمان بەربەری، چالاکی مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بارەی کۆنفڕانەسەوە بۆ ئامادەبووان دواو ئامانج لە پێک هێنانی ئەم کۆنفڕانسەی شی کردەوە.

ناوبراو لە درێژەدا گوتی ژێنۆساید تەنیا لە پارچەیەکی کوردستان دەرحەق بە بەشێکی کوردستان نەکراوە، بەڵکوو مێژووی گەلەکەمان نیشان دەدا کە ڕێژیمە یەکلەدوای‌یەکەکانی هەموو ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە، ئەم تاوانەیان دەرحەق بە گەلی کرد ئەنجام داوەو ئاماژەی بە ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهاباد، کوشتاری قارنێو قەڵاتان، بێ‌سەروشوێن‌کردنی هەشت هەزار بارزانی، ئەنفالو کوشتنی بە کۆمەڵی خەڵکی باشووری کوردستانو کوشتاری ڕۆبۆسکیو دێرسیمی خەڵکی باکووری کوردستانو کوشتاری بێبەزەیی‌یانەی کوردی ڕۆژئاوا کرد. کۆڕگێڕ لە قسەکانی‌دا کوردستانی بە یەک پارچە لە وڵاتی کوردان لە قەڵەم داو پێی وا بوو کە مێژووی کورد گرێ‌دراوی یەکەو دەبێ هەموومان بە یەکەوە بۆ لەقاودانو مەحکووم‌کردنی ئەو تاوانانە تێ‌بکۆشینو یەکگرتووانە خەبات بکەین بۆ ئەستاندنی مافی ڕەوای گەلەکەمانو بە جینۆسایدناساندنی ئەو تاوانانەی بەرامبەر کورد کراون.

ئەو کۆنفڕانسە بە بەشداریی چالاکانەی بەشداربووان کۆتایی پێ‌هات.

پێویستە بگوترێ کە هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی سۆهەیلا قادری، ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندیی حیزب لەو کۆنفڕانسەدا بەشدار بوو.

# کۆبوونەوەی کومیتەی ئەڵمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتیو هەڵسووڕی سیاسی



کومیتەی ئەڵمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداریی ژمارەیەک ڕووناکبیرو ڕۆژنامەنووسو کۆمەڵێک کەسایەتیو هەڵسووڕی سیاسی کۆبوونەوەیەکی بۆ تاوتوێی پرسی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێران پێک هێنا.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە ڕۆژی شەممە، ١٤ ی بانەمەڕ بەڕێوەچوو، دوای بەخێرهێنانی میوانەکان لەلایەن سوڵتان گولاوی، بەرپرسی کۆمیتەی ئەڵمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، خالید حەسەن‌پور، ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی لە سەر مەبەستو ئامانجی کۆبوونەوەکە، کە خۆی لە دوو تەوەری هەڵبژاردنی سەرکۆماریو کاری هاوبەش لەگەڵ چالاکانی سیاسی‌دا دەدیتەو، بۆ بەشداران دوا . خالید حەسەن‌پوور ئاماژەی بە سیاسەتی حیزب لەبارەی ڕاوێژو گفتگۆ لەگەڵ چالاکانانو تەنانەت جیابیرانی سیاسی، سەبارەت بە پرسە گرنگەکان کردو جەختی لەسەر درێژەدان بە کاری هابەش سەرەڕای بوونی جیاوازیی بیرو بۆچوون کردەوە .....

دوابەدوای قسەکانی خالید حەسەن‌پوور هەر کام لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە سەرنجو بیروبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە هەڵبژاردنی دەورەی یازدەهەمی سەرکۆماری لە ئێران هێنایە بەر باسو زۆربەی بەشداران لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی‌دا بۆ خەڵک هیچ مانایەکی نیە، بەڵکوو زیاتر بۆ لایەنەکانی نێو بازنەی دەسەڵات گرنگەو شوێنەواری لەسەر توندوتیژ بوونی کێشەی نێوان دەستەبەندی‌یەکان دەبێ .

بەشدارانی کۆبوونەوەکە لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە هێزەسیاسی‌یەکان پێویستە لەپێوندی لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌دا، نە ئەوەندە وەدوای خەڵک کەون کە ببنە پۆپۆلیستو نە ئەوەندە دوورەپەرێز بن کە لە ڕەوتی ڕووداوە سیاسی‌یەکان بەجێ بمێنن. لەو پێوەندی‌یەدا زۆربەی بەشداران لە سەر ئەوە کۆک بوون کە پێویستە هێزە سیاسی‌یەکان لە گەمەی پێش هەڵبژاردنەکان‌دا بەشدار بنو بە کەڵکوەرگرتن لە کەشو هەوای هەڵبژاردنو کەلەبەرەکان، کەلێنی زیاتر بخەنە نێو دەسەڵاتەوە.

بەشێکی دیکەش لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە هەڵبژاردنی ئەم دەورەیە بە سەرنجدان بەوە کە هیچ کرانەویەکی پێوە دیار نیەو لە ژێر کەش‌وهەوای سیاسیی هەڵبژادنەکەی دەورەی پێشوودایە، پێویستە لەلایەن هێزەکانەوە تەحریم بکرێ.

لەو کۆبوونەوەیەدا جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە پێویستە هێزە سیاسی‌یەکان بە یەک سیاسەتو هەڵوێستی هاوبەشەوە بەرەوڕووی هەڵبژاردنی سەرکۆماری ببنەوەو هەرسیاسەتێکی دەیگرنە بەر، ئەکتیوو شوێندانەر بێ .

شایانی باسە لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا بەشداران، پرس‌وڕاو ڕاوێژکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بە ئەرێنی باس کردو هیوایان خواست ئەو جۆرە کۆبوونەوانە درێژەیان هەبێ.

# کۆبوونەوەی میدیاکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەشکەوتی جاسەنە بۆ پشتیوانی لە برایانی گیراوی کوردپوور



کۆمەڵێک لە میدیاکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەشکەوتی جاسەنە کۆبوونەوەیەکیان بۆ پشتیوانی لە مەسعوودو خوسرەو کوردپوور، دوو برای ڕۆژنامەنووس‌و چالاکی مافی مرۆڤ پێک هێنا.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە ڕۆژی هەینی، ٢٠ ی بانەمەڕ لە ئەشکەوتی «جاسەنە»، لەو شوێنە کە لە سەردەمی شێخ مەحموودی نەمردا یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی بانگی حەقی لێ چاپکرا، بەڕێوەچوو، میدیاکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشتیوانیی خۆیان لە دوو ڕۆژنامەنووس‌و چالاکی مافی مرۆڤ، خوسرەوو مەسعود کوردپوور ڕاگەیاند کە ماوەی دوو مانگە لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەهابادەوە دەستبەسەر کراون.

ئەم کۆبوونەوەیە بە ساتێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی قەڵەم‌و هەموو شەهیدانی کوردستان دەستی پێ‌کردو پاشان سوهەیلا قادری، یەکێک لە بەڕێوەبەرانی کۆبونەوەکە وتارێکی پێشکەش کردو دواتر پەیامی بنەماڵەی هەردوو ڕۆژنامەنووسی بەندکراو لە لایەن خالید محەمەدزادەوە خوێندرایەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا پەیامی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن پێشەوا عەلیپوورەوە خوێندرایەوە.

لە بەشێکی ئەو پەیامەدا بە ئاماژە بە دەسبەسەرکران‌و ناڕوونیی چارەنووسی مەسعوودو خوسرەو کوردپوور لە دوو مانگ لەوە پێش هاتبوو کە زیندانی‌کرانی ئەم دوو چالاکە کوردەی بواری میدیاو مافی مرۆڤ لە درێژەی ئەو کەشە ئەمنییەتی‌یەدایە کە بەردەوام باڵی بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا کێشاوەو بە تایبەت لە بەرەبەری هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌دا چۆتە قۆناخێکی توندترەوە.

لەو پەیامەدا هاتبوو کە ئامانجی دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لە بەندکردنی ئەم دوو تێکۆشەرەی بواری میدیاو مافی مرۆڤ‌و تێکۆشەرانی دیکەی ئەم بوارانە لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بریتی‌یە لە زاڵکردنی هەرچی زیاتری کەشی ئەمنییەتی‌و بەرتەسک‌کردنەوەی دەرەتانی بڵاوبوونەوەی زانیاری لەسەر پێشێلکاری‌یەکانی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان وێڕای مەحکووم‌کردنی لە بەندداڕاگرتنی برایانی کوردپوور هیوادارە هەوڵەکان بۆ ئازادبوونی ئەم دوو ڕۆژنامەنووس‌و چالاکەی بواری مافی مرۆڤ بە ئاکام بگاو تێکۆشەرانی بوارەکانی میدیاو مافی مرۆڤ بە هەوڵو ماندووبوونی زیاتر ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەندکردنی ئەوان مایەپووچ بکەنەوە.

لە درێژەی ئەو کۆبوونەوەیەدا پەیامی کۆمەڵێک لە چالاکانی خوێندکاریی مەریوان، ڕێکخراوەکانی ئاسۆی ژن، ناوەندی لاوانی پێشڕەو ، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەنجومەنی ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ناوەندی ڕاگەیاندنی کۆمەڵە، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، پەیامی ئاژانسی هەواڵی موکریان‌و «پاک» خوێندرانەوە.

# تەمەنی سیگارکێشان لە ئێران گەیشتۆتە ١٢ ساڵ



سکرتێری ناوەندی بەگژاچوونەوەی کێشانی سیگارو دوخانیات وێڕای ڕاگەیاندنی دوایین ئاماری بەکارهێنان، کێشانی سیگار لە ئێران کارکردی لاوازو خەمساردیی هەندێ لە ناوەندە حکومیو دەوڵەتییەکانی دایە بەر ڕەخنە.

محەمە درەزا مەسجیدی، لە کۆنفڕانسێکی خەبەری کە بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیو حەوتووی «بێ سیگارو قلیان» گیرابوو، ڕایگەیاند کە چەند ساڵ لەمەوبەر نێونجی تەمەنی ئەو کەسانەی سیگاریان دەکێشا، لە نێوان ١٤ هەتا ١٦ ساڵ بوو، بەڵام ئێستا دا ئەو تەمەنە گەیشتۆتە ١٢ ساڵو هەروەها بەکارهێنانی قێلیان لە نێو کچان دا سەدا ٢٠ زیادی کردوە.

ناوبراو ئەوەشی ڕاگەیاند کە ساڵانە ٦٥ میلیارد سیگار لە ئێران دەکێشرێ، کە ٢٥ میلیارد دەنکی لە نێوخۆی وڵات دروست دەکرێو، ساڵانە ٢٠ تا ٢٥ میلیارد سیگاریش بە ڕەسمی لە دەرەوە هاوردە دەکرێ و ١٥ تا ٢٥ میلیارد دەنکیش بە قاچاخ دێتە نێوخۆی وڵاتەوە.

مەسجدی ئەوەشی گوت کە لە ڕۆژدا لە ئێران ١٠ میلیارد تمەن تەرخانی کێشانی سیگار دەکرێ، ئەوە لە حاڵێک دایە کە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ڕایگەیاندوە لە هەر وڵاتێک خەڵکەکەی دووهێندەی پارەی کڕینی سیگار دەبێ بدرێ بە داو دەرمانی ئەو نەخۆشییەیانەی کە بەهۆی بەکارهێنانی سیگارەوە تووشیان دەبن.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانی‌دا گوتی نابێ هەر کەس لە هەر شوێنێک دەستی کەوت سیگار بکێشێو دەبێ ئەو کارە لە شوێنە گشتییەکان، قوتابخانەکان، نەخۆشخانەکان، یاریگەکان، خواردنگەو سینەماکان بە تەواوی قەدەغە بکرێ.

# ١٠ میلیون کەس لە خەڵکی ئێران بەهۆی گرانیی دەواو دەرمان دەکەونە ژێر هێڵی هەژاریی



سەرۆکی کۆمیسیۆنی بێهداشت و دەرمانی مەجلیسی ئێران دەڵێ ١٠ میلیۆن کەس لە خەڵکی ئێران بە تێچووی قوورسی دەواو دەرمان لە ئێستادا دەکەونە ژێر هێڵی هەژاری.

حوسێنعەلی شەهریاری، سەرۆکی کۆمیسیۆنی بێهداشت و دەرمانی مەجلیسی ئێران وێڕای ئاماژە بەوەی کە ٧٠٠ میلیارد تمەن وەک پشکی لقی سڵامەت لە بوودجەی گشتیی وڵات زۆر کەمە، گوتی: لە مادەی ٩٠ ی قانوونی بەرنامەی پەرەپێدانی چوارەم‌دا هاتووە کە ژمارەی ئەم کەسانەی کە بەهۆی تێچووی دەواو دەرمان دەکەونە ژێر هێڵی هەژاری دەبێ لە سەدا ٣ بۆ سەدا یەک لە کەمی بدا، بەڵام ئێستا ئەو ڕێژەیە بۆ سەدا ١٤ لەزۆری داوەو بە واتایەکی دیکە زیاتر لە ١٠ میلیۆن کەسی دیکەش دەکەونە ژێر هێڵی هەژاریو ئەوەش نیشانەی کارەساتێکی ئینسانی‌یە.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانی‌دا ڕای‌گەیاند: ئەمساڵ ڕێژەی داهاتی تایبەتیی دەوڵەت لە هەموو وەزارەتخانەکان بڕی ٢٥ هەزار میلیارد تمەن پێشبینی کراوە کە بە داخەوە نیزیکەی ٨ هەزار میلیارد تمەن لەوە لە داهاتی وەزارەتی بێهداشت وەردەگیرێ.

شەهریاری وێڕای ئاماژە بە سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد گوتی: « لە ماوەی ٨ ساڵ سەرۆک کۆماریی ناوبراودا نزیکەی ٣٥ هەزار تەخت بە تەختی نەخۆشخانەکان زیاد کراون، بەڵام هیچ بوودجەیەکیان بۆ دیاری نەکراوەو لەو بارەوە ڕایانگەیاند کە بە پێچەوانەی قانوونی پەرەپێدانی چوارەم و پێنجەم کە پێشبینی کرابوو سەدا ٣٠ تێچووی چارەسەری لە سەر حیسابی خەڵک بێ، بەڵام ئێستا بە دڵنیاییەوە خەڵک سەدا ٧٠ ی ئەو تێچوویە دەدەن.

ئەم نوێنەرەی مەجلیس دەڵێ کاربەدەستانی پایەبەرزی وڵات کە کێشەی دەرمان و چارەسەری‌یان نیە، ئاگایان لە دەردی خەڵک نیەو تا ئەم کاتەی کە ئەم هەڵاواردنە هەبێ، کێشەکان وەک خۆیان دەمێننەوەو لەو بێ‌عەداڵەتیەدا خەڵکی ئاسایی لێی دەقەومێو زیانی پێ‌دەگا.

**حەسەن قادرزادە: هەرچەند بەستێنی خەباتی چەکداری لەو قۆناغەدا ئامادە نەبوو، چونکە شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان (کە بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بە پشتی جەبهە دادەنرا) لە دژی ڕێژیمی بەعس بە قۆناغێکی زۆر سەختو ئەستەمدا تێدەپەڕیو پیلانی دوژمنانی کوردیش بۆ کۆتایی‌هێنان بەم شۆڕشە لە حاڵی پەرەسەندندا بوو**

**ئاسۆی حەسەنزادە: پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستانو سەرکردایەتیی کورد لە باشوور ئەو ساڵە وەک دەرفەتێک بۆ پتەوکردنی ڕووحی نەتەوەییو پەرەپێدانی پێگەی نێودەوڵەتیی کورد بەکار بێننو ساڵی ٢٠١٤ بەفەرمی وەک «ساڵی هاوپێوەندیی نەتەوەیی کورد» یان «ساڵی کوردستان» ڕابگەیەنن**

# جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٧-١٣٤٦ ی هەتاوی

## تروسکایی ئومیدێک پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان

حەسەن قادرزادە

ئەگەر ئاوڕێکی خێرا لە خەباتو تیکۆشانی ڕۆڵە نیشتمانپەروەرو خەباتگێڕەکانی گەلەکەمان بدەینەوە. دەبینین کە بە درێژایی مێژوو بۆ وەدەستهێنانی مافەڕەواکانی گەل گیانیان کردۆتە قەڵغانی گوللەو لەو پێناوەدا بوونە قوربانیو تامی زیندانو ئەشکنجەو دەربەدەرییان چێشتوە.

شەڕی دووهەمی جیهانیو ئەو ڕووداوانەی لە ئاکامی ئەو شەڕەدا هاتنە ئاراوە، ئێرانو کوردستانو وڵاتانی دەوروبەریان خستە ژێرکاریگەریی خۆیانەوە. ئێران لە سێ لاوە کەوتە ژێر کۆنترۆلی وڵاتانی هاوپەیمان. هێزەکانی ڕێژیمی پەهلەوی لە هەموو لایەکەوە دەستیان شۆڕ کردەوەو تەسلیم بوون. لە بەشێکی کوردستان بۆشایی‌یەکی دەسەڵات پەیدا بوو،و کەشو هەوایەک هاتە ئاراوە کە ڕۆڵە وشیارو پێشڕەوەکانی کورد بۆ وەدی‌هێنانی ئاواتە نەتەوایەتی‌یە لەمێژینەکانیان کەلکیان لێوەرگرتو بانگی مافخوازیی کوردیان بە گوێی جیهانی‌یان ڕاگەیاند.

ئەوە بوو کەلە ئاکامی خەمخۆریو پەرۆشیی ئەویندارانی نیشتمان‌دا داری ئاوات هاتە سەربەرو سەرەنجام لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی سالی ١٣٢٤ی هەتاوی‌دا لە چوارچرای شاری مەهاباد بە بەشداریی نوێنەرانی زۆربەی چینو توێژەکانی خەڵکی ئەم بەشە و بەشەکانی دیکەی کوردستان لە لایەن پیشەوا قازی محەممەدو هاورێکانیەوە کۆماری کوردستان ڕاگەیەندرا. لە ماوەی کەمتر لە ساڵێک دەسەڵاتی ئەم کۆمارە ساوایەدا زۆر دەسکەوتی گرنگ بە نسیبی خەڵکی کوردستان بوون کە تائیستاش شانازییان پێوە دەکرێ. بەڵام بەداخەوە دوژمنانی گەل کە چاوی دیتنی ئەم دەسەڵاتە کوردی‌یەیان نەبوو بە پیلانو پشتیوانی دەرەکی هێرشیان کردە سەر کۆماری کوردستانو کۆتایی‌یان بەو دەسەڵاتە هێنا.

ڕووداوەکانی پاش ڕووخانی کۆمار و هەلومەرجی نالەباری ئەو کاتی کوردستان کە بۆ تیکوشەرانو ئەندامانو لایەنگرانی حیزب خوڵقا بوو، بەشێکی زۆر لەوانی ئاوارەی هەندەران کردو بەشێکیان گیرانو لە سێدارە دران. بەڵام دەربەدەریو زیندانو سێدارە، ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمانی چاوترسێن نەکرد، بەڵکوو سوورتر لە جاران لە پێناو گەیشتن بە ئاواتو ئامانجەکانی کۆماردا قۆلی هیممەتیان هەڵماڵیو کەوتنە خۆڕێکخستنو ئامادەسازی بۆ بووژاندنەوەی بزووتنەوەو خۆئامادەکردن بۆ دەرفەتێکی دیکە.

بەشێک لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ تێپەڕین لە ئاکامە زیانبارەکانی دووبەرەکیو ململانێی نێوان تەیفو باڵەکانی حیزب، کومیتە شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراند.

هەرچەند بەستێنی خەباتی چەکداری لەو قۆناغەدا ئامادە نەبوو، چونکە شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان (کە بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بە پشتی جەبهە دادەنرا) لە دژی ڕێژیمی بەعس بە قۆناغێکی زۆر سەختو ئەستەمدا تێدەپەڕیو پیلانی دوژمنانی کوردیش بۆ کۆتایی‌هێنان بەم شۆڕشە لە حاڵی پەرەسەندن‌دا بوو. پەیوەندی‌یەکانی شۆڕشی کوردی باشوور لەگەڵ ڕێژیمی ئێران وای کردبوو مەجال بۆ خەباتێکی کاریگەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەرەخسێو بەربەستو کۆسپی بخرێتە بەردەم.

کێشە نێوخۆیی‌یەکانی حیزبیش هەروا بەردەوام بوون،و دابەش‌بوونی تێکۆشەرانی دیموکرات بەسەر دوو فکری جیاوازدا لە حاڵی پەرەساندن‌دا بوو،و گیروگرفتەکان زیاترو قووڵتر دەبوونەوە. بەشێک لەو بڕوایەدا بوون کە لە هەلومەرجی ئەو کاتدا پێویستە بۆپشتگیریی شۆڕشی باشووری کوردستان هیچ جموجۆڵێک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبێ، بەشەکەی دیکەش هەر لەو بڕوایەدا بوون بەڵام لەبەرئەوەی هیچ مەجالێکی مانەوەو حاوانەوە لە باشووری کورستانیان بۆ نەمابۆوە ناچار بوون مل بەبڕیارێک بدەن کە ئاکامەکەی زۆر ڕوونو دیار نەبوو. ئەویش گەڕانەوە بۆ نێوخۆی وڵات بوو بەمەبەستی وریاکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکو ئامادە کردنیان بۆ خەباتێکی ڕزگاریخوازانە. سروشتی بوو کە بۆ گەیاندنی ئەم پەیامەو بۆ پارێزگاری لە خۆیان ناچار بوون چەکدارانە بگەڕێنەوە وڵات. هەر بەم جۆرە گەرای خەباتێکی چەکدارانە لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٤٦دا سەری هەڵدا کە ماوەی ١٨ مانگ درێژەی کێشاو لە پاییزی ساڵی ١٣٤٧دا کۆتایی هات.

خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٧-٤٦ی هەتاوی کە بە سەرپەرستیی بژاردەگەلێکی دیارو ناسراوو شۆڕشگێڕی وەک سولەیمان موعینی، سمایل شەریفزادە، مەلا ئاوارە، قادر شەریف، نەحۆ پاشاییو دەیان تێکۆشەری دیکە سەری هەڵدا، بەرهەمی هەلومەرجێکی نالەبارو نەگونجاو لە ئاستی ناوچەکەدا بوو. ئەم خەباتە بە دەستپێکی حەرەکەتێکی پێشمەرگانەو حوزوور لە ناوچەکانی بانە، سەرەشت، مەهابادو پیرانشار بە گەشانەوەی پشکۆیەک ئاگرێکی گەورەی کردەوەو لەو هەلومەرجەدا گۆمی ئارامی دەسەڵاتی پاشایەتیی شڵەقاندو دەسەڵاتدارانو بە کرێگیراوانی ڕێژیمی پاشایەتیی لە خەوی ئارام ڕاچڵەکاند. لەماوەی چەند مانگ خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٧-١٣٤٦ی هەتاوی‌دا چەندجار شەڕو بەرەنگاری لە نێوان پێشمەرگەکانو ژاندارمو بە کرێگیراوانی ڕێژیمی پەهلەوی‌دا هاتە ئاراوە، شەڕە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەم بریتی بوون لە شەڕی دارێنە، هۆمڵ، سەرشیو، سپی‌سەنگ، قالوێ، چیای نستان و چەندین قارەمانەتیی کە دیکە بە داخەوە لەواندا بەشێکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی دیموکرات گیانیان بەخت کرد. بەشێک لەو شەهیدانە بریتی بوون لە مەلا ئاوارە، عەبدوڵڵاموعینی، سمایل شەریفزادە، مینە شەم، حسێن خاتوون، حاجی پاراستان، قادر شەریف، باپیر شکاک و ....... ئەمانە چەند ئەستێرەیەکی پڕشنگداری ئاسمانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی ئەم قۆناغە بوون کە هەتاهەتایە لە مێژووی سەروەریی گەلەکەمان دا دەدرەوشێنەوە.

شەهیدبوونی سەرکردەکانی ئەم جووڵانەوەیە زەبرێکی قورس بوو کە وەجەستەی جووڵانەوەکەو قەوارەی حیزب کەوت. بەم جۆرە ئەم لاپەڕە لەمێژووی خەباتی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی دیموکرات کۆتایی هات. بەڵام یادو ناویان بۆ هەمیشە لە دڵی خەباتگێڕانی دێموکڕاتو دڵسۆزانی بزووتنەوەی کورددا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

**بەرزو بەڕێز بێ یادی شەهیدە سەربەرزەکانی ساڵەکانی ٤٧-١٣٤٦و ڕێگەیان پڕڕێبوار بێ.**

# بەرەو ٥٠٠ ساڵەی دابەشبوونی کوردستان

ئاسۆی حەسەن زادە

ساڵی داهاتوو، واتە ٢٠١٤، ٥٠٠ ساڵی تەواو بەسەر شەڕی چاڵدران (١٥١٤)دا تێدەپەڕێ کە بە سەرەتای ڕەوتی پارچەپارچەبوونی خاکو نیشتمانی نەتەوەی کورد لە قەڵەم دەدرێ. ئەو ڕووداوە دەسپێکی مێژووی پڕ لە زوڵمو‌زۆرو ناعەدالەتی دەرهەق بە گەلەکەمانو هەرلەوکاتەدا سەرفەسڵی هۆشیاریو بزاوتی ئازادی‌خوازانەی ڕۆڵەکانی ئەو گەلەیە. بەڵام لەگەڵ هەموو گرنگی‌یەک کە ئەو ڕووداوە هەیەتی، بەداخەوە نە لە نێو کوردان‌دا بەو جۆرە کە پێویستە سەرنجی پێ دراوەو نە بێگانەکانیش بە دروستی پێی ئاشنان.

لەو هەلومەرجە هەم لەبارو هەم هەستیارەدا کە گەلەکەمان لە باشووری کوردستانی تێدایە، پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستانو سەرکردایەتیی کورد لە باشوور ئەو ساڵە وەک دەرفەتێک بۆ پتەوکردنی ڕووحی نەتەوەییو پەرەپێدانی پێگەی نێودەوڵەتیی کورد بەکار بێننو ساڵی ٢٠١٤ بەفەرمی وەک «ساڵی هاوپێوەندیی نەتەوەیی کورد» یان «ساڵی کوردستان» ڕابگەیەنن. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە لیژنەیەکی ئامادەکار بە بەشداریی نوێنەری دامودەزگا سیاسی‌یەکانی حکوومەتی هەرێمو کۆمەڵێک کەسایەتیی دەستەبژێر لە مێژووناسو سیاسەتمەدارو فەرهەنگی‌یانی پارچەکانی دیکەی کوردستان دابمەزرێ بە مەبەستی ڕێکخستنو بەڕێوەبردنی زنجیرەیەک کارو چالاکیی بەربڵاوو فرەچەشن لە ئاستی نێوخۆییو نێونەتەوەیی‌دا کە بە درێژایی حەوتوو و مانگەکانی ئەو ساڵە بەڕێوە بچن.

ئامانجەکانی هەنگاوێکی لەم جۆرە ڕوونو ئاشکران. مەبەستی سەرەکیی ئەم پرۆژەیە لە ئاستی نێوخۆیی‌دا، دەوڵەمەندکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی، ساغکردنەوەو دابێژتنی ناسنامەی نەتەوەییو پتەوترکردنی هەستی هاوپێوەندیی نێوان کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان وەک تاکەکانی ئەندامی نەتەوەیەکی یەکگرتوو و جیانەکراوە لهیەکترە.

ئەم بیرەوەری‌یە دەتوانێ ببێتە دەرفەتێک بەمەبەستی ئاشناکردنی هەرچی زیاتری ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بەتایبەتی نەوەی نوێو گەنجان بە مێژووی نەتەوەکەیانو وردبوونەوە لە گرنگترین بڕگەکانی ئەو مێژووەو ساغکردنەوەی ئەو ئەزموونانەی پێویستە لێی وەربگیرێن.

لە سەردەمێکیش‌دا کە بەخۆشی‌یەوە کۆمەڵێک هەوڵو هەنگاو لەچوارچێوەی پەرەپێدانی کەسایەتیی نەتەوەیی هاوبەشی هەموو کورددا (بۆ نموونە بەستنی کۆنفڕانسی نەتەوەیی) لەئارادان، ئەم بیرەوەری‌یە هەلێکی زێڕینە بۆ کارکردنی وردتر لەسەر گوتاری هاوبەشی نەتەوەیی سەرکردایەتیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانو دانانی مێکانیزمی بەکردەوەی بردنەپێشی ئەم گوتارە لە هەموو ئاستەکان‌دا.

لە ئاستی دەرەکیش‌دا، ئامانجی ئەم پرۆژەیە خۆنیشاندانو خۆناساندنەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی زوڵملێکراو بەڕووی جیهانی دەوروبەرو دەرەوەی خۆی‌داو کەڵکوەرگرتنی کورد لەو دەرفەتە ڕەمزی‌یە بۆ ڕاکێشانی سەرنجو پشتیوانیی کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان بۆ لای دۆزە ڕەواکەی لە تەواوەتیی خۆی‌دایە.



ڕێکارو ئامرازەکانی جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە دەتوانێ زۆر بوارو بابەت بگرێتەوە. لە ئاستی نێوخۆیی‌دا، بەڕێوەبردنی فۆرۆم (کۆڕبەند)ی بژاردە سیاسی‌یەکانی هەموو کوردستان بەمەبەستی ڕێکخستنو قووڵکردنەوەی هەماهەنگیی سیاسیی نێوان کوردەکان؛ ڕێکخستنی چەندین کۆڕو کۆبوونەوەو کۆنفڕانسی زانستی بە بەشداریی مێژووناسانی کوردو کوردۆلۆگە بیانی‌یەکان بۆ توێژینەوەو گفتگۆ لەسەر بڕگە جۆربەجۆرەکانی مێژووی کورد بەپێی ئاجێندایەکی زەمەنیی گونجاو لەگەڵ کاتی ڕوودانی ڕووداوەکانو چاپکردنی بەرهەمی ئەو هەوڵانە؛ بەڕێوەبردنی چەندین فێستیڤاڵو پێشبڕکێی بەرینی کەلتووری بۆ خستنەڕووی هونەرو ئەدەبو کەلەپووری بەشە جۆربەجۆرەکانی کوردستان؛ دانانی مێکانیزمێک بۆ هاندانی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ ئەوەی لە چەندین بڕگەی ساڵی ٢٠١٤ دا بە مەبەستی یادکردنەوەی قۆناغو ڕووداوە گرنگەکانی مێژووی کورد بەشێوەی هاوکات بێنە سەر شەقامو بە خۆپێشاندانو چالاکیی هێمنانەو ئاشتی‌خوازانە هاوپێوەندیی نێوان کوردان نیشان بدەنو سەرنجی دەوڵەتان بۆ لای داوا ڕەواکانی گەلی کورد ڕابکێشن؛ هاندانی بژاردەو ڕووناکبیرانی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان (لە نێوەوەو دەرەوەی وڵات) بۆ هاوکاریو هاموشۆی یەکتر لە چوارچێوەی چالاکی‌یەکانی ئەو ساڵەدا؛ ڕەنگوڕووبەخشین بە هەموو کارو چالاکی‌یەکانی دیکەی حکوومەتی هەرێم لەو ساڵەدا لەبەر ڕۆشنایی ماناو پەیامی ئەو یادەوەری‌یەداو ... زۆر دەسپێشخەریی دیکە نموونەی ئەم ڕێکارو ئامرازانەن.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئاستی دەرەوە، هەنگاوەکان دەتوانن بریتی بن لە پێکهێنانی وەفدێکی هاوبەشی کوردی پێکهاتوو لە نوێنەرانی بژاردە سیاسیو فەرهەنگی‌یەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان بۆ ئەوەی بە درێژایی ئەو ساڵە کۆڕو کۆبوونەوە لە وڵاتانی دەرەوە ڕێک بخاو دیدارو چاوپێکەوتن لەگەڵ سیاسەتمەدارانو ناوەندە بڕیاردەرە نێودەوڵەتی‌یەکان ئەنجام بدا؛ لۆبیگەری بۆ ئەوەی لەو دەرفەتەدا دەوڵەتانی دۆستی کوردو کەسایەتی‌یە بیانیو ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکان بەتایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان - ئەگەر بە شێوەی سەمبولیکیش بێت- دان بەو ناعەدالەتیو غەدرانەدا بێنن کە دەرهەق بە گەلی کورد کراونو پشتیوانیو سەمپاتیی خۆیان بۆ ویستە ڕەواکانی ئەو گەلە دەرببڕن؛ بە مێدیایی‌کردنی سەرجەم ئەو کارو چالاکی‌یانەو رووماڵکردنو خستنەبەرباسیان لەنێو مێدیاکانی ناوچەو جیهان‌دا، و ... هتد.

بێگومان پرۆژەیەکی لەم چەشنە لەحاڵەتێکدا کە بڕیاری لەسەر بدرێ، هەم پێویستیی بە بەرنامەڕێژیو وزەو هەوڵی چڕوپڕ هەیەو هەم لەسەر ئاستی سیاسیی نێوخۆییو دەرەکی‌دوور نیە تەگەرەی بخرێتە ڕێ. بەڵام ئەگەر مەسیری مێژوویی مەوجوودییەتی کوردو خەباتی ئازادی‌خوازانەی ئەو گەلەمان لە درێژخایەن‌دا لەبەرچاو بێ، جێی خۆیەتی پێنج سەت ساڵەی دابەش‌بوونی کوردستان وەک هەلێک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕوانینی خۆماڵی بۆ پرسی کوردو گەشەپێدانی متمانەبەخۆبوونو یەکگرتوویی نەتەوەییو سەرەنجام شوێن‌دانان لەسەر ڕوانگەی جیهانی دەرەوە بۆ مەسەلەی کورد بەکار بەرین.

عومەر باڵەکی: شووڕای نیگابان پارێزەری ڕاستەقینەی ڕێبەرو دامودەزگاکانی ڕێبەرەو ئەوی لە خەتی ڕێبەردا نەبێ لە تەتەڵەی شووڕای نیگابان دەرناچێ‌و تەنانەت ئەگەر کەسێک یان کەسانێکیش کە لە خۆیان نەبن تەئییدی سەلاحییەت بکرێن بۆ ڕاگرتنی وەزعەکە لە کاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن‌دا دیسان ئەوە شووڕای نیگابانە کە دەزانێ کێ سەر لە سندووقەکانی دەنگدان دێنێتە دەر

مستەفا مەعروفی: دەسەڵات‌و دەستڕۆیشتوویی ڕەفسەنجانی لە تانوپۆی ڕێژیم‌دا لە لایەکو لێهاتوویی‌و کارزانی لە فێڵوتەڵەکەدا شتێک نەبوون کە خامەنەیی ڕێبەری ڕێژیم‌و دامودەزگاکانی دەوروبەری نیگەران نەکا. ڕادەی واقعیی کێشەو ڕقەبەرایەتیی نێوان هاشمی‌و خامەنەیی ئەو بەشە لە کێوە سەهۆڵەکەیە کە لە ئاوێ‌دایە

# شووڕای نیگابان‌و چاوەدێریی ئیستیسوابی «استصوابی»



عومەر باڵەکی

هەرکاتێک لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا باس لە هەڵبژاردن دێتە ئاراوە، ناوی شووڕای نیگابانیش دەکەوێتە نێو باسی هەڵبژاردن. بەو مانایە هیچ هەڵبژاردنێکی نوێنەر یانن نوێنەرانی خەڵک، بێ شووڕای نیگابان بەڕێوە ناچێ. هەرچەند بە پێێ قانوون ئەرکی ئامادەکردن‌و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن لە ئەستۆی وەزارەتی نێوخۆیە، بەڵام ئەوەی بڕیار دەداو چاوەدێریی ڕاستەوخۆ بەسەر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن‌دا دەکا وەزارەتی نێوخۆ «کشور» نیە بەڵکوو شووڕای نیگابانە.

بەپێێ مادەی ٩١ی قانوونی بنەڕەتیی ئێران، شووڕای نیگابان لە ١٢ ئەندام پێک دێ کە شەش کەسیان ڕاستەوخۆ لە لایەن ڕێبەرەوە هەڵدەبژێردرێن‌و شەش کەسی دیکەشیان لە لایەن ڕەئیسی قوەی قەزاییەوە کە خۆی دەستنێژی ڕێبەرە بۆ تەئییدکردنیان بە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی دەناسێندرێن.

شووڕای نیگابان بە پێی قانوونی بنەڕەتیی ئێران دەسەڵاتێکی بێ‌سنووری هەیەو ناچار نیە ڕاپۆرت بداتەوە ئۆرگانێکی حکوومەتی. لە مادەی٩٨ی قانوونی بنەڕەتیی ئێران‌دا هاتوە:

«شیکردنەوەو لێکدانەوەی قانوونی بنەڕەتی لە ئەستۆی شووڕای نیگابانە........».

مادام تەفسیری قانوونی بنەڕەتی لە ئەستۆی شووڕای نیگابان بێ زۆر سروشتی‌یە کە لێکدانەوەو شی‌کردنەوەی مادەکانی قانوونی بنەڕەتی لە چوارچێوەی بیرو ئەندیشەی ئەو ١٢ کەسە کە پێکهاتەی شووڕای نیگابانن دەرناچێ‌و هەرلەوکاتەدا ئەو تەفسیرو لێکدانەوانە لە بەرژەوەندی‌و مەسڵەحەتی ڕێبەردا دەبێ. بۆ نموونە لە مادەی ٩٩ی قانوونی بنەڕەتی‌دا باس لە چاوەدێریی ئیستیسوابی «است×وابی» نەکراوە بەڵام شووڕای نیگابان لە تەفسیری ئەو مادەیەدا «است×وابی» لە هەڵبژاردن‌دا وەک ئەرک بۆخۆی دەستنیشان کردوە تەنیا بەڵگەیان ئەوەیە کە لە کۆتایی مادەکەدا دەگوترێ «لە ئەستۆیەتی».

مادەی ٩٩: شووڕای نیگابان چاوەدێری بەسەر هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری، سەرکۆماری، مەجلیسی شووڕای ئیسلامی‌و گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵکو ڕاپرسیی لە ئەستۆیە«. ئێستا با بزانین چاوەدێریی ئیستیسوابی «استصوابی» چیە کە وا شووڕای نیگابان‌و دامودەزگاکانی سەر بە ڕێبەری بەو شێوەیە پشتگیریی دەکەن.

لە چاوەدێری «استطوابی»دا چاوەدێر مافی ئەوەی هەیە بە پێی تێگەیشتنێک کە خۆی لە ئەسڵی مەسەلەکەی هەیە بڕیاری لەسەر بداو بڕیارو قسەی چاوەدێری ئیستیسوابی قانوونەو لایەنەکانی مەسەلەکە بێ ئەم‌لاوئەولا دەبێ ڕەچاوی بڕیارەکە بکەن‌و هیچ دامودەزگایەکی دیکە نیە کە لە سکاڵای ئەو کەسانە بپرسێتەوە کە سەلاحییەتیان تەئیید نەکراوە. لە بەرانبەر چاوەدێریی ئیستیسوابی‌دا چاوەدێریی «استطلاعی» زانیاری‌خوازی هەیە کە چاوەدێر ئاکامی لێکدانەوەو تێگەیشتنی خۆی لە ئەسڵی مەسەلەکە دەداتەوە بەڕێوبەران‌و بەرپرسان کە مەئموورییەتیان پێ سپاردوە.

لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دێموکراتیک‌دا لە لایەن ئۆرگانێکی قانوونی‌یەوە چاوەدێری بەسەر هەڵبژاردن‌دا دەکرێ‌و بۆ ئەوانەی هەڵدەبژێرن‌و هەڵدەبژێردرێن بە پێی قانوون کۆمەڵێک خاڵ دیاری کراون،بۆ ئەوەی کە هەم ئەو کەسانەی وەک سەرکۆمارو نوێنەرانی پاڕلمان هەڵدەبژێردرێن لە بەڕێوەبردنی ئەرکی خۆیان‌دا سەرکەوتوو بن‌و هەم ماف‌و بەرژەوەندیی خەڵکیش پارێزراو بێ. بۆ ئەو مەبەستە ئۆرگانی چاوەدێر بەسەر هەڵبژاردن‌دا یان لەلایەن سەرکۆمارو پاڕلمان یان لە لایەن مەجلیسی سەناو پاڕلمانەوە دەستنیشان دەکرێن کە هەم سەرکۆمارو هەم نوێنەرانی پاڕلمان هەڵبژێردراوی ڕاستەوخۆی خەڵکن. لە وڵاتانی دێموکراتیک‌دا کە هەڵبژاردن بەڕێوەدەچێ بێجگەلە ئۆرگانی چاوەدێر، حیزبەکانیش بەشێکن لە پرۆسەی چاوەدێری بەسەر هەڵبژاردن‌دا، بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا ئەوە شووڕای نیگابانە کە ئەرکی چاوەدێری بەسەر هەڵبژاردنەکان‌دا بەڕێوە دەبا لە حاڵێک‌دا خۆی نە ڕاستەوخۆو نە ناڕاستەوخۆ هەڵبژێردراوی خەڵک نیەو لەجێ‌دا هەروەک پێشتر ئیشارەی پێ‌کرا لە لایەن ڕێبەری‌یەوە دیاری دەکرێ کە خودی ڕێبەر هەڵبژێردراوی ڕاستەوخۆی خەڵک نیە. هەر بۆیە لە بەرانبەر خەڵکیش‌دا خۆی بە وەڵامدەر نازانێ. بەڵام لە وڵاتانی دێموکراتیک‌دا سەرکۆمار وەکوو کەسی یەکەم لە بەڕێوەبردنی وڵات‌دا یان ئەندامانی پارلمان لە لایەن خەڵکەوە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو هەڵدەبژێردرێن‌ولە بەرامبەر خەڵکیش‌دا بەرپرسیارن. لە سیستمی کۆماری ئیسلامی‌دا هیچ کام لە ئەحزاب‌و کەسایەتی‌یەکان ناتوانن بە بڕیاری شووڕای نیگابان ناڕازی بن لە حاڵێک‌دا لە وڵاتانی دیموکراتیک‌دا ئەحزاب‌و کەسایەتی‌یەکان دەتوانن لە ڕێگای قانوونی‌یەوە ناڕەزایەتی دەربڕن‌و تەنانەت گەلێک جار پەنا دەبەن بۆ دەنگی لایەنگرانی خۆیان بێ ئەوە ترسیان لە گیران‌و زیندان‌و ئێعدام هەبێ.

هەرچەند پێشتر هەر لە هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی‌یەوە ئۆرگانێک بە ناوی شووڕای نیگابان بۆ چاوەدێری بەسەر هەلبژاردنەکان‌دا هەبوو بەڵام هەتا ساڵی ١٣٧٤سەبارەت بە چاوەدێریی ئیستیسوابی ئەو ئۆرگانە لە نێوان وەزارەتی نێوخو «کشور»و شووڕای نیگابان لەسەر ڕادەی سەلاحییەتەکان کێشە هەبووە بەڵام لەو ساڵەدا مەجلسی پێنجەم بڕیارێکی پەسند کرد کە شووڕای نیگابان مافی چاوەدێریی ئیستیسوابی هەیە مادام مافی چاوەدێریی ئیستیسوابیی هەیە ئەگەر وایە لە بەرامبەر هیچ ئۆرگانێک‌دا بەرپرسیارو وەڵامدەر نیەو بۆ بڕیارەکانی خۆی پێویستی بە بەڵگەو دەلیل نیەو ئەوە لە حاڵێک‌دایە کە ناڕازی‌یان لەوسەلاحیەت‌و مافە کە دراوە بە شووڕای نیگابان، بەڵگەو دلیل بە پاڵپشتی هێندێک مادە لە قانوونی بنەڕەتیی ئێران‌دا دێننەوە وەک ئەوە کە دەڵێ: «هەموو دامودەزگاکانی حکوومەت لە بەرامبەر خەلکو نوێنەرانی ئەوان‌دا دەبێ وڵامدەربن».

لەکوتایی‌دا ئەوەی ڕاستی بێ شووڕای نیگابان پارێزەری ڕاستەقینەی ڕێبەرو دامودەزگاکانی ڕێبەرەو ئەوی لە خەتی ڕێبەردا نەبێ لە تەتەڵەی شووڕای نیگابان دەرناچێ‌و تەنانەت ئەگەر کەسێک یان کەسانێکیش کە لە خۆیان نەبن تەئییدی سەلاحییەت بکرێن بۆ ڕاگرتنی وەزعەکە لە کاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن‌دا دیسان ئەوە شووڕای نیگابانە کە دەزانێ کێ سەر لە سندووقەکانی دەنگدان دێنێتە دەر چونکە بێجگە لە تەئیید یان ڕەدی سەلاحییەتی کاندیداکان سەلاحییەتی چاوەدێری بەسەر حەوزەکانی دەنگدان‌و ژماردنی دەنگەکانیشی‌دا هەیە. دەتوانین بەو شێوەیە ئاکام وەربگرین کە ڕێبەر لە ڕێگای چاوەدێریی ئیستیسوابیی شووڕای نیگابانەوە کۆنترۆڵی تەواوی بە سەر بەڕێوەبەریی ئۆرگانیزمی کۆماری ئیسلامی‌دا هەیە کە ئەو شێوەیە نا دیموکراتیکترین شێوەی ئیدارەکردنی وڵاتە.



# هاشمیی ڕەفسەنجانی‌و ئەگەرەکانی هەڵبژاردن



مستەفا مەعروفی

بە کاندیدبوونی هاشمیی ڕەفسەنجانی لایەنی سەرەکیی ڕقابەتی هەڵبژاردن روونە. ڕەقیبی هاشمی ئەگەر قورسایی ڕێبەری لە پشت نەبێ، نابێتە ڕەقیبێکی جیددی. هاشمیی ڕەفسەنجانی ئەو کەسەی لە سەردەمی ئایەتوڵڵا خومەینی یەکەم ڕێبەری کۆماری ئیسلامی‌دا هەمیشە کەسی دووەم بووە، لە سەردەمی عەلیی خامنەیی دووەم ڕێبەری کۆماری ئیسلامی‌دا ئێستا جێگەو پێگەی روون نیە.

لە زۆرکەس وابوو پاش مەرگی خومەینی، هاشمی جێی دەگرێتەوە،بەڵام وا دەرنەچوو، لە ساڵی ١٣٦٨ەوە تا ١٣٧٦ کرا بە سەرکۆمار. بەڵام دەسەڵاتی وی هەر بەوەندە نەدەبڕایەوە، چونکە هەر لەجێدا سەرکۆماری سەلاحیەتێکی ئەوتۆی نیەو سەرکۆماری جێگەیەکی تەسک بوو بۆ پیاوێکی وا بە دەسەڵات.

جگە لە پۆستی سەرکۆماری لە چەند ئۆرگان‌و دامەزراوی ڕەسمی‌و نهێنی‌دا دەمڕاست‌و دەستڕۆیشتوو بوو. ئەو جگە لەوەی وەزارەتی ئیتیلاعاتی کرد بە دۆزەخێک لە دژی نەیاران‌و جیابیران لەدەرەوەو لە نێوخۆدا، ئەندامی کۆمیتەی تیرۆریش بوو کە لە ڕێبەرو چەند بەرپرسی پلە یەکی ڕێژیم پێک هاتبوو و لە کاتی دادگای ناسراو بە میکۆنووس‌دا ئاشکرا بوو. وەزارەتی ئیتیلاعاتی سەربە کابینەکەی کە تەنانەت دوو ساڵیش پاش هاتنەسەرکاری محەممەدی خاتەمی درێژەی بە تیرۆریزمی نێوخۆیی‌و نێونەتەوەیی دەدا سەدان کەسی کردە ئامانجی کارە تیرۆریستی‌یەکانی لە دەرەوەی وڵات لە نێوخۆدا. ئەوانەی پێش لەوەی بە ڕیفۆرمخواز بناسرێن‌و پاشانیش کە وەک ڕێفۆرمخواز ناسران، تامی زەبروزەنگەکانی ڕەفسەنجانی‌یان چێشت. جگە لەمانەش بنەماڵەی ڕەفسەنجانی دەسەڵاتێکی زۆری ئابووری‌یان پەیدا کرد، تەنانەت دەستیان گەیشتە نێو کاروباری نەوتیش کە داهاتی سەرەکیی ئێرانە.

دەسەڵات‌و دەستڕۆیشتوویی ڕەفسەنجانی لە تانوپۆی ڕێژیم‌دا لە لایەکو لێهاتوویی‌و کارزانی لە فێڵوتەڵەکەدا شتێک نەبوون کە خامەنەیی ڕێبەری ڕێژیم‌و دامودەزگاکانی دەوروبەری نیگەران نەکا. ڕادەی واقعیی کێشەو ڕقەبەرایەتیی نێوان هاشمی‌و خامەنەیی ئەو بەشە لە کێوە سەهۆڵەکەیە کە لە ئاوێ‌دایە.

لە نۆیەمین دەورەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ساڵی ١٣٧٤دا کاتێک لە نێوان هاشمی‌و کەسێکی بێ‌ناوونیشانی وەک مەحموودی ئەحمەدی‌نەژاددا، ئەحمەدی نەژاد کرا بە سەرکۆمار، ئیدی کێشەکان ئاشکرا بوون.

هاشمیی ڕەفسەنجانی ئیدی لە لایەک کەوتبووە بەر ڕقو نەفرەتی خەڵکی ئازادیخوازو جیابیرو تەنانەت ڕێفۆرمخوازەکانیش، بە تایبەتی لەبەر ئەوەش کە هەم هاندەری سەرەکیی خومەینی بۆ فتوای قەتڵوعامی زیندانیانی سیاسی لە هاوینی ١٣٦٧دا بووو هەم بە شێوەیەکی ناجوانمێرانە شان‌بەشانی خامەنەیی فتوایەکەی بەڕێوە برد.

لە لایەکی دیکەش خامەنەیی مەیدانی دەسەڵات‌و مانۆڕی لێ تەسک کردەوە. منداڵەکانی نێوەنێوە دەگیران‌و موحاکەمە دەکران‌و دەستیان لە کاروباری دارایی کورت دەکرایەوە. لە مەجلیسی خیبرەگانیان نەهێشت‌و سەرەنجام تریبوونی نوێژی هەینی‌یان لێ قەدەغە کرد. لە بەرامبەر ئەمانەداو تەنانەت لە بەرامبەر بێحورمەتی‌و سووکایەتیی بەسیجە توندڕەوەکان بە فائیزەی کچی‌و چەند جار زیندانی‌کرانی کچەکەی‌و کوڕەکەی‌دا، هاشمی بە پارێزەوە ڕەفتاری کردوە، وەک بڵێی خۆی بۆهەل‌و دەرفەتێکی لەبار هەڵگرتوە تاکوو جیگەوپێگەی جارانی بەدەست بهێنێتەوەو تۆڵەی ئەو هەمووە سووکایەتی‌یانە بکاتەوە.

هەر بۆیە لە دوای ڕووداوی گیرانی میرحوسێنی مووسەوی‌و مەهدیی کەڕووبی وردەوردە لە دەرگای ریفۆڕمخوازەکانی داوە، ئەو ڕێفۆڕمخوازانە کە دەرگای دەسەڵاتیان لێ‌داخراوە بەڵام لە نێو خەڵکدا دەنگیان هەیە.


هاشمیی ڕەفەسەنجانی لەگەڵ دوو کۆسپی سەرەکی بەرەوڕوویە؛ یەکەم، هەرچەند پشتیوانیی شووڕای هاوئاهەنگیی ڕێفۆڕمخوازەکانی لەگەڵە، بەڵام دەبێ بتوانێ متمانەی خەڵکی ناڕازی‌و ڕێفۆڕمخوازانی دیکە بەدەست بێنێ کە زۆریان لەدەست هاشمی چێشتوە. دووەم، هاشمی جگە لەوە کە بۆخۆی نەیارو ڕەقیبی خامەنەیی‌یە، لەگەڵ ئەو ڕێفۆڕمخوازانە یەکی گرتوە کە خامەنەیی هەم لە پووشپەڕی ١٣٧٨داو هەم لە جۆزەردانی ١٣٨٨دا بە زەبری چەک شەقامەکانی پێ چۆل کردن‌و بە تەواوی لە دەسەڵاتی دوور خستنەوە.

لە هەڵسەنگاندنی ئەو ڕووداوانە بە سێ ئاکامی سەرەکی دەگەین: یەکەم، پشتیوانیی ڕێفۆڕمخوازەکان لە هاشمیی رفسەنجانی بە مانای شکست‌و مایەپووچبوونی بزووتنەوەی ڕێفۆڕمخوازی لە کۆماری ئیسلامی‌دایە. دووەم، ئەگەر پێش بە سەرکەوتنی رەفسەنجانی لەم هەڵبژاردنەدا بگیرێ ، چاوەڕوانیی قەیرانێکی وەک دەورەی پێشوو و تەنانەت قووڵتریش دەکرێ. سێیەم، ئەگەر رەفسەنجانی سەرکەوێ خامنەیی بەو دەسەڵاتە بەرین‌و بەر بڵاوەیەوە لەگەڵ کەسێک بەرەوڕوو دەبێ کە هەم لە دەسەڵات‌دا زێدەخوازەو هەم لە فێڵوتەڵەکەدا مامۆستاو شارەزایە، بۆیە بە پێچەوانەی جاران کە هەمیشە دوو قۆڵی بە هێزو لاواز لە بەرامبەر یەکدا بوون، ئەمجار دوو قۆڵی بەهێز دەکەونە بەرامبەر یەک.



**موختار نەقشبەندی: گەمارۆکانی ساڵانی ڕابردووی ئەمریکا لە دژی ئێران، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ سەنعەتی نەوتی ئێرانی لەگەڵ کێشەو گیروگرفت بەرەڕوو کردووە گەمارۆ نوێیەکانیش داهاتووی سەنعەتی نەوتیان تووشی گیروگرفتی زیاتر کردووە لەوانەیە لە داهاتوودا بەرهەمی نەوتی ئێران تەنیا بۆ بەکارهێنانی نێوخۆیی بێ**

**عەلی بداغی: ئەحمەدینەژاد کە هەشت ساڵ لەوە پێش بە دانی دروشمی نەزانخەڵەتێنی خەبات دژی هەژاریو دانی ڕاستەوخۆی داهاتی نەوت بە خەڵکو قرتاندنی دەستی جەردەو تاڵانچییەکانی بەیتولماڵ هاتە سەر کار، هەر خۆیو دەوڵەتەکەی بە تەنیا بە قەدرا هەموو دەوڵەتەکانی پێش خۆی خوێنی خەڵکیان لە شووشە کرد، بێکاری، گرانی، بێبایەخیی پووڵی نیشتمانیو خەسارە کۆمەڵایەتییەکان پتر لە هەموو کاتێک پەرەیان سەندووە ژیانیان لە خەڵکی تاڵ کردووە.**



# شوێنەوارەکانی گەمارۆی نەوتی لەسەر ئابووریو کۆمەڵگاو سیاسەتی ئێران

موختار نەقشبەندی

وەرگێڕان بۆ کوردی: مەسعود ڕەواندوست

هەتا دێ شوێنەواری گەمارۆ نێونەتەوەیییەکان لەدژی ئێران کە بە هۆی بەرنامە ئەتۆمییە گوماناوییەکەی ڕێژیمەوە بەسەریدا سەپاوە، ڕوونتر دەبێتەوە بەجۆرێک کە کاربەدەستانی ڕێژیم چیدیکە ناتوانن وەک ڕابردوو حاشای لێبکەنو بە دروشمو شانتاژ بێشارنەوەو بە دەرفەتێک بۆ خۆبەڕێوەبەریی دابنێن.

گرنگترینی ئەم گەمارۆیانە گەمارۆی نەوتیی ئێرانە، چونکە بوودجەی ساڵانەی دەوڵەتی ئێران بە داهاتی نەوتەوە بەستراوەتەوەو کەمبوونەوەی داهاتی نەوت کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت هەیە. بە پێی نوێترین ڕاپۆرتی ئۆپێک کە ١٠ی مای ٢٠١٣ بڵاوبۆتەوە، بەرهەمی ڕۆژانەی نەوتی ئێران ٥٠٠ هەزار بۆشکە لە ساڵی پێشوو کەمتر بووە. ئەم کەمبوونەوەیەی بەرهەمی نەوت دوو هۆکاری هەیە: گەمارۆ ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆکانی ڕۆژئاوا بۆ سەر سەنعەتی نەوتی ئێران. لە سەرەتای ژووئیەی ٢٠١٢وە کۆمپانیا ئورووپایییەکان ئەو کەشتییە نەوتکێشانە کە نەوتی ئێران بۆ شوێنەکانی دیکەی دنیا دەگوازنەوە بیمە ناکەن. (٩٥٪ی کۆمپانیاکانی تایبەتی بیمەکردنی نەوتکێشەکان لە ئورووپان) و، هەروەها گوشارو هەڕەشەکانیان بۆسەر کڕیارانی نەوتی ئێران زیاتر کردوە. ئەگەرچی ڕێژیمی ئێران بە کەڵکوەرگرتن لە ڕێگەی جۆراوجۆر هەوڵی داوە کاریگەریی گەمارۆکان کەم بکاتەوە، بۆ نموونە بە هەڵکردنی ئاڵای وڵاتانی دیکە لەسەر کەشتییە نەوتکێشەکان هەوڵی داوە نەوتەکەی بگوازێتەوەو تەنانەت پێشنیاری فرۆشتنی نەوتی بە نرخێکی هەرزان بە چەندین وڵات کردوە.

ئێستا کە ڕێژیم ناتوانێ هەموو نەوتەکەی بفرۆشێو توانای پاشەکەوتکردنیشی سنووردارە، ناچارە ڕێژەی بەرهەمهێنانی کەم بکاتەوە.

گەمارۆکانی ساڵانی ڕابردووی ئەمریکا لە دژی ئێران، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ سەنعەتی نەوتی ئێرانی لەگەڵ کێشەو گیروگرفت بەرەڕوو کردووەو گەمارۆ نوێیەکانیش داهاتووی سەنعەتی نەوتیان تووشی گیروگرفتی زیاتر کردووەو لەوانەیە لە داهاتوودا بەرهەمی نەوتی ئێران تەنیا بۆ بەکارهێنانی نێوخۆیی بێ. جگە لە گەمارۆکانی یەک ساڵی ڕابردوو کە بوونە هۆی دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت هەتا ٥٠٠ هەزار بۆشکە لە ڕۆژێکدا، ئێران لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا نزیک ٢٠٠ هەزار بۆشکە لە بەرهەمهێنانەکەی کەم بۆتەوەو هۆکارەکەشی دابەزینی فشاری چاڵە نەوتەکانە. بە شێوەیەکی سروشتی چاڵە نەوتەکان لە ئاکامی هەڵێنجانی نەوتدا فشارەکەیان کەم دەبێتەوە و بۆ چارەسەری ئەم گیروگرفتە چەند ڕێگەیەک وەک تێکردنی گاز هەیە کە ئێران بۆخۆی توانای ئەم کارەی نیەو بە هۆی گەمارۆکانیشەوە ناتوانێ یارمەتی لە کۆمپانیا بیانییەکان وەربگرێ. هەروەها گەمارۆکان بوونەتە هۆی ئەوەی ئێران لە سەرمایەگوزاری لە مەیدانە نەوتییەکان بێبەش بێ، بۆ وێنە قەتەر لە مەیدانی گازی پارسی جنووبی دووهێندەی ئێران دەسکەوتی هەبووە.

وڵاتانی فرۆشیاری نەوت لە حاڵێکدا کە وەک کاڵایەک کەڵک لە نەوت وەردەگرنو داهاتێکی بەرچاوی لێوەدەست دێنن هەرلەوکاتەدا وەک چەکێکی سیاسییش بەکاری دێنن. جیهان لە ڕۆژدا پێویستیی بە ٨٨ میلیۆن بۆشکە نەوت هەیەو بڕینی نەوتی وڵاتێکی بەرهەمهێنەری نەوت بە ئاسانی قەرەبوو ناکرێتەوەو دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی لە نەکاوی نرخی نەوتو زیان بە ئابووریی بەکارهێنەرانی نەوت دەگەیەنێ، بۆ نموونە وڵاتانی عەرەبی ساڵی ١٩٧٣ بە گەمارۆخستنە سەر ڕۆژئاوا دەیانەویست ئیمتیاز لە ئیسرائیلو ڕۆژئاوا وەرگرنو تا ڕادەیەکیش سەرکەوتن.

هێزی نەوت وەک چەکێکی سیاسی پەیوەندیی بە ڕادەی بەرهەمهێنانو پێویستیی بازاڕەوە هەیە. ئەمریکا بە هاوکاریی وڵاتانی ڕۆژئاوایی چەکی نەوتی لە ئێران ستاندۆتەوەو بڕینی تەواوی نەوتی ئێران کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە بازاڕی جیهانیدا نابێو لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هەواڵدەرییەکان لە زمان ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەوە ڕایانگەیاند کە ئەمریکا بە کەڵکوەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو خەریکی زیاترکردنی بەرهەمی نەوتی خۆیەتی (نەوتو گاز لە نێو توێیەکانی لمو بەرد هەڵدێنجێ)و پێویستیی بازاڕ بۆ ماوەی ٥ ساڵی داهاتوو دابین دەکا بێئەوەی پێویستیی بە نەوتی ئۆپێک هەبێ.

خەرمانانی ئەمساڵ معافییەتی ٦ مانگەی ٢٠ وڵاتی کڕیاری نەوتی ئێران تەواو دەبێو ئەگەر ئەم ماوەیە لە لایەن ئەمریکاوە درێژ نەکرێتەوەو فرۆشی نەوتی ئێران بە تەواوی بوەستێ، ئێران لەگەڵ کورتهێنانی توندی بوودجە بەرەڕوو دەبێ. جێی وەبیرهێنانەوەیە کە جگە لەم ٢٠ وڵاتە، وڵاتانی دیکە لە ترسی گەمارۆکانی ئەمریکا نەوتی ئێران ناکڕن، هەروەها ئەم ٢٠ وڵاتەش کڕینی نەوتی ئێرانیان بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەم کردۆتەوە.

خەڵکی ئێران لە حاڵێکدا لەگەڵ هەژاریو نەداری دەستەویەخەن کە پاشەکەوتی نەوتی ئێران ١٥١ میلیارد بۆشکەیەو وڵاتانی عەرەبی بە پاشەکەوتێکی لەوە کەمترەوە (جگە لە عەرەبستان کە ٢٦٤ میلیارد بۆشکە نەوتی هەیە) خەڵکەکەیان لە بارودۆخێکی خۆشترو باشتردا دەژین. ئەم وڵاتانە توانیویانە بە چەندین میلیارد دۆلار سەرمایەگوزاریی نێوخۆییو دەرەکی، چەندین میلیۆن بۆشکە نەوت لە ڕۆژێکدا بفرۆشن. لە ڕاپۆرتی نوێی ئۆپێکدا لە زمان سەرچاوەکانەوە بەرهەمی نەوتی میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب (٥ میلیۆن کەس حەشیمەت لە ساڵی ٢٠١٠دا) ٢/٧١٠ میلیۆن بۆشکە نەوتو کوەیت (٣/٥ میلیۆن کەس لە ساڵی ٢٠١٠دا) ٢/٧٤٨ میلیۆن بۆشکەو عەرەبستانی سعوودی (٢٥ میلیۆن کەس لە ساڵی ٢٠١٠دا) ٩/٢٧٠ میلیۆن بۆشکە لە ڕۆژێکدا بەرهەمیان هەبووە لە حاڵێکدا کە ئێران (٧٣/٨ میلیۆن کەس لە ساڵی ٢٠١٠دا) ٢/٦٩٥ میلیۆن بۆشکە نەوتی بەرهەم هێناوە.




هێندێک لە سەرانی ڕێژیم گەمارۆکان وەک دەرفەتێک بۆ پەرەپێدانی سەنعەتی پێترۆشیمی ناو دەبەنو باس لە خەیاڵی هەناردەکردنی بەرهەمە نەوتییەکان لە جیاتی نەوتی خاو دەکەن. بەرپرسانی ڕێژیم لە حاڵێکدا باس لەم گەڵاڵەو پرۆژانە دەکەن کە لە دابینکردنی سەرمایەی ئەم پرۆژە گەورانە داماونو ئەگەر ئەم گەمارۆیانە بەردەوام بن لەگەڵ کێشەو گیروگرفتی ماڵیو تەکنیکیی زیاتر ڕووبەڕوو دەبنەوە. پرسیارێک کە دێتە پێش ئەوەیە کە بۆچی بەرپرسانی ڕێژیم دوای هەر گەمارۆیەک باس لە خودکەفاییو پەرەپێدانی پیشەسازیی گەورە دەکەن؟ وەڵامی ئەو پرسیارەش دەتوانێ ئەوە بێ کە: چونکە جگە لە دروشمدان هیچ ڕێگایەکی دیکەیان نیەو خەڵکی ئێران گوێیان لەم دروشمانە پڕ بووەو لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا بە هەزاران جار لە سەرانی ڕێژیمیان بیستوە کە بڕینی پێوەندی لەگەڵ ئەمریکا باشترین دیاریی شۆڕش بووەو بەرەو خودکەفاییمان دەبا، لە حاڵێکدا کە خەڵکی ئێران بە چاولێکردن لە وڵاتانی وەک کۆرەو تورکیە تێدەگەن کە ئەم قسانە چەندە ڕاستن.

ئەگەرچی پێشبینیی داهاتووی سیاسیی ئێران هەتا دوای هەڵبژاردنەکان دژوار بێ، بەڵام ئەگەر سەرکۆماری داهاتوو نەیەوێ یان نەتوانێ ڕێبەری ڕێژیم ناچار بە گۆڕینی سیاسەتەکانی بکا، گەمارۆکان زیاترو توندتر دەبنو خەڵکی ئێران بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانیان تووشی گیروگرفتی زیاتر دەبن.



# بێکاری، هەژاری، گرانیو وادەی هەڵبژاردنەکان


عەلی بداغی

ئەگەرچی تا ئێستا شووڕای نیگابان ڕاگەیشتن بە سەڵاحییەتو لێوەشاوەیی پاڵێواراوانی تەواو نەکردوەو بۆ خەڵکی ڕوون نەکردۆتەوە کە دەتوانن دەنگ بە چ پاڵێوراوانێک بدەن، بەڵام بێو نەبێ ئابووریو پرسی ژیانو بژیوی خەڵک، تەوەری سەرەکیی دروشمو بەرنامەکانی سەر کاغەزی هەر کام لەو پاڵێوراوانە دەبێ کە هەڤڕکێی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری بۆ پاڵدانەوە لە کۆشکی پاستۆڕ دەکەن.

هەشت ساڵ لەوە پێشو کاتێ ئەحمەدینژادو هاشمیی ڕەفسەنجانی وەک دوو نمادی دژ بەیەکی خاکەڕاییو ئەشرافییەت پێناسە دەکران، فاکتۆری دروشمە ئابوورییەکان دەوری سەرەکیی لای خەڵکی هەژار دەبینیو چوار ساڵ دواتریش هەمیسان قورسایی بارنی دروشمی پاڵێوراوەکان چارەسەری قەیرانی بژیوی خەڵک بوو. ئەحمەدینژاد دەیگوت « پووڵی نەوت دێنێتە سەر سفرەی خەڵک»و، کەڕووبیو مووسەوی دروشمی عەدالەتی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سڕینەوەی فەرقو جیاوازیدانانیان دەداو موحسینی ڕەزاییش باسی نەهێشتنی گەندەڵیو ژیاندنەوەی کانیی ژیانی پڕ لە خۆشگوزەرانیی خەڵکی دەکرد.

لەئێران دە دەورەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری بەڕێوە چوونو یازدەهەمین دەورەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری بەڕێوەیە. میراتی بەنیسەدر، ڕەجایی، ڕەفسەنجانی،خاتەمیو ئەحمەدینەژاد بۆ خەڵکی ئێران چین؟ دەسکەوتەکانیان بۆ خۆشبژێویی خەڵکو باشترکردنی گوزەرانو ژیانیان کامانەن؟ ئەو کەسەی لە مانگی گەلاوێژدا جێی ئەحمەدینەژاد دەگرێتەوە، چیی پێدەبڕێو بەسەر چیدا دەکەوێ؟ ئەدی ئێستا سەرەکیترین پرسو داواو کێشەکانی خەڵک چین؟

زۆربەی چاوەدێرانی سیاسی لەسەر ئەوە کۆکن کە بێکاریو هەڵئاوسانی دراوی سەرەکیترین کێشەی ئابووریی ئێرانو خەڵکی ئەو وڵاتەن. ئاماری ڕەسمیی ناوەندی ئاماری ئێران دەڵێ ٣ میلیۆن کەس لە ئێران بێکارنو لە ڕاگەیاندنی ئەو ئامارەشدا ئاماژە بەوە دەدا کە بەبۆچوونی کارناسە نادەوڵەتییەکان ژمارەی بێکارانی وڵات لە سەرووی ٥ میلیۆن کەسە. بەڵام ئەوە تەواوی مەسەلەکە نیە.




لەو ئامارانەدا ئەوانەی لە زانکۆکان دەخوێنن، ئەوانەی بە سەرباز گیراونو ئەو ژنانەش کە کەبانووی ماڵن وەک بێکار حیساب نەکراون، ئەوەش لە جێی خۆی کە دەوڵەتی ئەحمەدینەژاد بە گۆڕینی پێناسەی کەسی «بێکار» هەموو ئەو کەسانەی لە حەوتوودا تەنیا یەک سەعات کار بکەن، لە ئاماری بێکارانی وڵات دەردەوێژێ، لە حاڵێکدا ئەو پێناسەیە تا کۆتایی دەوڵەتی خاتەمی ئەو کەسانەی دەگرتەوە کە لە حەوتوودا هەر نەبێ دوو ڕۆژو هەر ڕۆژەی ٨ سەعات کاریان کردبا.

کەوابوو بەپێی ستاندارده جیهانییەکانو بەپێی بۆچوونی زۆر لە کارناسە ئابوورییەکان حەشیمەتی بێکاری ئێران سەرووی ١٠ میلیۆن کەسە.

بەڵام هۆکارەکان چین؟ سیاسەتی چەوتی بردنەسەری حەشیمەت لە دەیەی ٦٠ ی هەتاویدا، سیاسەتی چەوتی ئابووریی ئیسلامی کە لەگەڵ سیاسەتی ئابووریی جیهانی نایەتەوە، ناکارامەیی بەڕێوەبەریی وڵات، سیاسەتی خاریجیو بەرنامەی ئەتۆمی کە دەرەنجامی وەک گەمارۆی قورسی ئابووری، کشانەوەی وەبەرهێنەرو سەرمایەدانەرو کۆمپانیا جیهانییەکان لە ئێران، هەرەسهێنانی سەنعەتو وەبەرهێنانی نێوخۆییو داخرانو پەککەوتوویی کارخانەو کارگە بەرهەمهێنەرەکانو لە سۆنگەی ئەوانەشەوە تەقینەوەی بێکاری، بەشێک لە هۆکارە بنچینەییەکانی ئەو بارودۆخە نالەبارەی ئێستای ئابووریی ئێرانن.


قەیرانی بێکاری لەگەڵ خۆی هەژاری دێنێو هەژارییش لە یەکەم وێستگەکاندا زۆرترین شوێنکاری خۆی لە سەر بنەماڵە کەمداهاتو بێئەنواکان دادەنێ. کشانەوەو وازهێنان لە خوێندن، پەرەسەندنی دیاردەی کارکردنی منداڵان، چوونەسەری تەمەنی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش، پەرەسەندنی تەڵاق لە کۆمەڵگەدا،

ل ٧

**ئاگری باڵەکی: پارێزگای کرماشان لە بابەت بوونی کانی نەوتەوە یەکێک لە ناوچە گرنگەکانی کوردستانەو پاش بیرە نەوتییەکانی کەرکووک لە باشووری کوردستان، بە گەورەترین سەرچاوەی ژێرزەوی لە کوردستاندا دێتە ئەژمار کە لە لایەن کۆمپانیا نەوتییەکانی دەوڵەتی ناوەندییەوە پاش هەڵێنجان ڕەوانەی پاڵاوگە نەوتییەکان لە شارەکانی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ بە بێ‌ئەوەی قازانجێکی ئەوتۆ بۆ خەڵکی نیشتەجێی ناوچە کوردنشینەکان هەبێ.**

**بەپێی ئەو نەخشەو پلانانە کە ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە بڵاوی کردوونەتەوە دەبینین کە کوردستان بەگشتی واتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، باشورو ڕۆژئاوا نەخشێکی گرنگیان لە دابینکردنی وزە بۆ داهاتووی جیهان دەبێ. بوونی نەوتێکی زۆری دەستلێنەدراو وا لە کوردستان دەکا کە لەداهاتوویەکی نزیکدا وەک یەکێک لە جەمسەرەکانی وزەی جیهان چاوی لێ‌بکرێ.**

# جیهان بە گرنگی‌یەوە دەڕوانێتە وزەی کوردستان



ئاگری باڵەکی

کاتێک وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ یەکەمین جار باسیان لە گەمارۆو نەکڕینی نەوتی خاوی ئێران کرد، دەسەڵاتدارانی ئێران دەیانگوت بازاڕەکانی نەوتی دنیا بەرگەی کەم بوونەوەی نەوتی خاوی ئێران ناگرن‌و نەوت نرخەکەی دەگاتە ٢٥٠ دۆلار بۆ هەر بۆشکەیەک.

ئێستا بەرهەمهێنان‌و هەناردەی نەوتی ئێران نیوە بووە یانی لە ٣ میلیۆن بۆشکەوە بۆتە ١.٥ میلیۆن بۆشکە لە ڕۆژدا، نرخی هەر بۆشکەیەک نەوتیش لە ١٠٠ دۆلاردا ماوەتەوە.

ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە کە گەورەترین ناوندەی وزەیە لە جیهاندا لە ڕاپۆرتێکی خۆیدا دەڵێ:» ساڵی ٢٠١٣ ئەگەر داخوازی بۆ نەوتی ئۆپێک* (ئێران دووهەمین وڵات بوو لە بەرهەمهێنانی نەوت لە ئۆپێکدا) کەم نەبێتەوە، ئەوە زیاتریش نابێ».

ئاژانسی وزە لە ئاخرین ڕاپۆرتی‌دا باس لەوە دەکا کە داخوازی لەسەر نەوت لە ٥ ساڵی داهاتوو لە جیهاندا ڕوو لە زیادبوون دەبێ، بەڵام ئەم داخوازی‌یە پێوسیتی بەنەوتی خاوی ئۆپێک نابێ بەڵکوو بە نەوتی خاوی ئەمریکا دەبێ.

ئەمریکا چەندین ساڵە کار لەسەر ئەوە دەکا کە بۆ پەیدا کردنی وزە، پشت بەخۆی ببەستێ‌و پێویستیی بە وزەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەمێنێ. هەربۆیە دەسەڵاتدارانی ئەمریکا بەرهەمهێنانی نەوتیان لە چینە ڕزیوەکانی خاک پەرە پێ‌داوە، نەوتی خاوو گاز جگە لە قووڵایی زەوی لە نێو خیزو هەروەها لە بەردەکانیشدا پەیدا دەبێ، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەمێژساڵە لە ڕۆژئاوای ئەم وڵاتە خەریکی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو لە چینەکانی خاکە. ئێستا بە پێشکەوتنی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیی دەرهێنان‌و بەرهەمهێنانی نەوت ئەم ڕێگەیە باشترەو تێچووشی کەمترە. هەربۆیە پیش‌بینی دەکرێ کە ئەمریکا لە ٥ ساڵی داهاتوودا ببێتە گەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوت.

بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا بە بەکارهێنانی ئەو تەکنەلۆژی‌یە تا ٤ ساڵی دیکە وەپێش عەرەبستانی سعودی (ئێستا عەرەبستان، گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوت لە جیهاندایە) دەکەوێتەوە.

ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە دەڵێ لە ساڵی ٢٠١٨دا داخوازی بۆ نەوت لە دنیا بۆ هەر ڕۆژێک دەبێتە ٩٦.٧ میلیۆن بۆشکە کە ئەو ڕێژەیە گەشەیەکی ٨٪ نیشان دەدا بە نیسبەتی ئێستاو نەوتی ئۆپێک هەڵکشانێکی ئەوتۆ بەخۆیەوە نابینێ‌و تەنها ١٠٪ زیاد دەکا.

ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە لە ڕاپۆرتەکەی‌دا باس لەوەش دەکا کە پێویستیی جیهان بە نەوتی خاوی ئۆپێک لە ساڵی ٢٠١٨ دا ڕۆژانە ٣٠ میلیۆن بۆشکە دەبێ، کە ئەو ڕێژەیە ڕاست ڕادەی ئێستای بەرهەمهێنانی (ئۆپێک)ە. بەواتایەکی دیکە داخوازی لەسەر نەوتی ئۆپێک زیاد ناکاو بەڵکوو کەمیش دەکا.

هەر لەسەر ئەم لێکدانەوەیە کۆمپانیای پیترۆ ماتریکس کە کۆمپانیایەکی ڕاوێژکاری لە بواری وزەدایە، لە شیکردنەوەیەکدا دەڵێ: بازاڕەکانی جیهان بێ هیچ کێشەیەک دەتوانن تەحەمولی نەکڕینی تەواوی نەوتی ئێران بکەن، بە واتایەکی دیکە ئەگەر هیچ وڵاتێک نەوت لە ئێران نەکڕێ، ئەوە کێشەیەکی ئەوتۆ دروست نابێ چونکە وڵاتانێکی دیکە هەن کە ئەم پێداویستی‌یەی لێ‌دابین بکەن. بۆیە نەبوونی نەوتی ئێران لە



بازاڕەکاندا هیچ کێشەیەکی ئابووریی جیهانی یان چوونەسەری نرخی نەوتی لێ ناکەوێتەوەو چاوەڕوانیش دەکرێ لە چوارچێوەی ئۆپێکدا زیادبوونی بەرهەمی نەوتی عێراقو هەرێمی کوردستان قەرەبووی نەبوونی نەوتی ئێران لەبازاڕەکاندا بکاتەوە.

هەر لەسەر ئەو ڕوانگەیەوە ئێستا بەشێک لە ئەندامانی کۆنگرەی ئەمریکا پلانێکیان لەژێر دەستدایە کە نەک بەشێک لە نەوتی ئێران گەمارۆ بدەن بەڵکوو هەموو بەشەکانی نەوتی خاوو گازی ئێران بخەنە نێو گەمارۆکانەوە.

ڕۆژنامەی «واشتنگتۆن پۆست» ڕۆژی ١٤ی مای ٢٠١٣ بڵاوی کردەوە کە کۆمەڵێک لە ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکا پلان‌و بەرنامەی تازەیان بۆ گەمارۆی نەوتیی ئێران هەیە. هەرئەو ڕۆژنامەیە ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ئەندامانی کۆنگرەی ئەمریکا ڕەخنەیان لە سەبرو لەسەرەخۆیی بەڕێوەبردنی گفتوگۆکانی گروپی ٥+١و ئێران هەیە. واشتنگتۆن‌پۆست لە زمانی شارەزایەکی ئابووری‌یەوە گوتوویەتی ئەگەر قەرارە ئێران بەتەواوی لە بازاڕی نەوتی جیهان بچێتە دەرێ، ئێستا کاتی ئەوەیە وەدرەنگ‌خستنی ئەم بەرنامەو پلانانە دژی ئێران قازانجی بۆ جیهان نیە.

پێش‌بینی دەکرێ ئەونەوتە خاوەی لە ڕۆژئاوای ئەمریکادا دەردەهێنرێ لە داهاتوویەکی نزیک‌دابێتە جێگرەوەی نەوتی ئۆپێک‌و پێش‌بینییش دەکرێ تا ساڵی ٢٠١٨ ئەمریکا بتوانێ پێداویستی‌یەکانی نێوخۆی لە نەوتی خاوی بەرهەمهێنراوی وڵاتەکەی خۆی دابین بکا . لە ساڵی ٢٠٢٠ دا ئەمریکا دەبێتە گەورەترین وڵات لە بەرهەمهێنان‌و هەناردەی نەوتی خاو بۆ دەرەوە. تەنانەت پێش عەرەبستانی سعوودی دەکەوێتەوە. ئەو هاوکێشەیە بەنیسبەتی گازیش هەر بەم شێوەیەیەو ئەمریکا تا ساڵی ٢٠١٥ لە بەرهەمهێنانی گازدا پێش ڕووسیە دەکەوێتەوەو دەبێتە یەکەم وڵاتی بەرهەمهێنەری گاز لەجیهان‌دا.

ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەی‌دا تیشکی خستۆتە سەر ئەوە کە ڕێرەوەکانی وزە لە چەند ساڵی داهاتوودا گۆڕانێکی زۆریان بەسەردا دێ، ئاژانس دەڵێ لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەمریکاو هەرێمی کوردستان «باکووری عێراق» دەبنە گەورەترین ناوەندی بەرهەمهێنانی وزە لە ئاستی جیهان‌دا. لە ڕاپۆرتەکەدا بەڕوونی ئێشارە بە وڵاتی عێراق‌و باکووری ئەو وڵاتە کراوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نەوتی کوردستان دەستی لێ‌نەدراوەو هەروەها دەرهێنانیشی ئاسانەو تێچووی بۆ بەرهەمهێنان کەمترە.

فەتاح بیرۆل یەکێک لە ئەندامانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە بە میدیاکانی ڕاگەیاندوەو گوتوویە بە دڵنیایی دەتوانم بڵێم کە تا ساڵی ٢٠١٨ ئەمریکا بە بەجێهێشتنی عەرەبستانی سعوودی دەبێتە گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتی خاوی جیهان‌و هەرێمی کوردستان‌و عێراق دەبنە سێیەمین بەرهەمهێنەری نەوت لە جیهان‌دا.

لەسەر ئەساسی ئەو لێکدانەوانە تا ٢٠ ساڵی دیکە ڕێرەوەکانی گواستنەوەی وزە لە جیهان‌دا دەگۆڕێن. بەم جۆرە ئەمریکای باکوور خۆی دەبێتە ناوەندی هەناردەکردنی نەوت بۆ دەرەوەو ٩٠٪ی نەوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەچێ بۆ بازاڕەکانی ئاسیا.

بە پێی بەراوردەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە، لە دوو دەیەی داهاتوودا مەیدانە نەوتی‌یە دەستلێنەدراوەکانی هەرێمی کوردستان‌و عێراق دەورێکی سەرەکی‌یان لە بازاڕی نەوتی جیهان‌دا دەبێ. عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە ڕۆژانە ٣ میلیۆن بۆشکە نەوت بەرهەم دێنێ. بەپێی لێکدانەوەکانی ئاژانسی وزە تا ساڵی ٢٠٢٠ ئەم ڕێژەیە دەبێتە ٦ میلیۆن بۆشکە کە ٢ میلیۆنی لە هەرێمی کوردستانەوە ڕەوانەی بازاڕەکان دەکرێ. ئەوەی کە عێراق لە ئاڵوگۆڕەکانی وزەی جیهانی بەتایبەتی نەوت‌دا دەورێکی سەرەکیی هەیە، لەبەر ئەوەیە کە بەرهەمهێنانی نەوتی خاو لە هەرێمی کوردستان‌و عێراق هەرزان تەواو دەبێ، یانی تێچووەکەی زۆر کەمە بۆ دەرهێنانی نەوت. بۆ نموونە ئەگەر بەراوردێک بکەین دەبینین کە تێچووی دەرهێنانی یەک بۆشکە نەوت لە کانادا ١٥ بەرامبەری عێڕاقەو هەروەها لە ڕووسیەش ٧ بەرامبەرە، لە لایەکی دیکەشەوە بە پێچەوانەی وڵاتانی دەوربەریان هەرێمی کوردستان‌و عێراق ڕێگایان بۆ کۆمپانیاکانی دەرەوە کردۆتەوەو هیچ بەربەستێکی قانوونیی ئەوتۆیان نیە بۆ کۆمپانیایەکانی دەرەوەی ئەم ناوچەیە.

لەسەر ئەو لێکدانەوانەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە بۆ ئایندەی وزە لە جیهان‌دا کردوونی، شاهیدی پێشکەوتنی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی ئۆپێک لەچەندساڵی داهاتوودا دەبین، بەلام لەو نێوەدا ناوێک لە ئێران نەهێنراوە، ئەو پشتگوێ‌خستنە لەکاتێکدایە کە ئێستاشی لەگەڵ بێ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دان بەو ڕاستی‌یەدا نانێن کە وەزعی ئابووریی ئێران لە چ ئاستێکدایە.

بەپێی ئەو نەخشەو پلانانە کە ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە بڵاوی کردوونەتەوە دەبینین کە کوردستان بەگشتی واتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، باشورو ڕۆژئاوا نەخشێکی گرنگیان لە دابین‌کردنی وزە بۆ داهاتووی جیهان دەبێ. بوونی نەوتێکی زۆری دەستلێنەدراو وا لە کوردستان دەکا کە لەداهاتوویەکی نزیکدا وەک یەکێک لە جەمسەرەکانی وزەی جیهان چاوی لێ‌بکرێ.

هەر لەم ڕاستایەدا مانگی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شوێنێک بەناوی «بەرد عەلی» لەنێوان گوندەکانی ئەلیاسی‌و قەڵاوریە سەر بە شاری سەرپێڵی زەهاو لە پارێزگای کرماشان ، کانگایەکی گەورەی نەوت دۆزراوەتەوەو ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەوڵدایە کە دام‌ودەزگا بۆ هەڵێنجانی نەوتی ئەم کانگایە دابین بکاو نەوتەکە ڕاگوێزێ بۆ پاڵاوگەکانی خواروی ئێران‌و دیسان ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە ناوەندێک بۆ مادەی خاوی کارگاکانی ناوەندی ئێران‌و خێرو قازانجەکەی بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران بێ.

پارێزگای کرماشان لە بابەت بوونی کانی نەوتەوە یەکێک لە ناوچە گرنگەکانی کوردستانەو پاش بیرە نەوتی‌یەکانی کەرکووک لە باشووری کوردستان، بە گەورەترین سەرچاوەی ژێرزەوی لە کوردستان‌دا دێتە ئەژمار کە لە لایەن کۆمپانیا نەوتی‌یەکانی دەوڵەتی ناوەندی‌یەوە پاش هەڵێنجان ڕەوانەی پاڵاوگە نەوتی‌یەکان لە شارەکانی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ بە بێ‌ئەوەی قازانجێکی ئەوتۆی بۆ خەڵکی نیشتەجێی ناوچە کوردنشینەکان هەبێ.

(*) ئۆپێک: ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکەری نەوت بە کورتکراوەی ئۆپێک( OPEC) ساڵی ١٩٦١ (١٣٤٠) دامەزراوە. ئۆپێک ناوەندێکی نێودەوڵەتیی نەوتە کە پێکهاتوە لە وڵاتانی (ئەلجەزائیر، ئێران، عراق، کویت، لیبی، نیجریە، قەتەر، عەرەبستانی سعوودی، ئیماراتی عەرەبی، ئیکوادۆر، ئەنگۆلاو ڤەنزۆئیلا) ، بنکەی سەرەکیی ئۆپێک لە سەرەتای دروستبوونی لە شاری ژنێڤی سویسا بوو، دواتر گواستراوە بۆ ڤیەن پایتەختی ئۆتریش.

سەرچاوە:
١- ڕاپۆرتی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە ، بەهاری ٢٠١٣
٢- ماڵپەری BBC
٣- ماڵپەری ویکیپیدیا
٤- ڕاپۆرتی ساڵانەی کۆمپانیای پیترۆ ماتریکس
٥- ماڵپەڕی کوردستان‌و کورد

دریژەی:

## بێکاری، هەژاری، گرانی‌و وادەی هەڵبژاردنەکان

تەقینەوەی خەسارە کۆمەڵایەتی‌یەکانی وەک خەمۆکی‌و بەلاڕێ‌داچوون‌و ئیعتیاد بەشێکی گچکە لە شوێنکاری قەیرانی بێکاری لە سەر کۆمەڵگان.

بەڵام قسە لەوەیە کە ئەوەی جێی ئەحمەدی‌نەژاد دەگرێتەوە، چیی بەسەردا بەجێ ماوە، چیی پێ‌دەکرێ‌و هەر لە جێ‌دا گۆڕینی ئەو بارودۆخە بە چی‌یەوە بەندەو پێویستیی بە گۆڕانی کام سیاسەت‌و بنەمای ئابووری‌و سیاسیی وڵاتە؟

ئەحمەدی‌نەژاد کە هەشت ساڵ لەوە پێش بە دانی دروشمی نەزانخەڵەتێنی خەبات دژی هەژاری‌و دانی ڕاستەوخۆی داهاتی نەوت بە خەڵکو قرتاندنی دەستی جەردەو تاڵانچی‌یەکانی بەیتولماڵ هاتە سەر کار، هەر خۆی‌و دەوڵەتەکەی بە تەنیا بە قەرا هەموو دەوڵەتەکانی پێش خۆی خوێنی خەڵکیان لە شووشە کرد، بێکاری، گرانی، بێ‌بایەخیی پووڵی نیشتمانی‌و خەسارە کۆمەڵایەتی‌یەکان پتر لە هەموو کاتێک پەرەیان سەندوەو ژیانیان لە خەڵکی تاڵ کردوە.

ئێران ١٣ میلیارد دۆلار بە سندووقی نێودەوڵەتیی پووڵو ناوەندە ماڵی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکانی دیکە قەرزدارە، سندووقی پاشەکەوتی دراو کە بەپێی بەرنامەی پێنجەمی گەشە دەبووا تا ساڵی ٩٠ زیاتر لە ٤٥٠ میلیارد دۆلاری تێدابایە، بەپێی قسەی ئەندامێکی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ئەو سندووقە تەنیا ٣٦ میلیارد دۆلاری تێدایە، هەر ئێستا دەوڵەت ١٠٠ هەزار میلیارد تمەن بە بانکی ناوەندی‌و بانکەکانی دیکەی وڵات قەرزدارەو بەپێی ئەو نامەیە کە ساڵی ڕابردوو لەلایەن ٤٣ کارناسی ئابووریی وڵاتەوە بۆ ئەحمەدی‌نەژاد نێردرا، سەرجەم قەرزە نێوخۆیی‌یەکانی دەوڵەت لە هەشت ساڵی ڕابردوودا ٢٠٠ هەزار میلیارد تمەن‌و ئەوە جیا لەوەی دەوڵەتی داهاتوو دەبێ لە خەمی دانی «یارانەی نەغدی» بە خەڵکیش‌دابێ کە بە لێشاو لە بوودجەی گشتیی وڵات دەڕواو ئەوانە بەشێک لەو میراتەن کە بۆ سەرکۆماری داهاتووی ڕێژیمی ئیسلامی ماونەتەوە.

ئێستا پرسیار ئەوەیە لە کاتێکدا هەموو ئەو کەسانەی خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی داهاتوو پاڵاوتوە، دەوڵەتی ئەحمەدی‌نەژادو جۆری بەڕێوەبەریی وڵات لەلایەن ئەوەوە بە هۆکاری بارودۆخی ئێستا دەزانن، بێ لەبەرچاوگرتنی ڕاستی‌و دروستیی ئەو ئیدیعایانە، خۆیان چۆن دەتوانن هەنگاو بۆ چارەسەری ئەو کێشانە بنێن؟ ئایا خەڵکی ئێران کە دنیایەک داڵغەو کێشەی کۆمەڵایەتی بەربینگی پێ‌گرتوون، ڕێگاچارەی دەربازبوون لەو قەیران‌و کێشانە لە گۆڕینی مۆرەکانی حاکمییەت‌دا دەبینن؟ ئایا ئەو هەڵبژاردنانەو گۆڕینی سەرۆک کۆمار لە ئێران خاڵی کۆتایی کێشەی خەڵکو دابڕانی لەگەڵ دەسەڵاتە؟

**کوێستان فتوحی:** لە دیدی کۆمەڵگەوە ژنی موعتاد وەک لەشفرۆشێک وایە. بنەماڵەش لەترسی ئابڕووچوونو ڕیسوابوون لە کۆمەڵگەدا، جگە لەوەی مامەڵەیەکی خراپ لەگەڵ ئەو ئەندامەی خۆی دەکا، هەوڵ دەدا بەشاراوەیی بمێنێتەوە. ئەمەش ژنی موعتاد هێندەی دیکە دەخاتە نێو دۆخێکی مەترسیدارەوە.

**شەونم هەمزەیی:** بە چاوخشاندنێکی کورت بە سەر ماڵپەڕە ئینترنێتییەکانو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆمان دەردەکەوێ کە ڕادەی پیاوانی بەناو داکۆکیکار لە مافەکانی ژنان دەیان بەرانبەری ژنانی داکۆکیکارە، ئەوەی جێی پرسیارە ئەمەیە کە سەرەڕای هەبوونی ئەو هەموو چالاکە یەکسانیخوازە، چی بۆتە هۆی ئەوەی کە کێشەکانی ژنان هەر وەکوو جاران لە کۆمەڵگادا بەردەوام بن.

# ئێعتیاد لە نیو ژنانی ئێراندا



کوێستان فتووحی

کارناسانی بواری کۆمەڵایەتی دەڵێن، ئێعتیاد نەخۆشییە. تووشبوون بە هەر نەخۆشییەکیش هۆکارو دەرمانی خۆی هەیە. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی تووشبوون بە ماده هۆشبەرەکان، بێکارییە. بێکاری سەرچاوەی زۆر لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانە. کەسی بێکار لەلایەن دەوروبەرەوە دەکەوێتە ژێر فشار، ئەمەش ئارامیی دەروونیی کەسەکە تێک دەداو بۆ خۆدەربازکردن لەو دۆخەی تێی کەوتوە، پەنا دەباتە بەر ماده هۆشبەرەکانو لە کۆتاییدا دەکەوێتە داوی بەڵایەکی ماڵوێرانکەری وەک ئێعتیاد.

«لە هەر سەعاتێکدا ٣٠ موعتادو فرۆشیاری مەوادی موخەدیر لە ئێران دەستبەسەر دەکرێن». ئەوە سەردێڕی هەواڵێکە کە ڕۆژی ١٢ی خاکەلێوە لە زمان بەرپرسی ستادی بەربەرەکانی لەگەڵ ماده هۆشبەرەکان لە ڕاگەیەنەکانی ئێراندا بڵاو کرایەوە. هەر ئەو هەواڵە باسی لەوە کردوە کە ستادی بەربەرەکانی لەگەڵ ماده هۆشبەرەکان ، ساڵی ڕابردوو دەستی بە سەر ٥٠٠ تۆن مادەی هۆشبەردا گرتوە.

ئەگەرچی ئاماری گیراوانی پێوەندیدار بە ماده هۆشبەرەکانو ئەو مەوادانەی دەستیان بەسەردا گیراوە، نیشان دەدا کە مەسەلەی ماده هۆشبەرەکان لە ئێران بۆتە مەسەلەیەکی مەترسیدارو کارەساتبار، بەڵام ئامارەکان لەلایەن بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییەوە لەو پێوەندییەدا، هیچکات وەک هەن بڵاو ناکرێنەوە.

## ئامارەکان ناتەباییان هەیە

چەند ساڵێک بوو بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ڕێژەی موعتادانیان لە ئێراندا یەک میلیۆن و ٢٠٠ هەزار کەسو ئەوانەی کە بە قەولی ئەوان بۆ رابواردن (تفنن) بەکاری دێنن، ٨٠٠ هەزار کەس ڕادەگەیاند. بەڵام دوایین ئامار کە لەلایەن ستادی بەربەرەکانی لەگەڵ ماده هۆشبەرەکان بڵاو بۆتەوە، ژمارەی موعتادانی زیاتر لە ٢ میلیۆن ڕاگەیاندوە. هەر لەو پێوەندییەدا ڕۆژنامەی «آرمان» لە دوایین ژمارەی ساڵی ١٣٩١ی خۆیدا لە زمان سەعید سەفائیان بەرپرسی پێشووی چارەسەری ئێعتیاد لە ستادی بەربەرەکانی لەگەڵ ماده هۆشبەرەکان ، نووسیویەتی: «ئاماری ڕاستەقینەی تووشبوان بە ماده هۆشبەرەکان لە ئێراندا گەیشتتە ٣ میلیۆن و ٦٠٠ هەزار کەس».

ئامارەکان لە زمان بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییەوە هەرجارە قسە لە ڕێژەیەک دەکەن. ڕوون نیە چەند لەسەدی تووشبوان بە ماده هۆشبەرەکان یان ئەوانەی لەم پێوەندییەدا دەستبەسەر دەکرێن، ژنانن. ڕۆژنامەی «قانون» لە مانگی ڕەشەمەی ١٣٩١دا نووسیویەتی ستادی بەربەرەکانی لەگەڵ ماده هۆشبەرەکان ، ئاشکرای کردوە کە ٢٧٠ هەزار ژنی تووشبوو بە مەوادی موخەدیر لەئیراندا هەن. ماوەیەک لەمەوپێش بەرپرسی ڕێکخراوی زیندانەکان ڕایگەیاند کە نیوەی ژنانی زیندانی، لە پێوەندیی لەگەڵ ماده هۆشبەرەکان دا کەوتوونەتە زیندانەوە. سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی بەربەرەکانی لەگەڵ ماده هۆشبەرەکان دەڵێ: «لە سەدا ٢٠ی تووشبووان بە ماده هۆشبەرەکان، ژنانن». هەرلەوکاتەدا یەکێکی دیکە لە بەرپرسانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاندوە کە ٣٥ لە سەدی تووشبوان بە ماده هۆشبەرەکان لە ئێران، ژنانن.

ڕۆژنامەی «قانون» نووسیویەتی، بەدواداچوونە قانوونییەکان بە پێی ئەسنادو ڕاپۆرتەکانی ستادی بەربەرەکانی لەگەڵ ماده هۆشبەرەکان ، نیشانی داوە لە ١میلیۆنو ٣٢٥ هەزار موعتادی ڕەسمیو ڕاگەیەندراو لە ئێران، نزیک بە٢٧٠ هەزار کەسیان ژنن، ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئامارە ناڕەسمییەکان زیاتر لەو ڕێژەیان بەراورد کردوە.

## ڕوانینەکان بەرانبەر بە ژنی موعتاد

زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوەو سەرچاوانەی لە پێوەندی لەگەڵ ئێعتیادی ژناندا بڵاو بوونەوە، لە یەک خاڵدا هاوبەشن، ئەویش ئەوەیە کە زۆربەی ئەو ژنانەی تووشی ئێعتیاد بوون، هاوسەری موعتادیان هەیەو ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هاوسەرەکانیان تووشیان کردوون.

لێکۆڵینەوەکان ئەوە نیشان دەدەن کە ئێعتیادی ژنان لە کۆمەڵگەدا تا ڕادەیەک بە شاراوەیی ماوەتەوەو هیچکات ئامارەکان لە پێوەندیی لەگەڵ ژناندا ڕوون نین. ئەمەش بە هۆی ڕوانینی کۆمەڵگەوەیە کە بە چاوێکی یەکجار پڕ لەسووکایەتی چاو لە ژنێک دەکرێ کە گیرۆدەی ماده هۆشبەرەکان بووە. یانی لە دیدی کۆمەڵگەوە ژنی موعتاد وەک لەشفرۆشێک وایە. بنەماڵەش لەترسی ئابڕووچوونو ڕیسوابوون لە کۆمەڵگەدا، جگە لەوەی مامەڵەیەکی خراپ لەگەڵ ئەو ئەندامەی خۆی دەکا، هەوڵ دەدا بەشاراوەیی بمێنێتەوە. ئەمەش ژنی موعتاد هێندەی دیکە دەخاتە نێو دۆخێکی مەترسیدارەوە. واتە زۆر جار ئەو ئیمکاناتەی بۆ تەرکی ئێعتیاد کەڵکی لێوەرگیراوە، وەک ناوەندەکانی تەرکی ئێعتیاد، ژنان لێی بێبەش بوون. ئەمەش هێندەی دیکە ئاکامی خراپی بۆ ژنی موعتاد لێکەوتۆتەوە. یان ئەوانەی دەبرێنە ناوەندەکانی تەرکی ئێعتیادو تەرکی دەکەن، بە هیوای دەستپێکردنی ژیانێکی ئاسایی ڕۆژێک لەو ناوەندانە دێنە دەرەوە، بەڵام دوای ئەوەش، بنەماڵەکانیان پشتیوانییان لێناکەنو زۆر جار خۆیان تێ ناگەیەنن. زۆر لەوانە بەهۆی تەنیاییو بێکەسی دیسان ڕوو دەکەنەوە ئەم بەڵا ماڵوێرانکەرەو ژیانیان دەکەوێتەوە مەترسی.

گۆڤاری پزیشکیی دەروونناسیی ئێران لە توێی لێکۆڵینەوەیەکدا کە هاوینی ساڵی ١٣٩٠ بڵاوی کردۆتەوە ، بەشێک لەو گیروگرفتو مەسەلانەی ژنانی موعتادی هێناوەتە بەرباس. لێکۆڵینەوەکە لە لایەن ٤ دوکتوری دەروونناسەوە لە سەر ٦٢ ژنی تووشبوو بە ماده هۆشبەرەکان لە دوو ناوەندی دەرمانیی تەرکی ئێعتیاد کراوە. وتووێژەکان لەگەڵ ژنانی ١٦ تا ٥٧ ساڵە کراون کە زۆرتریان تەمەنیان لە نیوان٢٥ تا ٣٠ ساڵدا بووە. لە لێکۆڵینەوەکەدا هاتوە کە ئەوانەی لێکۆڵینەوەکەیان لەگەڵ کراوە لە توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە (لە باری ئابووریو کۆمەڵایەتییەوە) بوون. سەرەڕای ئەوەش لێکۆڵینەوەکە پڕە لە زانیاریی گرنگ کە لانی کەم وەزعییەتی بەشێکی زۆر لە ژنانی موعتاد نیشان دەدا.

دەرکەوتەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە ئەوانەن:

ئەو ژنانەی لێکۆڵینەوەکەیان لەسەر کراوە لە خوێندەواری سەرەتاییەوە تا خوێندەواری پلە بەرزیان تێدایە ، ٩٠ لە سەدی ئەوانە بێکارو ٣٠ لەسەدیان بێماڵوحاڵ بوون. ٦٠ لەسەدیان ڕابردووی لەشفرۆشییان هەبووەو زیاتر لە ٩٠ لەسەدیان بۆ پەیداکردنی ماده هۆشبەرەکان ڕوویان لە کاری خیلاف کردوە. زیاتر لە نیوەیان لە ڕێی کڕینو فرۆشتنی ماده هۆشبەرەکان ، لەشفرۆشیو دزیکردنەوە، ژیانی خۆیان بەڕێوە بردوە. نزیک بە نیوەیان ژنو مێرد هەردوویان کاریان هەبووە (شاغل) بوونو، نیوەیان ژنی بەمێرد بوونو لەدەست توندوتیژی جەستەییو دەروونیی هاوسەرەکانیان شکایەتیان هەبووە. زۆرتریشیان ژنانی سەڵت، بێماڵو بێجێوڕێ بوون. بەگشتی زیاتر لە نیوەی ژنانی موعتاد لە گەڵ توندوتیژیی جەستەییو جینسیو دەروونی بەرەوڕوو بوون. هەموو ئەو ژنە موعتادانە کە لە پشتیوانیی ماڵی بێبەش بوون ، بۆ بەدەستهێنانی مەواد ڕوویان لە لەشفرۆشی، قەرزکردن، دزیو هەڵخەڵەتاندنی کچانی کەمتەمەنو.... کردوە.

ئەو ژنانە، سووکایەتیپێکران، وەلانران لە لایەن بنەماڵەو کۆمەڵگەوەو هەژارییان بە یەکێک لە سەرەکیترین کێشەکانی خۆیان ناو بردوە. بەتایبەتی دەرکردن و تۆمەتلێدان لەلایەن بنەماڵەوە یەکێک لە گرفتە هەرە سەرەکییەکانی ئەو ژنانە بووە.

بەسەرنجدان بەم مەسەلەیە، دەکرێ بڵێین سەرنجنەدان بە ئێعتیادی ژنانو شاردنەوەی ئێعتیادی ژنان لە لایەن بنەماڵەوە، لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا ئاکامێکی یەکجار خراپی بۆ کۆمەڵگە بە دواوە دەبێ. لە کەس شاراوە نیە کە بنەماڵە وەک چۆن دەتوانێ لە پاراستنی سڵامەتیی دەروونیی ئەندامەکانیدا کاریگەر بێ، دەتوانێ لە زەمینەخۆشکردن بۆ بەلاڕێدابردنیش دا ئەو کاریگەرییەی هەبێ.

بە گوێرەی لێکۆڵینەوەی پسپۆڕانو کارناسانی بواری کۆمەڵایەتی، مەترسیی ئێعتیادی ژنان لەسەر کۆمەڵگە لە هی پیاوان پترە. بۆ نموونە مەودای زەمانیی یەکەم مەسرەفکردن، تاکوو تەزریقی مەواد لە ژناندا ٢ ساڵە، بەڵام لە پیاواندا نزیک ٨ ساڵە. بەم شێوەیە ژنان ٦ ساڵ زووتر لە پیاوان، ئۆگری مەواد دەبن کە ئەمەش ڕوونە چارەسەرەکەشی دژوارتر دەبێ. هەروەها مردن بە هۆی ماده هۆشبەرەکانەوە لە ژناندا زووتر دەبێ، بەتایبەتی ئەوانەی زۆر مەسرەف دەکەن.

هەربۆیە ئەمڕۆ لە دنیادا بۆ پێشگیری لە ئێعتیادو تەرکی ئێعتیادی ژنان، سەرنجێکی تایبەتی دەدرێتە ئەم بوارە. بەڵام لە ئێران کە یەکێکە لەو وڵاتانەی زۆرترین ئاماری ئێعتیادی هەیە ئەم سەرنجدانە نیەو بەداخەوە ژنان وەک هەموو لایەنو بوارەکانی دیکە پشتگوێ دەخرێن.

**سەرچاوەکان:**
ماڵپەڕی «خانه وکلا»
گۆڤاری ئینترنێتیی «برترینها»
ماڵپەڕی هەواڵدەریی «مهر»



# داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان لە دروشمەوە تا کردەوە



شەونم هەمزەیی

هەروەک بۆ هەمووومان ئاشکرایە گۆڕانو پێشکەوتنەکان لە کۆمەڵگادا بەردەوامن، لە دونیای پڕئاڵۆزیدا کە پێوەرەکان ئاوەژوو بوونەتەوەو ڕاستییەکان بوونەتە قوربانیی کاردانەوە نالەبارە مێژووییەکان. زۆر کێشەو مەسەلە هەن کە بەرۆکی زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵگایان گرتوەو لەسەر یەک کەڵەکە بوون، یەکێک لەو کێشانە کە بۆتە کێشەیەکی سەردەمییانە کێشەی تایبەت بە مافەکانی ژنانە، کە وەک زۆر لە کێشەکان ئاڵۆز کراوەو لە ڕاستیدا لە ماهیەتی دابڕێنراوە.

لە سەردەمانێکی کۆنەوە ژن لە کۆمەڵگادا وەک مرۆڤ سەیری نەکراوە یان بە نیوەی مرڤ دانراوەو لە سادەترین مافەکانی بێبەش کراوە کە تا هەنوکەش لە زۆربەی وڵاتان ژنان لە چوارچێوەیەکی داخراو دەرنەچوونو ڕێگەی بەشداری لە هیچ چالاکییەکی سیاسیو کۆمەڵایەتییاندا پێ نەدراوەو زۆربەی کات مافی خۆهەڵبژاردنو زۆر جار مافی دەنگدانیشیان نەبووەوتەنانەت میراتیان بەرنەکەوتوە، لە کارو کارگەکاندا نیوەی مووچەی پیاوانیان پێدراوە. هەروەک بۆ هەمووومان ئاشکرایە پاش ڕوودانی جەنگە جیهانییەکان کاتێک ژمارەی پیاوان ڕوو لە کزبوون بوو، ژنان بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانیان پەنایان بۆ زۆر کارو کارگە بردوە کە زۆر بەشێوەیەکی ناشیرنو بە جیاوازییەکی زۆری ماددییەوە مامەڵەیان لەگەڵ کراوە.

باسکردن لەو هەڵاواردنو جیاوازیدانانە کە دژ بە ژنان کراوە لەم مەجالە کورتەدا ناگونجێ، مەبەست لەم نووسینە ئەوەیە کە بزانین ئاخۆ گواستنەوی هەندێ کێشەو دەرئەنجام وەک پلانو دروشمو میکانیزم لە وڵاتێکی ڕۆژئاواوە بۆ وڵاتێکی دیکە تا چڕادەیەک لە گەڵ ڕاستیدا دەگونجێ؟

ژن لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا شۆڕشی پەرپا کردو توانی تاڕادەیەکی بەرچاو مافەکانی خۆی لە چوارچێوەی یاساو ڕێساکانو هەروەها کەلتووردا مسۆگەر بکا. ڕەنگە نموونەی هەرەبەرچاوی ئەو شۆڕشە خۆپێشاندانی ژنانی شاری نیۆیۆرک لە ٨ ی مارسی ساڵی ١٨٥٨ ی زایینیدا بێ کە سەرەنجام ڕۆژی جیهانیی ژنانی لێ کەوتەوەو بوو بە هەوێنی زۆر ئاڵوگۆڕی دیکە لە ئاستی مافەکانی ژناندا. بەڵام لە وڵاتانی دوا کەوتوو یان لە حاڵی گەشەدا ژن هێشتا دروشم دەدا، لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا ژنان دابونەریتی دواکەوتوویان گۆڕیو بوون بە داهێنەر، سیاسەتوان، ڕاوێژکارو تەنانەت سەرۆک کۆمار، بەڵام بە پێچەوانەوە لە کۆمەڵگاکەی دیکەدا ژن دروشم دەڵێتەوە، چۆتە مەیدانی کێشەکانەوە، پیاو ڕێگەی بۆ دادەنێ، ئەمانە هەمووی ئەوە دەگەیەنن کە هاوکێشەکان جیاوازنو بارودۆخەکە جۆرێکی دیکەیە.

لێرەدا مەبەستی من تەنیا کوردستان نیەو بەڵکوو وڵاتانی جیهانی سێیەمو خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتییە، لە وڵاتانی پێشکەوتوودا ژن حوکمداری دەکا ، لە بەرهەمهێناندا بەشدارە، پلان بۆ چەند ساڵی وڵاتەکەی دادەنێ، بەڵام لە وڵاتانی دواکەوتوودا پرسی ژن بۆتە دروشمێک کە زۆرتر بواری پرۆپاگاندا دەگرێتەوەو بەردەوام لە ڕاگەیاندندا لە زمان پیاوانەوە دەگوترێتەوە ، بەداخەوە لە کۆمەڵگە دواکەتووەکاندا مافەکانی ژنانو داکۆکیکردن لە ژنان تەنیا بووەتە سێمبولێک بۆ خۆبەرووناکبیردەرخستن، ئاخۆ ژمارەیەکی زۆر لەو چالاکو یەکسانیخوازانە تا چەند باوەڕیان بە دروشمەکانیان هەیە؟ لە بواری پراکتیکدا ئەو کەسانە تا چڕادەیەک حازرن بۆ گەیشتنی ژنان بە مافەکانیان لە خۆبووردوویی نیشان بدەن. بە دڵنیاییەوە بە چاوخشاندنێکی کورت بە سەر ماڵپەڕە ئینترنێتییەکانو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆمان دەردەکەوێ کە ڕادەی پیاوانی بەناو داکۆکیکار لە مافەکانی ژنان دەیان بەرانبەری ژنانی داکۆکیکارە، ئەوەی جێی پرسیارە ئەمەیە کە سەرەڕای هەبوونی ئەو هەموو چالاکە یەکسانیخوازە، چی بۆتە هۆی ئەوەی کە کێشەکانی ژنان هەر وەکوو جاران لە کۆمەڵگادا بەردەوام بن؟.

بە پێی ئاکامی زۆربەی لێکۆڵینەوەکان گەورەترین لەمپەڕی بەردەم ژنان بیرۆکەی زاڵی پیاوسالار لە سەر کۆمەڵگایە. پرسیار ئەوەیە ئاخو چەند لەسەدی پیاوانی بە ناو داکۆکیکار لە مافەکانی ژنان، دایک، خۆشک یان ژنەکانیان لە پرۆسەی سیاسی کۆمەڵایەتیدا بەشدارن؟

لێرەدا پێویستە ئەوە بزانرێ کە گرینگیدان بە کێشەی ژنان گرینگیدانە بە نیوەی مرۆڤایەتی، کە بۆ ئەوە کارو پلانو خەمخۆری پێویستە، چارەسەری ئەم کێشانە بە دروشمو هیواو ئاواتخواستن تەواو نابێ، پێویستە بزانرێ کە کێشەو گرفتی کۆمەڵگایەک تا کۆمەڵگایەکیدیکە جیاوازە. هەروەها دەبینین زۆر ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان هەن کە داوای مافەکانی ژنان دەکەن، بەڵام ئاخۆ تا چەند لە چوارچێوەی دروشم هاتوونە دەرەوە، تا چەند توانیویانە کاریگەری لەسەر گۆڕینی بیرورا دواکەتووەکانو بەرزکردنەوەی ئاستی فەرهەنگیی تاکەکان کە چارەسەری سەرەکی زۆربەی کێشەکانە دابنێن. ئەگەرنا گوتنەوەی دروشمی وڵاتانی دیکە خزمەتێک ناکا، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە سوود لە ئەزموونی کۆمەڵگاکانی دیکە وەرنەگرین، یان کێشەی لەیەکچوومان نیە ، بەڵام هەر کێشەیەک لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازەو هەریەک دابونەریتو توانای خۆی هەیە.

ڕەچاوکردنی ئەمانە هۆکارێکە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی فەرهەنگیو هۆشیاری لە کۆمەڵگادا، سەرەنجامیش بۆ بەرەوپێشچوونی هەموو پرۆسەکان لەبارەی خزمەتکردن بە نیوەی کۆمەڵ.

کوردستان
ژمارە: ٦٠٨
٣١ی بانەمەڕی ١٣٩٢
٢١ی مەی ٢٠١٣

بیرو رای ئازاد

ڕێبوار مەعروفزادە: هەڵبژاردنی خولی یازدەی سەرکۆماری هەڵبژاردنێکی دێموکراتیکتر لە هەڵبژاردنەکانی پێشووتر نیە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ستادی هەڵبژاردن لە نێوان دەوڵەتو کەسانی سەربەڕێبەریدا دابەش بووە ئەنجامدانی ساختەکاری دژوارترەو لە دۆخی ئێستادا بەکارهێنانی مافی ڤێتۆی ڕێبەر بۆ دیاریکردنی سەرکۆماریش ڕیسکێکی سیاسی گەورەیە.

هەر هێزێکی سیاسی، ئۆپۆزیسیۆنێکی نێوخۆیی بێو چهێزێکی سیاسی نایاسایی کە ناوەندەکەی لە دەروەی ئێرانە، مادام دەیەوێ لە کایەسیاسییەکاندا کاریگەریی هەبێو خاوەنی ڕوانگەیەکی دروستو عەقلانی بە نیسبەت هەڵبژاردنەوە بێ، پێویستە ئەو خاڵانە لە بەرچاو بگرێ:

# هەڵبژاردنی خۆڵی ١١ی سەرکۆماریو روانگەی کورد



ڕێبوار مەعروفزادە

هەڵبژاردنی خۆلی یازدەی سەرکۆماری ئێران لە ٢٤ی جۆزەردانی ئەمساڵدا بەڕێوە دەچێ. هەڵبژاردن لە نێو سیستمی کۆماری ئیسلامیدا هەر لە سەرەتاوە پرسیارهەڵگر بووە. لە دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی ئێران مۆدێلێکی جیاوازو نوێی دەسەڵاتداری، پێوەندییەک لە نێوان ڕەوایی سەرووخەڵکی واتە بوونی «ولایت فقیه»و ڕەوایی خەڵکی واتە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن، لە ئێراندا بووە بە واقعێکی سیاسی-ئیداری. ئەو پێوەندییە لە لایەک زەقبوونەوەی دەسەڵاتو زاڵبوونی ڕووحانییەتە لە ژێر چەتری «ولایت فقیه»داو لە لایەکی دیکە وەرگرتنی ڕەوایی لە خەڵکە لە ژێر چەتری هەڵبژاردنی سەرکۆماری، پارلمانو شووراکاندا. تێڕوانین لە مێژووی ئەو پێوەندییە واتە مێژووی پێوەندیی «ولایت فقیه»_ کۆمارییەت بەو هۆیەوە پڕبایەخە کە نیشان دەدا ئەو پێوەندییە سەرەڕای نادێموکراتبوونی پێوەندییەکی گۆڕانهەڵگربووە. سەردەمی خۆمەینی سەردەمی باڵادەستیی بێئەملاوئەولای ویلایەتی فەقیە لەو پێوەندییەدا بووە تا ئەو جێگەیە کە هێزی سیستمی ئیداری-بەڕێوەبەری واتە دەوڵەت فەرمانبەرو ژێردەستەی هێزی کاریزمایی خومەینی وەک «ولیفقیە» بوو. نموونەی هەرە بەرچاوی ئەو باڵادەستییەش ئەستاندنەوەی بەرپرسیارەتی لە ئەبولحەسەنی بەنیسەدر لە ساڵی ١٣٦٠دا وەک یەکەمین سەرکۆماری هەڵبژێردراوی ئێران بوو. ڕەوتی لاوازبوونی باڵادەستیی «ولایت فقیە»لە بەرامبەر سەرکۆماریدا ڕێک بە مردنی خومەینیو هاتنەسەرکاری خامنەیی وەک ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دەستی پێکرد. خامنەیی خاوەنی ئەو پێگە کاریزماییو ڕەواییە ئایینییە نەبوو، بەڵکوو ئەو نموونەیەک بوو لەوە کە سەرکۆمار دەتوانێ ببێتە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی. هەروەها پراکتیکی هەر دوو قۆناخی دەوڵەتداریی ڕەفسەنجانیو خاتەمی زیاتر بنەماکانی ویلایەتی فەقیهی لاواز کرد. بە هاتنە سەرکاری ڕەفسەنجانی دەورانێک لە دروستکردنەوەی ژێرخانە ئابووریە-نیشتمانییەکان، دەورانێک لە گەشەی ئابووریی وڵات، دەستی پێکرد. بەرفرەوانترکردنی خزمەتگوزاریگەلێک وەک دابینکردنی ئاوبەرقو مەدرەسەو ... پێوەندی و بەستراوەییەکی ڕۆژانەی لە نێوان خەڵکو دەوڵەتدا دروست کرد. دواجار بە وتەی قالیباف، یەکێک لە پالێوراوانی ئەم خۆلەی سەرۆک کۆماری ئێرانو نزیک لە بەیتی ڕێبەڕی، «لە ئاکامی ئەو بەستێنانەدا کە دەوڵەتی ڕەفسەنجانی دروستی کرد ڕەوتی ڕێفورمخوازی هاتە سەر کار». دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە لە پەنا قۆناخێک لە گەشەی ئابووری لە دەورانی ڕەفسەنجانیدا زنجیرەیەک تیرۆر لە ئاستی نێوخۆییو ئورووپادا ڕوویان دا. هەر بۆیە کاتێک ڕەفسەنجانی بۆ جاری دووهەم خۆی بۆ پۆستی سەرکۆماری بەربژێر کرد، خەڵکی کوردستان بە هۆی تیرۆری ڕێبەرانی کوردو بۆ دژایەتی لەگەل ڕەفسەنجانی دەنگیان بە ئەحمەدی تەوەککولی دا کە دواتر ڕەفسەنجانی لە یەکەم وتاری خۆی لە نوێژی هەینیی تاراندا ئەو کاردانەوەیەی خەڵکی کوردستانی بە لاسارییەکی منداڵانە دانا. ئەو وتەیەش ڕەنگە بەو هۆیە بووبێ کە ئەگەری سەرکەوتنی ئەحمەدی تەوەککولی لەو کاتەدا ئەگەرێکی لاواز بوو و دەنگدانی خەڵکی کوردستان بەو پالێوراوە گۆڕانێکی لەو بابەتەدا پێکنەدەهێنا. بە گشتی دەوڵەتی ڕەفسەنجانی بە پەرەدان بە پراگماتیزم ویلایەتی فەقیهی لاواز کرد، واتە بە گرتنەبەری سیاسەتێکی ئابووریو بەڕێوەبەریی واقیعگەرایانە، پێویستیی کۆمەڵگەی ئێران بە هێزە ئایینیو کاریزماییەکانو توانای مانۆردانی کەم کردەوە.

سەردەمی ڕێفورمخوازان بە هاتنەئارای چەمکگەلێکی تازە لە ئاستی نێوخۆییو جیهانیدا دەستی پێکرد. ئەو دەورانە بە زاڵبوونی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئاستی نێوخۆییو زاڵبوونی وتووێژی نێوان شارستانییەتەکان لە ئاستی جیهانیدا دەناسرێ. هەرچەند لەو قۆناخەدا هێندێک جار دەزگاکانی دادوەریو پارلمانو بە تایبەتی دەزگا ئەمنییەتی-نیزامییەکانی سەر بە «ولایت فقیە»، دەوڵەتو سەرکۆماریان هەتا ڕادەی تەداروکاتچییەکی بێ دەسەڵاتی ئەو سیستمە دابەزاند، کە نموونەی هەرە بەرچاوی ئەو ڕووداوانە ڕووداوی گەڕەکی زانکۆی تاران لە ساڵی ١٣٧٨ دا بوو. بەڵام ئەو قۆناخە قۆناخێک لە گەشەی سیاسی-مەدەنیی کۆمەڵگەی ئێران بوو. واتە ڕادەی ڕۆژنامەو گۆڤار، ڕێکخراوە مەدەنییەکان، هۆشیاریی نەتەوەکانی ئێرانو ... بەرز بۆوەو بزووتنەوەگەلێکی وەک بزووتنەوەی خوێندکاریو ژنان ڕۆلێکی گەورەتریان گێرا. دواجار قۆناخی چاکسازی داواکاریی بەشداریو کۆمارییەتی لە نێو خەڵکی ئێراندا زیاتر کردو ئەو ڕاستییەی کردە هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتی کە «ولایت فقیە» هەروەک ڕێژیمی شای پێشوویە لە بەرامبەر چاکسازیدا.

قۆناخی دوای چاکسازی بە دەوڵەتداریی مەحموودی ئەحمەدینەژاد سەرکۆماری پۆپۆلیستی ئێرانو بە هاتنەئارای چەمکی «دادپەروەریی کۆمەڵایەتی» لە ساڵی ١٣٨٤دا دەستی پێکرد. ئەحمەدینەژاد لە ماوەی دەوڵەتداریی خۆیدا فەزای سیاسیی کپ کرد، دەزگا ئەمنییەتیو ئینتیزامییەکانی بەهێز کردو خەڵکی هەژارو لادێنشینی لە ڕێگەی یارانەکانەوە لە دەوری خۆی کۆ کردەوە. لە دیپلۆماسیی ئێراندا بووە هۆی ئەوە کە دوژمنانی کۆماری ئیسلامی لەسەر دژایەتیکردنی ئێران سوورترو یەکگرتووتر بن. سەرەنجام دەوڵەتداریی ئەحمەدینەژاد گەمارۆیەکی ئابووریی وێرانکەری تووشی ئێران کرد. هەروەها لە خولی دووەمی بەربژێرکردنەوەی خۆی بۆ سەرۆک کۆماری لە ساڵی ١٣٨٨دا خامنەیی تووشی هەڵەیەکی مێژوویی کرد. دەستێوەردانی خامنەیی لە هەڵبژاردنەکان لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی ئەحمەدینەژاددا ڕێبەری لە لای ڕێفورمخوازانی دەوڵەتی لە ڕێبەربوون خستو بەرپرسیارەتیی ڕووداوەکانی دوای ساختەکاری هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٨٨ی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕوی خامنەیی کردەوە. خامنەیی بە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ لە ساختەکاریی هەڵبژاردنی خۆلی دووهەمی ئەحمەدینەژاددا ئەو دەرەتانەشی کە بۆ کۆمەڵێک لە بژاردەی سیاسی هەبوو تابتوانن لە ئاستێکی خوارتر لە بەڕێوەبەریی وڵاتدا ململانێو بەشداری بکەن لە نێو برد. هەر بۆیە خامنەیی بۆ کۆمەڵێک لە بژاردەی سیاسی، کە لە سەقامگیریی ئەو نیزامەی ئەو تێیدا ڕێبەر بوو هاوکارو یارمەتیدەر بوون، بوو بە هەڕەشەیەک. هەڵگەڕانەوەی ئەحمەدینەژاد لە خۆلی دووەمی سەرکۆماری خۆیدا لە ڕێبەر، بە شێوەیەکی ئاشکرا لە هەوڵی ئەحمەدینەژاد بۆ گۆڕینی وەزیری ئیتتلاعات دەستی پێکردو خەساری ئەو هەڵەیەی خامنەیی دوو قات کرد. ئەو بابەتە ئەوەی دەرخست کە خامنەیی نە تەنیا وەک »ولی فەقیە« بەڵکوو وەک بەڕێوەبەرێکیش ئەو تواناو تێگەیشتنە سیاسییەی نیە کە لە نێوان ئەو بەشانەی لە چوارچێوەی سیستمی کۆماری ئیسلامیدا بەشداری دەکەن باڵانس و هاوسەنگی دروست بکا. چاوخشاندن بە مێژووی هاوپێوەندیی «ولایت فقیە»_کۆمارییەتدا ئەوە نیشان دەدا کە ڕوانگەی کۆمەڵێک هێزی ئۆپۆزیسیۆنی پەراوێزخراو بە تەواوەتی نادروستە کە هەرچەشنە بەشدارییەک لە هەڵبژاردندا بە واتای ڕەواییبەخشینو سەقامگیرکردنی کۆماری ئیسلامی لە قەڵەم دەدەن. ئەو ڕوانگەیە هەر بەو ڕادەیە ئێدئۆلۆژیکو ساویلکانەیە کە خامنەییو قاڵبووەکانی نێو ویلایەت پێیان وایە هەر بەشدارییەکی خەڵک «مستێکە لە دەمی ئەمریکاو ئیستکباری جیهانی».

بۆیە هەر هێزێکی سیاسی، چۆپۆزیسیۆنێکی نێوخۆیی بێو چهێزێکی سیاسی نایاسایی کە ناوەندەکەی لە دەروەی ئێرانە، مادام دەیەوێ لە کایەسیاسییەکاندا کاریگەریی هەبێو خاوەنی ڕوانگەیەکی دروستو عەقلانی بە نیسبەت هەڵبژاردنەوە بێ، پێویستە ئەو خاڵانە لە بەرچاو بگرێ:

١- هەڵبژاردن بەدەر لە ئازادو دادپەروەرانەبوون، میکانیزمێکە بۆ شەرعییەتوەرگرتن. هەر میکانیزمێکو هەر هەڵبژاردنێک، کە پۆتانسیەلی ڕەواییبەخشینی هەبێ، توانای خەوشدارکردنو قەیراندروستکردنیشی دەبێ. دروشمەکان، وتارو هەڵسوکەوتەکان لە ڕەوتی هەڵبژاردندا پێکەوە بەشدار دەبن لەوەی کە ئاسۆی ئەو سیستمە سیاسییە دەستنیشان بکەن.

٢- بەشداری لە هەڵبژاردندا نەخشەیەکی دیاریکراوی کۆرتخایەن بە دەرئەنجامێکی دیاریکراو نیە. هەڵبژاردن پرۆسەیەکە کە ڕێژیم بە روانگەیەکی ئەمنییەتی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکا. ڕێژیم لە پرۆسەیەکی ئەمنییەتیدا کات، هێزی ماددیو میدیایی تەرخان دەکا بۆ ئەوەی خەڵک بە شێوەیەکی سیاسیو مەدەنی بە چۆکدا بێنێو بە خەڵکی جیهان نیشان بدا کە ئەو ڕێژیمە بە میکانیزمێکی مەدەنیو دێموکراتیک بە سەر خەڵکدا حکوومەت دەکا. بەڵام هیچ مسۆگەریش نیە کە ڕێژیم حەتمەن لەو پرۆسەیەدا سەرکەوتن بە دەست بێنێ. بۆ نموونە ئاکامی هەڵبژاردنی خۆلی دەیەم سەرتر لە بوونەوەی کەسێک بە ناوی ئەحمەدینەژاد بە سەرکۆمار ئەوە بوو کە ڕاگەیاندنی سەرکۆمار لە لایەن نیزامەوە لە لایەن خەڵک قبووڵ نەکرا. واتە ڕێژیم دەسەڵاتدارێکی سیاسی-مەدەنی نەبوو.

## فەزای ئێستای هەڵبژاردن

ئێستا فەزای هەڵبژاردن لە نێوخۆدا بە سەر سێ گرووپی سیاسی بەیتی ڕێبەڕی، ڕەفسەنجانیو دەوڵەتدا دابەش بووە. بەیتی ڕێبەڕی لە لایەن چەند نوێنەرێکەوە وەک سەعیدی جەلیلی، حەدادی عادل، عەلی ئەکبەری ویلایەتیو سەردار قالیباف نوێنەرایەتی دەکرێ. بە ئەگەری زور ئەو گرووپە لە درێژەدا لە پێناو یەکگرتوویی زیاتری لە بەرامبەری گرووپی ڕەفسەنجانیو دەوڵەتدا تەنیا یەک یان دوو کەسیان لە گۆڕەپانەکەدا دەمێننەوە کە سەعیدی جەلیلیو قالیباف شانسێکی زیاتریان هەیە.

گرووپی دووهەم گرووپی ڕەفسەنجانییە کە جگە لە کارگوزارانو لایەنگرانی دێرینی خۆی ئێستا لە پشتگیریی ڕێفورمخوازانیش بەهرەمەندە. هەروەها ڕەفسەنجانی، بە پێی ئەو ڕەنگدانەوی کە دوای ناونووسییەکەی بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا لە زور لە ماڵپەرە گرنگەکانی وەک تایمزو واشینگتون پۆستو ... دەرکەوت، لە لایەن ڕۆژئاواوە پشتگیریی لێدەکرێ چونکە پێیان وایە ئەو دەتوانێ قۆناخێکی هێورتری سیاسی لە ئاستی نێوخۆییو جیهانیدا دەست پێبکا.

گرووپی سێهەم گرووپی ئەحمەدینەژادە کە ڕەحیم مەشایی وەک کاندیدی خۆی ڕاگەیاندوە. ئەحمەدینەژاد لە ڕۆژی ناونووسیی مەشاییدا ڕایگەیاند کە مەشایی یانی ئەحمەدینەژادو ئەحمەدینەژادیش یانی مەشایی. ئەوەش بە واتای تەرخانکردنی هەموو توانای دەوڵەت بۆ سەرخستنی مەشاییو هەروەها بەردەوامیی تەمەنی دەوڵەتی ئەحمەدینەژاد لە فۆرمی دەوڵەتی مەشاییدا دێ. مودێلی ئەحمەدینەژاد_مەشایی نە تەنیا لە ڕووی هەوڵی ئەو دوو کەسە بۆ پاسدانی پۆستی سەرکۆماری بە یەکتر لە مودێلی پووتین_مێدییێدێڤ دەچێ، بەڵکوو لەو ڕووەوە کە ئەو گرووپەش بە هێنانەئارای «مەکتەبی ئێرانی» هەوڵی سڕینەوەی ڕووحانییەت لە سیستمی سیاسی دەداو دەیەوێ فەزای نیزامی_ئەمنییەتی توندتر بکا لە مۆدێلی پووتین_مێدڤێدێڤ دەچێ. هەرچەند ئەگەری پەسندکردنی سەلاحییەتی مەشایی لە لایەن شوورای نیگابان کەمەو بەربژێرەکانی دیکەی ئەو گرووپەش وەک محەممەدڕەزا ڕەحیمیو عەلی جەوانفیکر شانسی سەرکەوتنیان لە ململانێکانی هەڵبژاردندا کەمە. وەڵامدانەوە بەو پرسیارەش کە گرووپی دەوڵەت لە ئەگەری ڕێگەنەدانی شوورای نیگابان بە مەشایی بۆ بەشداری لە هەڵبژاردندا چ ئیستراتژی یان دژکردەوەیەکی دەبێ دژوارە.

کەوایە هەڵبژاردنی خولی یازدەی سەرکۆماری هەڵبژاردنێکی دێموکراتیکتر لە هەڵبژاردنەکانی پێشووتر نیە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ستادی هەڵبژاردن لە نێوان دەوڵەتو کەسانی سەربەڕێبەریدا دابەش بووە ئەنجامدانی ساختەکاری دژوارترەو لە دۆخی ئێستادا بەکارهێنانی مافی ڤێتۆی ڕێبەڕ بۆ دیاریکردنی سەرکۆماریش ڕیسکێکی سیاسی گەورەیە.

## ئیستراتیژی کورد بۆ هەڵبژاردنەکان

بۆ هێزێکی سیاسیی کوردی کە بەدەر لە دروشمی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەیەوێ لە ڕێگەی هەڵوێستەکەی لەو هەڵبژاردنەدا پێگەو دۆخی کورد باشتر بکا جگە لەو تێبینیو خاڵانەی ئاماژەی پێکرا، ئەم خاڵانەش گرنگن:

١_ بە کۆتاییهاتنی تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا مەسەلەی کوردو کێشەکانی ئەو نەتەوەیە کۆتایی پێنایە. لە ڕوانگەیەکی ستراتژیکەوە لە هەر دووک ڕێژیمی پاشایەتیو کۆماری ئیسلامیدا ناوەندێکی سیاسی، ئابووری، قانوونیو ئیداری بەهێزتر لە دەرەوەی جوغرافیای کوردستان هەبووە کە بە شێوەیەکی دێموکراتیکو وەک نەتەوەیەک هەڵسوکەوتی لەگەڵ کورد نەکردوە. دەکرێ هەر ئەو ڕستەیە بەو شێوەیەش بڵێین کە ئاکامی بزووتنەوەی کوردایەتی لەو بازنەیە لە مێژوودا ئەوە بووە کە کوردستان لە هێندێک ماوەی زەمەنیی کورتو پچڕپچڕدا ناوەندێکی سیاسی بووەو گەشەی سیاسیی کردوە، بەڵام بەو ڕادەیە نەبۆتە ناوەندێکی ئابووریو ئیداریو .... کەواتە بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە بواری سیاسیدا توانیویەتی هاوسەنگییەک لە نێوان ناوەندیەتیی سیاسیی کوردستانو ناوەندیەتیی سیاسیی تاراندا دروست بکا، بەڵام نەیتوانیوە کوردستان بکاتە ناوەندێکی ئابووریو ئیداری کە توانای کاریگەریو گوشار بۆ سەر تارانی هەبێ. ڕەنگە نەتەوەیەک کە لە ئێراندا ڕەوتێک لە بەناوەندبوونی پێچەوانەی بە نیسبەت کوردستان بڕیوە نەتەوەی تورک بێ. تەورێز کە لە دەورانی مەشرووتەدا ناوەندێکی سیاسی بوو لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا بوو بە ناوەندێکی ئابووری-ئیداری. ئەگەر ئەو مانگرتنە جەماوەریو مەدەنییانەی لە کورستان بەڕێوە چوون، لە تەورێز بەڕێوە چووبان، ئەو مانگرتنە نەک پەیامێکی سیاسی-سەمبۆلیک بەڵکوو پەیامێکی سیاسی-ئابووریی کاریگەر دەبوو. ئەوەی ئێستا بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی دەبێ غەمی یەکەمو سەرەکی بێ بە ناوەندکردنی ئابووریی کوردستانو گەشەی ئابووریی کوردستانە.

٢- کەلکوەرگرتن لە چەمکی «خیانەت» بۆ پێناسەکردنی کردەوەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا لە عەقلانییەتێکی سیاسییەوە سەرچاوە ناگرێ. شۆڕشگێرێک پێویستە مێژووی نەتەوەکەی لە یاد نەکا، بەڵام هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر بڕیاری سیاسیی خۆی لە بازنەیەکی مێژوویی هەلێنجێ. گۆمان لەوەدا نیە کە تیرۆری ڕێبەرانی کورد دەبێ بۆ هەمیشە لە یادنەکراوو مەحکوومکراو بێ، بەڵام لە سەر بنەمای ئەو تیرۆرانە ناکرێ کورد خۆی مەیدانی سیاسەت بە ڕووی خۆیدا تەنگ بکاتەوە. ڕەنگە باشترین نموونەش بۆ ئەو بابەتە پراکتیکی سیاسیی ڕێبەری نەمر دوکتور قاسملوو بێ. لە دەورانێکدا کە دوکتور قاسملوو لە کەسە هەرە دیارەکانی گۆڕەپانی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو لە لایەن خومەینییەوە فتوا بە دژی خەڵکی کوردستان دراو لە لایەن ئەو کەسانەوە کە ئێستاش هەر لە مەیدانی سیاسەتکردنی ئەو ڕێژیمەدان پشتگیریی لێکراو بەڕێوە برا. ڕێبەری نەمر ئەو نەهامەتییەی بە سەر گەلی کورد هات لە یاد نەکرد، بەڵام دەرگای ئەگەری پێشڤەچوونی مەسەلەی کوردی بە بینینو خوێندنەوەی دووبارە بۆ کوردکوژانی دوێنێ کراوە هێشتەوە.



عەدنان حەسەنپوور: چەندساڵ زیندانیبوون مانای چەندساڵ دووربوون لە دونیای نووسینو خوێندنەوەو تەنانەت باسوخواسی جیدی، مانای بزربوون لە دونیای زانستو بەتایبەت مانای بزربوون لە فەزای نووسینی کوردی. تاقە کتێبێ بە درێژایی ئەم وەرگێڕانە بۆ تێکەڵبوونەوە بەو فەزا کوردییە یارمەتیی داوم کتێبی «ئەزموونی مۆدێرنیتە»ی مارشاڵ بێرمەن بوو

ئاگری: ١٤٥٠٠ لایک ئاکامی دوو هەفتە کاری کەمپینی «ژن بوون کەرەسەی سووکایەتی کردن بە هیچ کەس نییە» لە سەر تۆری کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بوو. ئەگەر چاوێکی خێرا بە ئامار و هەروەها ئاکامەکانی ئەو کەمپینەدا بخشێنین دەبینین لە جۆری خۆیدا کەمپینێکو کۆدەنگێکی باش و بێ وێنە بووە و دەتوانین بڵێین یەکێک بووە لە کەمپینەکانی کە تاکو ئێستا لەسەر ئاستی دنیا کوردەکان دروستیان کردوە بۆ پشتگیری یان بە ئەنجام گەیاندنی کارێکی بەکۆمەڵ.

# وەرگێڕان لە دۆخی هێماییندا



عەدنان حەسەنپوور

**ئەم بابەتە بەشێکە لە پێشەکی وەرگێڕانی کتێبی «لیبرالیزم بەر لە دیموکراسی» لە نووسینی فەرید زەکریایی بیرمەندێکی هیندی - ئەمریکاییە کە عەدنان حەسەنپوور زیندانیی سیاسیی کورد کە لە زینداندا کردوویەتی بە کوردی.**

## پێشەکی:

ئەم کتێبەم لە بەندیخانەدا وەرگێڕاوە، هەر بۆیە ئەم وەرگێڕانە لە هێچ ڕوویەکەوە لە دۆخێکی ئاسایی‌دا نەژیاوە، چونکە سروشتی نووسینو خوێندنەوە لە بەندیخانە زۆر جیاوازە لە نووسینو خوێندنەوە لە دونیای ئاسایی‌و ئازاددا. لە نێوەڕاستی سێپتامبری ٢٠٠٩وە دەستم بە وەرگێڕانی ئەم کتێبە کردو لە دواڕۆژەکانی ئۆکتۆبری هەرئەو ساڵەدا تەواوم کرد، واتە سەرجەم کەمتر لە مانگونیوێکی خایاند. بەڵام نووسینەوەو پێداچوونەوەی نزیکەی یەک ساڵی تەواوی پێ‌چوو، چونکە دەستیان بەسەر کتێبو دەفتەرو نووسراوەکانمو یەک لەوانەش تەنیا نوسخەی وەرگێڕانەکەدا گرتو دوای تێکۆشانێکی بێوچانی شەش حەوت مانگە جا توانیم قەناعەت بە بەرپرسانی بەندیخانە بکەم کە کارێکی نایاساییم نەکردوە، کتێبێکم وەرگێڕاوە کە مۆڵەتی چاپکردنی لە لایەن وەزارەتی فەرهەنگو ئیرشادی ئێرانەوە پێ‌دراوە، لە قانوونی بنەڕەتیی ئێران‌دا نووسینو خوێندنەوە بە زمانی کوردی ئازادەو بە پێی قانوونی زیندانەکانیش دەتوانم درێژە بە کاری نووسینو خوێندنەوە بدەم. تەنانەت لەبەر دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرانبەر بەو جۆرە هەڵسوکەوتە سزایان دامو چەند ڕۆژێک لە سلوولی تاکەکەسی توند کرام. ئەمە دووهەم جاریشە پێشەکیی بۆ دەنووسم، یەکەمینیان بردو هەر نەیان‌دامەوە. سەرەڕای هەموو ئەم گیروگرفتانە لەسەر ڕێگای وەرگرتنەوەی کتێبو دەفتەرەکانو ئەو هەموو بەدواداچوونە، ناردنەدەرەوەی ئەم وەرگێڕانە قەدەغەیەو بەناچار دەبێ بە قاچاخەڕێگادا هەوڵی هەناردنی بدەم. دیارە کاری فیکری لە دۆخێکی ئاوا پڕ لەمپەرو پڕسترێس‌دا گەلێ سەختتر دەبێتەوە، بەڵام ئەمە تەنیا لایەنێکی کێشەکەیەو ئەسڵی مەسەلەکە لە شوێنێکی دیکەدایە؛ لە وێناکردنی «زیندانیی سیاسی»دا.

وەک ئاشکرایە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران هیچکات زیندانەکانی ئەم وڵاتە زیندانی‌یانی سیاسیی کوردیان لێ‌نەبڕاوەو ئەو کۆمەڵە مرۆڤە دیلکراوە هەمیشە یەک لە سەرچاوە گرنگەکانی هەواڵو چیرۆکەکانی نێو کۆمەڵگا بوون. چیرۆکە ڕاستو درۆکانی قارەمانەتی‌و بەرخۆدانی ئەو مرۆڤانە دەکەوتنە سەر زارانو هەمووکەس دەی‌گێڕانەوەو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە ناوەڕۆکێکی پڕحەماسەترو گەورەتریان وەردەگرت.

ئەو مرۆڤانە کە تا دوێنێ مرۆڤی ئاسایی نێو ئەم کۆمەڵگایە بوون لەپڕ دەگۆڕدران بۆ مرۆڤگەلێکی نائاسایی کە خاوەن وزەیەکی ناکۆتاو تایبەتمەندی‌و خەسڵەتی سەروومرۆیی بوونو شتێکیان لە بەرزە مرۆڤەکەی نیچە کەم نەبوو! بەڵام لەم ساڵانەی دوایی‌دا ئەکتەرێکی دیکە تێکەڵ بەم پرۆسەی ئوستوورەسازی‌یە بووەو یاری‌یەکەی خێراترو قووڵتر کردۆتەوە. ئەگەر تا دوێنێ چیرۆکی زیندانی‌یانی سیاسی چیرۆکی زارەکی‌و سیمایان نادیارو شاراوەو شوێنی بەندبوونیان بزرو تەریککەوتوو بوو، ئەمڕۆ بە یارمەتیی «میدیا»و «کۆمۆنیکەیشن» وێنە ڕەنگاوڕەنگو جۆراوجۆرەکانیان بەشێوەی ڕۆژانەو بێ‌بڕانەوە لەسەر شاشەی تێلەڤیزیۆنو لاپەڕەکانی ئینتەرنێتو ڕۆژنامەکانو شەپۆلی رادیۆکان بڵاو دەکرێتەوەو هەمووکەس چیرۆکی ژیانیان دەزانێ‌و ئاگاداری وردەکاری‌یەکانی چالاکی‌و تێکۆشانەکانیانە. ئەگەر تا دوێنێ سیمای زیندانی‌یانی سیاسی سیمایەکی لێڵو شێواو بوو ئەمڕۆ هیچی شاراوەیان نەماوەو هەموو شتێکیان ڕوونو ئاشکرایە، بەڵام بێگومان سەرەڕای هەموو ڕوونکردنەوەو پەردەهەڵماڵینەکان هێشتا دونیای زیندانی‌یانی سیاسی دونیایەکی سیحراوی‌و ئەفسانەیی‌یەو ئەوان هێشتا هەر هەمان قارەمانە بێ‌وێنەکانی نەتەوەن.

بە واتایەکی دیکە شەپۆلی میدیایی نەتەنیا سیمای ئەفسانەیی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکانی نەسڕیوەتەوە بەڵکوو تەنانەت کاڵیشی نەکردۆتەوەو بگرە گەلێ زیاتر لە جاران ڕاپێچی نێو سوڕیالیزمێکی هەمەگیرو فرەڕەهەندی کردوە. لێرە بەدواوە میدیا ئیدی تەنیا ڕاگوێزەری پەیام نیە بەڵکوو ئافرێنەری پەیامو مانایشە. بە زمانێکی دیکە، ئەرکی میدیا تەنیا گواستنەوەی هەواڵێک یان پەیامێک نیە بەڵکوو میدیا دەبێتە خاوەن‌سروشتێکی دیکەو ڕاستەوخۆ دەوری خوڵقێنەری ماناو شوناس دەگێڕێ. هەر بۆیە سیمای قەبەکراوی پێشووی زیندانی‌یانی سیاسی بە یارمەتیی میدیاو کۆمۆنیکەیشن هەم گەلێ مەزنترو سیحراویتر بۆتەوەو هەم لە ڕووبەرێکی ئێجگار بەربڵاوتردا پەرەی سەندوەو زیاتر لە جاران سنوورەکانی دونیای ئاسایی بەزاندوەو پێی ناوەتە نێو دونیایەکی مێتافیزیکاڵی سەروومرۆیی‌یەوە.

بێگومان هەرچی مرۆڤ گەورەترو وزەو دەسەڵاتیشی بەرفراوانتر وێنا بکرێ چاوەڕوانی خەسڵەتی بەرچاوترو کاروکرداروگوفتاری جیاوازترو مەزنتریشی لێ دەکرێ. مرۆڤی چیرۆکەکەی ئێمە ڕێک ئاوەها بەسەرهاتێک دەژی، لە لایەکەوە شوناسێکی زۆر جیاوازتر لە شوناسی ڕاستەقینەی خۆی بەسەردا سەپێندراوەو لەلایەکی دیکەشەوە دەبێ هەر ئەرکو چاوەڕوانی‌یەک ئەم شوناسە نوێ‌یە بەرهەمی دێنێ، لە ناخی دەروونیەوە قبووڵی بکاو بێ‌چەندوچوون بەڕێوەی بەرێ. ئەم مرۆڤە بەناوبانگە قەبەکراوە ئەگەر نەتوانێ ئەرکەکانی شوناسە تازەکەی بە باشترین شێوەو بێ‌کەموکوڕی ڕاپەڕێنێ ئاوا یەکسەر تەکفیر دەکرێ‌و دەیان ناوو ناتۆرەی سووکی بۆ دەدۆزرێتەوە، بەڵام لە ڕاستی‌دا ئەو «ئەرک»انەش دیار نیە چینو خاوەن چجۆر خەسڵەتو سروشتێکن!


باشترە بڵێم هەرکەسەو لە گۆشەنیگای خۆیەوەو بەپێی جۆری بیرکردنەوەو حەزو هەستەکانی خۆی کۆمەڵێ ئەرکو چاوەڕوانی بۆ ئەو مرۆڤە یەخسیرە دادەتاشێ‌و گەلێ سەختگیرانەش داوای بەڕێوەچوونی کامڵو تەواویان دەکا. دیارە ئەگەر بیر لە چاوەڕوانی‌یەکانی ئەو هەموو مرۆڤە جۆراوجۆرو لێکنەچووانە بکەینەوە تێ‌دەگەین کۆمەڵێکی پارادۆکسیکاڵ لە چاوەڕوانی‌یەکان دێتە چێ‌بوون کە هیچکەس تەنانەت پێغەمبەرانیش ناتوانن هەموویان لە خۆیان‌دا کۆبکەنەوەو بەڕێوەیان ببەن. هەر بۆیە مرۆڤی قەبەکراو لە هەموو لایەکەوە دەکەوێتە بەر گوشارو هەرکەسە داوای شتێکی لێ‌دەکاو ئەویش دەرەقەتی یەک لە هەزاری ئەو داخوازی‌یانە نایە. «جارێک لە بەندیخانەی سنە کابرایەکی زیندانی داوای لە هاوڕێم یاسری گوڵی کردبوو بەشە تەلەفۆنە کورتماوەکەی خۆی بداتێ، بەڵام ئەو پێنج دەقە کەموکورتە تەنیا بەشی خودی یاسری دەکردو نەی‌توانی داواکەی جێبەجێ بکا. کابرا پێی گوتبوو ئەتۆ چزیندانی‌یەکی سیاسی کە ئامادە نی بەشە تەلەفۆنەکەت بدەی بە من، دڵنیا بە کە چوومە دەرەوە بە هەمووکەس دەڵێم یاسر ئەوە نیە کە ئێوە بیری لێ‌دەکەنەوە!». ئەم چیرۆکە بە باشترین شێوە حەقیقەتی ئەو قسانەی من دەسەلمێنێ کە زیندانیی سیاسی تێکەڵێکە لە حەزو نەفرەت، پشتیوانی‌و تەکفیر، گەورەیی‌و بچووکی... بە سادەترین شێوەیش دەشێ لابەلا بێتەوەو لە بەرزاییی ئاسمانەوە فڕێ بدرێتە وەیلی دۆزەخەوە.

ئەمن ئالەم دۆخە هێمایینە پڕمەرجو سنوورو لەمپەرەدا دەستم دایە وەرگێڕانی ئەم کتێبەو دیارە بەشێکی زۆر لە وزەو تواناکانم خەرجی وەڵامدانەوە بەو هەموو چاوەڕوانی‌و هێرشە هاوکاتانە کردوە. هەر بۆیە بە بەراورد لەگەڵ دۆخێکی ئاسایی‌دا زۆر کەمتر توانیومە مێشکم لەسەر ئەم کارە چڕ بکەمەوەو هەمیشە شتە لاوەکی‌یەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان ئازاریان داومو نەیان‌هێشتوە کەڵکەڵەو ژیانی ڕاستەقینەی خۆم بژیم. ئالێرەدا دەتوانم بڵێم گوشاری کۆمەڵگا زیاتر لە گوشاری دەسەڵات مرۆڤ تێک دەشکێنێ.

ئەڵبەت چەند کێشەیەکی دیکەشم هەبوو، بۆ وێنە چەندساڵ زیندانی‌بوون مانای چەندساڵ دووربوون لە دونیای نووسینو خوێندنەوەو تەنانەت باسوخواسی جیدی، مانای بزربوون لە دونیای زانستو بەتایبەت مانای بزربوون لە فەزای نووسینی کوردی. تاقە کتێبێ بە درێژایی ئەم وەرگێڕانە بۆ تێکەڵبوونەوە بەو فەزا کوردی‌یە یارمەتیی داوم کتێبی «ئەزموونی مۆدێڕنیتە»ی مارشاڵ بێرمەن بوو کە هاوڕێی دلۆڤانم مەسنوور تەیفووری وەری‌گێڕاوەو هەر خۆیشی بە قاچاخەڕێ‌یەکی نهێنی‌دا نوسخەیەکی بۆ هەناردم. پێویست ناکا بڵێم ئەم بزربوونو نامۆیی‌یە دەتوانێ چەند توانای مرۆڤ بۆ نووسینو وەرگێڕان کەم بکاتەوە. جیا لەمانە، ژیانێکی چەندساڵە لەگەڵ مەرگی نەگریسی خۆتو هاوڕێکانت‌داو هەروەها سنووره سروشتی‌یەکانی بەندیخانەش لەم بابەتەدا دەوریان گێڕاوە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم شتانەش هەوڵم داوە هەروەک خودی کتێبەکەو لەسەر شێوەنووسینی نووسەر، ئەمنیش زمانێکی سادەو ژۆرناڵیستی بەکار بێنمو نەهێڵم ڕستەکانو پاراگرافەکان لەخۆڕا قورسو درێژ ببنەوە.

ماوەتەوە بڵێم لەم نزیک بە چوار ساڵەی زیندانی‌بوونم‌دا هەردوو پارێزەری زۆر بەڕێزو خۆشەویستم کاک ساڵحی نیکبەختو کاک سیروان هووشمەندی زەحمەتێکی بێ‌ئەندازە گەورەیان پێوە کێشاومو لەبەر من تووشی چەندین کێشە بوون، لێرەوە بەقووڵی سپاسیان دەکەمو هیوادارم لەم کۆمەڵگا هەژارەمان‌دا نموونەی ئەوان زۆرو زۆرتر بێ.

ع. ح ئاگۆستی ٢٠١٠بەندیخانەی سنە




# لێکدانەوەیەکی ئاماری بۆ

# «بۆ کەمپینی «ژن‌بوون کەرەسەی سووکایەتی کردن بە هیچ کەس نیە»،

**ئامادە کردنی: ئاگری باڵەکی**

١٤٥٠٠ لایک ئاکامی دوو هەفتە کاری کەمپینی «ژن بوون کەرەسەی سووکایەتی کردن بە هیچ کەس نییە» لە سەر تۆری کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بوو. ئەگەر چاوێکی خێرا بە ئامار و هەروەها ئاکامەکانی ئەو کەمپینەدا بخشێنین دەبینین لە جۆری خۆی‌دا کەمپینێکو کۆدەنگێکی باش و بێ وێنە بووە و دەتوانین بڵێین یەکێک بووە لە کەمپینەکانی کە تاکو ئێستا لەسەر ئاستی دنیا کوردەکان دروستیان کردوە بۆ پشتگیری یان بە ئەنجام گەیاندنی کارێکی بەکۆمەڵ.

سەرەتا بەخوێندنەوەیەکی خێرا بۆ ڕەوتی ڕووداوەکان دەست پێدەکەین. ڕووداوەکە لە کاتێکدا ڕووی‌دا کە تاوانبارێک کە تاکو ئێستاش دیار نەبووە، تاوانی ئەو مرۆڤە چیە و بۆچی حوکم دراوە، بە لیباسی ژنانەوە بەناو شاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا گێڕایان. بڕیارێک کە دادگای شاری مەریوان دابووی و لەلایەن هێزی ئینتزامی مەریوانەوە بە ئەنجام گەیەنرا. ئەو کاتەی کە دادگای شاری مەریوان وەها بڕیارێکی دەرکرد هیچ کات باوەری نەدەکرد کە ئاکامی ئەوکار وبڕیارەیان ئاواها کاردانەوەی لێ بکەوێتەوە و سنوورەکان ببەزێنێ و زۆر زوو لەلایەن چالاکانی مافی مرۆڤ و ژنانەوە ببێتە بەهانەیەک بۆ دژکردنەوە بەرامبەر بە بڕیارەکانی دادگاکانی ئێران.

هەروەک دیتیشمان ئاکامی ئەوکاردانەوانە سەری لە کار بەدەستانی کۆماری ئیسلامی شێواند و هەر ڕۆژەی بە بەهانەیەک یەکێکیان خۆی لێ‌دەدزیەوە. بۆ وێنە هەر زوو هێزی ئینتزامی ئێران خۆی لێ دەرهاویشت و باسی ئەوەی کرد کە ئێمە بڕیاری دادگامان بە ئەنجام گەیاندوە! لەولاشەوە گومانەکان لە زیاد بوون‌دا بوون کە باس لەوە دەکرا کە هێزی ئینتزامی بۆخۆی سەربەخۆ ئەم کارەی کردبێ. کێشەکە لەماوەی چەند هەفتەی ڕابردوو دا چەندین جار لە پەرلەمانی ئێران لە لایەن نوێنەرانی ناوچە کوردنشیینەکان هاتە بەر باس، بەڵام هەر جارەی بە پاساوێک توندڕەوکانی نێو حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی لە پەرلەمان بۆ پەردەپۆش کردنی تاوانەکەیان پاساویان بۆ دادگا و هێزی ئینتزامیی دەهێنایەوە.

### دەستپێکی کەمپینەوە:

کەمپینەکە لە بیرۆکەی چەند چالاکوانی سیاسی و مافی مرۆڤ دروست بوو کاتێک بیر لەوە کراوە کە دەبێ بۆ بەرپەرچدانەوەی وەها کارێک کە بێرێزی کردنە بەژنانی کورد کۆدەنگیەک ساز بکەین و بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران و حاکمانی ئێران ئەوە چاک بزانن کە گەلی کورد بێدەنگ دانانیشێ لەکاتێکدا هەموو ڕۆژێک بە بیانوویەک دەچەوسێنرێتەوە. بیرۆکەی ئەو کەمپینە لە جۆری خۆی بێ وێنە بوو هەروەها دەستپێکەکەشی بێ وێنەتر بوو، بیرۆکەی جوانتر و ئەمرۆیی لە کەمپینێکی ئاواها دا ڕەنگی خۆی دابۆوە.

### جیاوازییەکانی کەمپین لەگەڵ کەمپینەکانی تردا:

بوونی خەلێکی زۆر بە ئایدیا و بیرۆکەی جیاواز لەهەموو سنفێک هەروەها نەبوونی هیچ سنوورێک بۆ کەمپین، خۆ تێدا دیتنەوەی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا، لە منداڵەوە تا دەگاتە بەتەمەن و لە ژنەوە تا پیاوان هەروەها لەهەموویان گرینگتر ئەو کەمپینە تەنها لە نێو کوردەکاندا دەنگی نەداوە بەڵکو لە نێو نەتەوەکانی دیکەش دا ڕەنگ و دەنگی تایبەت بەخۆی هەبوو، لە فارس و عەرەب و ئازەری و هەروەها لە وڵاتانی ئەورووپایی و ئەمریکایش دا لایەنگر و هاوکاری هەبوو.

لەماوەی ئەو دوو هەفتەیەدا دیتمان کە مانشێتی زۆرێک لە ڕۆژنامە و ماڵپەرە ئەورووپایەکان چالاکیەکان و کێشەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ژنان دەگواستەوە. بە ئامارێکی سەرپێی بۆ ئەو گۆڤار و ماڵپەرانە دەتواینی بڵێین کە لە ماوەی ئەو ١٥ ڕۆژەدا لەلایەن ٣٥ ماڵپەر و ڕۆژنامەی ئەورووپایەوە ڕاپۆرت وهەواڵ لەسەر ئەو کەمپینە بەزمانەکانی ( ئینگلیزی، ئاڵمانی، فەرانسەوی، ئیسپانیایی، سوێدی، فینلاندی و نۆرویژی) چاپ و بڵاوکراوەتەوە. هەر لەوماوەیەدا لە لایەن چەندین تلویزۆن و رادیۆی ناوخۆیی و دەرەوە ڕاپۆرت و دیمانە کراوە لەسەر ئەو کەمپینە ئەنجام دراوە، کەدەتوانین تلویزیۆنەکانی وەک ئاسۆ سات وکورد کاناڵ و لە ڕایۆیەکانیش دەتوانین (ڕادیۆی ئاڵمان، ڕادیۆ فەرانسە، ڕادیۆ فەردا،دەنگی ئەمریکا، ڕادیۆی سوئێد) نێو بەرین. لەگەڵ ئەوەشدا بەئەنجامدانی چەندین چالاکی خۆنیشاندان لە شارەکانی باشووری کوردستان و هەروەها لە هەندێک لە پایەتەختەکانی وڵاتانی ئەورووپایی جیاوازیەکانی ئەو کەمپینەی لەگەڵ کەمپیەکانی دیکەی دەرخست. لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی ڕاستەخۆی چالاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکەمپینەکە یەکێکی دیکە بوو لە جیاوازیەکانی ئەو کەمپینە لەگەڵ کەمپینەکانی تر.

### کاری ٢ هەفتەی کەمپین:

لە ماوەی کاری دووهەفتەی کەمپینەکەدا توانرا کە لاپەرەیەکی کەمپین لە تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبوک بکرێتەوە. لەوماوەیەدا ژمارەی پەسەند کردنەکانی لە سەر تاسەری جیهان لە ١٤٥٠٠ پەسەند تێپەری کردوە و ئەو ڕەوەندەش بەردەوامی هەیەو لەلایەکی ترەوە هەوڵدراوە کە هەوڵەکان زیاتر پراکتیکی بکرێن و بخرێنە ئاستی کردارەوە و ئەویش بە خۆنیشاندان و هەروەها سەردانی ڕێکخراوەکانی دیفاع لە ژنان، ئەم کەمپینە لە کاتی ئێستادا درێژە بەکارەکانی دەدات.

لێرەدا هەوڵ دەدەین ئامارێکی وردی کاری ئەو لاپەرەیەی کە لە فەیسبووک بۆ ئەم کەمپینە کراوەتەوە بخەینە بەر دیدی ئێوە کە لەجێگای خۆیدا جێگای سەرنج و تێ‌ڕامانە. هەرچەندە بەرێوەبەرانی کەمپین زۆربەیان بەرەگەز پیاو بوون و پیاوانیش نەخشی سەرەکیان گێرا لە کەمپینەکەدا بەڵام ڕێژەی پەسەند کردن بۆلاپەرەی فەیسبووکەکە لەلایەن ژنانەوە زیاتر بووە. ڕێژەی پەسەند کردنی ژنان بۆ ئەو لاپەرەیە ٥٩.٢٪ بوو، لەبەرامبەردا بۆ پیاوان ٣٨.٩ ٪ بووە.

ئەگەر چاو لە گروپی تەمەن بکەین دەبین ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە نێوان ٢٥بۆ ٣٤ ساڵدایە زۆرترین بەشداریان هەبوو لە کەمپینەکەدا بەرێژەی بۆ ژنان ٢٠.٩٩٪ و هەروەها بۆ پیاوان ١٦.٣٪ بووە، بەدوای ئەویشدا گروپی تەمەنی ١٨ بۆ ٢٤ زۆرترین بەشداریان هەبوو بە ڕێژەی ١٩.١٪ بۆ ژنان و ١١.٢٪ بۆ پیاوان و دواتر گروپی تەمەنی ٣٥ بۆ ٤٤ پلەی سێیەمیان گرتووە. ئەگەر چاو لە ئاماری بەشداری بکەین لە وڵاتانی جیهان‌دا دەبینین کە لە ١٩ وڵاتی جیهان زۆرترین بەشداری هەبووە بۆ ئەم کەمپینە، هەروەک دەبینین کە وڵاتی ئێران بە ڕێژەی ٣١٧٧ کەس زۆرترین بەشداری هەبوو و لەدوای ئەو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ڕێژەی ٢٦٧٠ کەس و سوێد بە ١٤٠٤ کەس و عێراق بە ٧١٥ و بەریتانیا بە ٦٠٨ کەس لە پلەکانی دواتر دێن، گرینگیەکەی تایبەت لێرەدا دەبینن کە ئەو کەمپینە چوارچێوە جوگرافیەکانی نەناسیوە و هەموویان بڕیوە و بۆیە ئەگەر چاو لە ئامارەکان دەکەین دەبینین کە لەهەموو وڵاتانی دنیادا خەڵک بەشدارییان کردوە بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک بەرازیل کە دورو نزیک پەیوەندی بە کێشەی کوردەوە نەبووە ژماری بەشدارییەکان گەیشتۆتە ٥٥٤ کەس کە ئەوە لە نەوعی خۆی‌دا بێ وێنەیە.

ئەگەر وردتر بچینە نێو ئامارەکان دەبینین کە ڕێژەی ئەوشارانەی کە بەشداری زۆریان هەبوو پێمان نیشان دەدا، لەونێوەدا تاران کە پایتەختی ئێرانە بە ڕێژەی ١١١٤ کەس و ستۆکهۆڵم بە ٤٨٦ کەس و هەولێر بە ٣٣١ و سنە و مەهاباد و مەریوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ٣٠٥ و ١٦٥ و ١٠٥ کەس بەشداری ئەم کەمپینە بوون کە ئەوە لە حاڵێکدایە لە ئێران فیلتێر خراوەتە سەر ئینتەرنێت و بەشداری کردن لە تۆرەکۆمەڵایەتییەکان زۆر دژوارە.

باشترین پۆست کە لەلایەن بەڕێوەبەرانی کەمپین لەسەر لاپەرەی فەیسبووک بڵاوکراوەتەوە، پۆستی وێنەی چالاکوان» هەژیر شەریفی «یە. ئەم پۆستە ١٥٩٠ پەسەندی بۆ هاتووە و ٦٩٠ جار بڵاوکراوەتە و هەروەها زیاتر لە ٢٠٠ بۆچوونیشی لەسەر نوسراوە.

یەکێک لەو پۆستانەی کە دەکرێ جوان لە بۆچونەکەی وردبینەوە و لەلایەن فەیسبووکەوەش وەک باشترین پۆستی ئەم لاپەرەیە تا ئێستا دەنگی پێدراوە، وێنەی «ئەحمەد ڕەئفەت» ڕۆژنامەنووسی ناسراوی ئێرانی ـ ئیتالیایی کەلەسەر وێنەکەی بە جلی ژنانی کوردییەوە کێشاویەتی، نووسیویەتی: جلوبەرگی ژنان ئەوندە پیرۆزە کە هەموو کەس شیاوی لەبەرکردنی نیە.

**وەرگیراو لە ماڵپەڕی کوردستانو کورد**

http://www.kurdistanukurd.com/ku/wtar.php?id=٥٢٢

کوردستان
ئەدەب و هونەر
ژمارە: ٦٠٨
٣١ی بانەمەڕی ١٣٩٢
٢١ی مەی ٢٠١٣

# چاوخشاندنێک بەسەر ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

### به بیانووی بەڕێوەچوونی فستیڤاڵی «دیداری هێمن بۆ ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان» لە شاری هەولێر



عەلیرەزا رەحیمی

ئەگەر دوای سەرهەڵدانی «گۆران» لە ئەدەبی کوردی ،»سوارە ئیلخانی زادە «وەک درێژەدەری ڕێگای ئەو بە جڵەوکێشی شێعری نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرچاو بگرین، ئەگەر خەوەبەردینەی سوارە هەتا شێعری شاعیرانی ئەمڕۆ وەکوو ڕەوتێک بە خێرایی بخەینە بەر باس، بێجگە لە قوناغە جیاوازەکانی ئەوەی جێگەی لکۆڵینەوەیە، بوونی بۆشایی‌یەک لە نێوان خوێنەرانو نووسەرانو، نەبوونی پێشوازیی بەردەنگ لە ئاسەوارە ئەدەبی‌یەکانو بەرهەمە شێعری‌یەکان، بۆ خۆی بووەتە مەسەلەیەک کە دەبێ لێکۆڵینەوەی بەسەر بکرێ یان خەسارناسی‌یەکی زانستیی دەوێ کە بۆچی دوای سوارەو چەند کەسێکی دەگمەن لە کۆمەڵی شاعێرانی نوێخوازی ئێستا کەس لەوان نەتەنیا نەبوون بەخاوەنی شێوازی تایبەتی، بەڵکوو ڕادەی هۆگرانی بەرهەمە ئەدەبی‌یەکانی ئەوان ئەوەندە لە خوارێیە کە کەم کەس وەکوو شاعیرونووسەر دەیانناسێ! دەتوانین بڵێین هەلومەرجی داسپاوو دەسەڵاتدار ئەوەندە گرنگی بە هونەرو فەرهەنگ نادا. شێوە سیاسەتی زاڵ هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگا دەگرێتە بەر. بۆ نموونە لە ئێران بە قەت سازکردنی کەرەسەیەکی جەنگی وەکوو «مووشەک» و «تانک «و «تۆپ» بوودجە بۆ بواری فەرهەنگیو هونەری دابین ناکرێ، هەرئەمە بۆتە هۆی لاوازیو گەشەنەکردنی بوارەکانی ئەدەبوهونەر. ڕێژەی چاپەمەنی‌یەکانو خوێندنەوەی خەڵک بە گشتی لە ئاستێکی نزمدایەو پێشوازی‌یەکی ئەوتۆ لە بەرهەمە هونەری‌یەکان ناکرێ. کەسادی بازاڕی هونەرو ئەدەب لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا دەکرێ وەکوو خەسارێک چاوی لێبکرێو بخرێتە بەرباسوتوێژینەوە کە ئایا ئیتر خەڵک لە شێعرو ئەدەبیات بێ‌نیازن؟! یان خۆیان لە بەرهەمە ئەدەبی‌یەکان‌دا نابیننەوە؟ بۆ ئەوەی کەم‌تاکورتێک لەو هەلومەرجە ورد بینەوە ڕووبەڕووی ئەم پرسیارانە دەبینەوە:

### نووسەر بۆ دەنووسی؟ بۆ کێ دەنووسێ؟

کە هونەرمەندانو نووسەران سەرەتا بۆ ڕازی‌کردنی هەستی نامۆی دەروونی خۆیان دەست دەدەنە ئافراندنوخوڵقاندنی بەرهەمە هونەریو ئەدەبی‌یەکان ئینجا بە بڵاوکردنەوەی ئاسەوارەکانی خۆیان دەبنە خاوەنکەسایەتی‌یەکی تایبەتو سەربەخۆ. ئەگەر نووسەر تەنیا بۆخۆی نووسیبایە، دەکرا هەرشتێک کە پێی خۆش بوو بی‌نووسێو هەرگیز بەرهەمەکەی نەدەکەوتە بەرچاوی خەڵکو ئیدی یان ناچار دەبوو واز لە نووسین بێنێو قەڵەمەکەی دابنێ، یان بێ‌هیوا دەمایەوە. بەڵام نووسینو بەردەوامیی هونەر بە پێشوازیو خوێندنەوەی خوێنەرانەوە گرێ دراوە. ڕێککەوتنی دیالیکتیکی لە نێوان نووسەرو خوێنەردا بەم شێوەیە ساز دەبێ، وەکوو دوو کردەوە بەیەکەوە گرێ دراونو جیاواز لەیەکتریشن. هەوڵی نووسەرو خوێنەر، پێکەوە شتێکی زەینیوخەیاڵی کە هەمان بەرهەمی ئەدەبی‌یە پێک دێنن. بە واتایکی دیکە هونەر نابێ مەگەر بە بوونی بەردەنگو لە ڕێگای ئەوانیشەوە ماهیەتی دەدۆزرێتەوە. بە کورتی نووسەر سەرەتا بە نیازی دەروونیی خۆی دەنووسێ بەڵام بۆ مانەوەو گەشەسەندنی هەستی هونەری پێویستیی بە خوێنەرو بەردەنگ هەیە.

پرسێکی دی کە لە زانستی ڕەخنەی ئەدەبی‌دا هەموو نووسەرو قەڵەمبەدەستێک دەگرێتەوە ئەمەیە کە «چی نووسین؟ چۆن نووسین»؟

یانی نووسەر مافی ئەوەی هەیە کە بە تایبەت لە باری سیاسیوفەرهەنگی‌یەوە، ئینجا نووسەرو هونەرمەندو ڕەخنەگر ئاسانتر دەتوانن بەرهەمەکانیان لە ژێرناوی نوێترخوازی یان هەر مەکتەبو (ایسم) ێکدا پێشکەش بکەن !


بە چاوخشاندنێک بەسەر هێندێک لە بەرهەمە ئەدەبی‌یەکانی ئەم ڕۆژانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا هیچ گومان لەوەدا نامێنێ کە نووسەرانو شاعیرانو ڕەخنەگرانی ئەم سەردەمە بە پشتیوانیی زانستو هزری نوێ خەریکی چالاکی هونەریو فەرهەنگینو لە هەموو شێوە نووسەرو شاعیرانی ئەم بەرەیە تا ڕادەیەک زەمانومەکانی خۆیانیان لەبیر کردوەو دەبێ چارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە .

ئەوەی وا لە ڕێورەسمەکانی ئەم چەند ساڵەدا جێی سەرنجو ڕێزلێنانە هاتنە مەیدانی نووسەرانوشاعیرانی ناوچەکانی کرماشانو ئیلامە کە بە داخەوە بە هۆی فاکتەری مەزهەبیو جوغرافیاییو جیاوازیی شێوەزار بە دەیانو سەدان ساڵ لە پەراوێزی زمانی نەتەوەیی‌دا بوون، هەتا بەدوایی ڕێنێسانسی فەرهەنگی، ئەدەبی لە ڕۆژهەڵاتدا چالاکانەو هەڵسووڕانە دەستیان









بەقەڵەمو هەستی خۆی باسی هەموو شتێک بکاتو خۆی لە سنووری سۆزو عاتیفەو بابەتی دووپاتکراوەو (کلیشەیی) دا نەهێڵێتەوە، بەڵام نابێ هیچکات لایەنی چۆنیەتیی نووسینی ئەوبابەتانە لە بیر بکا، ئەزموون بکاتە فیدای شێعرییەتو بە پێچەوانەوە نابێ هیچکامیان بە قوربانی ئەوی دیکە بکا. بە واتایەکی دیکە شاعیر دەبی لە هەموو حاڵێکدا شێعرییەتی هاوشان لە گەڵ نێوەڕۆک (مضمون) ی شێعری بێ. لە چیرۆکنووسینیش‌دا هەربەو شێوەیە.

ئێستا پرسیاری هەرەگرنگ ئەوەیە کە چڕووی داوە کە هەتا دێ پێشوازی لە ئەدەبی نوێ کەمترولاوازتر دەبێتەوە؟ ئێمە کە باس لە هونەرو ئەدەبی مودێڕن دەکەینو جاروبار بە هۆی بوونی کەرەسە مودێڕنەکان کە لە بەر دەستمان‌دانو لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاریان دەهێنین، پێمان وایە ئیدی بە تەواوی کۆمەڵگایەکی مودێرنینو دەبێ بەم پاساوە ئاڵوگۆڕ بەسەر هونەروئەدەبیاتیش‌دا بێنین، بەڵام ڕاست بە پێچەوانە، دەبێ هەرکام لە مەکتەبە فیکری‌یەکان بە تەواوی (ایسم) ەکان سەرەتا لە کۆمەڵگادا جێگیرو سەقامگیر ببنو لایەنەکانی تاوتوێ بکرێ شێعرو بابەتی ئەوان‌دا کەش وهەوای سیاسیو کێشە فەرهەنگی‌یەکانو گیروگرفتەکانی کۆمەڵگا ڕەنگدانەوەیان هەیە. بەواتایەکی دیکە ئەگەر ئانارشیسمێکی فیکریو خەیاڵی بەسەر ئەم بەرەیە لە نووسەرانی نوێخوازدا زاڵە، ئەمە خۆی ڕەنگدانەوەی کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکانەو هونەری ئەوان ئاوێنەی نواندنی دیمەنو ڕووداوەکانە چجوان، چناشیرین. نوێخوازو نوێترخوازەکان لەم قۆناخە لە ئەدەبی کوردی‌دا بە تایبەت لە ڕۆژهەڵات دەیانەوێ خۆیان لە نەریتو فۆرمەیەکی تەکنیکیو زمانەوانی کە لە لایەن شاعیرانو نووسەرانی پێش ئەوانەوە تاقی کراوەتەوە دەرباز بکەن. ئەمە لە نەفسی خۆی‌دا کارێکی پێشکەوتنخوازانەیەو نیشانەی بەرزیی پلەو ئاستی زانیاری‌یە، بەڵام با لێمان تێکنەچێ کە نابێ ئەوەندە لە ئاستی حەزو ویستی کومەڵگا دوور بکەونەوە کە ئیدی لە کتێبخانەی هیچ ماڵێکدا بەرهەمونووسراوەکانی ئەم چینە لە پەنا شاعیرانێک وەکوو سوارە، قاسم موئیدزادە ، ئاسۆ بۆکانی، جەلال مەلەکشا، شەریف، مارف ئاغاییو.... نەبینرێو کەس دێرێک لە شێعری ئەوانی لە بەر نەبێ. ئەمە نیشانەیەکی خراپە کە داوەتە بووژاندنەوەی فەرهەنگوکەلتووری خۆیانو چیدی هیچ دەسەڵاتو سیاسەتێک ناتوانێ کرماشانو ئیلام لە بنچینەو باوانی نەتەوەیی دوور بخاتەوە.

ژێدەر:
«ادبیات چیست؟»- ژان پل سارتر،
«خەوەبەردینە»
سوارەئیلخانی زادە،
دیوانی شێعری مارف ئاغایی...

## (بزە)

هەور: کامیرا
برووسکە: فلاش
نم نمەی باران،
بۆ شوشتنەوە،
دڵی منیش: قاپ
ئا......ی نیشتمانم!
هەتا یەک چرکە،
بۆ لێوەکانت
بزە قەرزکە..

هەڵەچینی

## مژدە مژدە، سەربڕینخانەی مرۆڤیش کرایەوە



مستەفا شێخە

هەر دیاردەیەکی نوێ لای ئێمە دەردەکەوێ، هەموو لایەک لێی لە هەڵڵا دەدەنو دەڵێن ئەی هاوار دەورو زەمانە گۆڕاوەو دنیا لە گرێژەنە چووەو دنیا خەرابوونو ئاخر زەمانە.

وەک ئێستا لەبیرمە، کاتێک کوڕە لاوەکان پێچو کڵاوو جامانەیان لەسەر کردەوەو مووی سەریان درێژ کردو پاکوخاوێن دایانهێنا، هەموو خەڵک دەیانگوت کاتی دنیا خرابوونو ئاخر زمانە. خوا غەزەبمان لێ‌دەگرێو ئاسمانو زەوی وێک دەکەونەوە.

سەردەمێکیش کیژۆڵە تازەپێگەیشتووەکان لە نێو کەلتووری خۆمان‌دا لەچکەیان لەسەر کردەوەو قژی جوانیان بەلادا کرد، دیسان بوو بە هاتوهاوار کە هەر ژنێک لەبەر چاوی نامەحرەم قژی بەدەرەوە بێ، لە دنیای دیکە بەقژیەوە هەڵی‌دەواسنو زەحمەتیشە ببێ بە یەکێک لەو حەفتاو نازانم چەند حۆری‌یەی بە قسمەت پیاوی سۆفیو لەخواترسو ئیماندار دەبن.

دیارە ئەم بەزمەی ژنان شتی دیکەشی لێ‌کەوتەوە. بۆ وێنە کارو کاسپی پڕداهاتی جوانکاریی ژنان دوابەدوای ئەم قژڕووتکردنە داکەوتو ئێستا هەزاران ژنو تەنانەت پیاوی پسپۆڕی جوانکاریی ژنان، نان لە جوانترکردنی ئەو نۆبووکو گەورەکچو سەرەژنانە دەخۆن کە پێیان خۆشە لەوەی هەن جوانتر دیار بن.

دوای ئەوە سمێڵتاشینی پیاوان بە شتێکی درێو زانراو دەیانگوت ئەو پیاوانەی سمێڵیان دەتاشن، لە ژنانیش کەمترن.

دیارە ئەوکاتی لای خۆمان ئەو جووڵانەوەی فیمینیزمو میمینیزمە لە گۆڕێ‌دا نەبوو. پیاو دەی‌توانی بە کەیفی خۆی چۆنی پێی خۆش بێ باسی ژن بکا.

ئەودەم بێ‌ئەملاوئەولا لەخۆمان ڕادەدی بە پیاوی ناسکو دەنگ نەرمو لەسەرخۆ بڵێین، پیاوی ژنانیلە. بەڵام ئێستا سەریشمان ببڕن بە ئاشکرا ناوێرین. لەماڵی خۆمانیش شەوانە هەتا ئاخر مێینەی ماڵمان خەوی لێ‌نەکەوێ، ناوێرین شتی وا بڵێین.

جاری جاران هەتا باو باوی پیاوان بوو، دەمان‌توانی بە پیاوانی ترسنۆکو نەوێر بڵێین دەڵێی ژنە. ئێستاش لە ترسی ئەم کەمپەین مەمپەینەو زیاتریش بۆ ئەوەی خۆمان بە لایەنگری لە مافی ژنان فش بکەینەوە باسی شتی وا هەر ناکەین.

ئەمانە هەموو بە جێگەی خۆی، لەم دەورو زەمانەدا شێوازی خواردنو خۆراکیش گۆڕانی بەسەردا هاتوە. جاران بە شلکێنە، ماشێنە، سەنگەسیر، بەربەسێڵو مزراویلکە ڕازی بووین. کاتێک ئەم چێشتانەمان دەهاتە پێش، شوکرانەی نیعمەتی خوامان دەکرد. دواتری پەتاتەو تەماتەی هاتەسەر. خواردنی سەیرو سەمەرە هاتنە نێو ژیانمان کە سەرەتا سەرمان لێ سوڕما. ماکارۆنی، سپاگێتی، قورمەسەوزی، فسەنجان، کەبابی بەختیاری، ششلیک، شێخ مەحشی، پیتزا، فینگێرو دەیان خۆراکی دیکە هاتنە سەر خوانی پڕ لە نێعمەتی ئێمەش. ئێستا دەزانم بۆچی نەدەبوایە بەو ماڵە دراوسێ‌یەمان پێ‌بکەنین کە دیزەی گڵیان پڕ لە میوەی کێوی کردبوو و تا بەیان لە تەندووری گەرمیان خستبوو. دراوسێکەمان سیپەیەک کێوی‌یان بە دیاری بۆ هاتبوو. کێوی‌یەکان باش نەگەیشتبوون. وایان‌زانیبوو کێوییش لە بنەماڵەی بەڕێزی پەتاتەیەو کەمێک خوێو ڕۆنیان تێ‌کردبوو و خستبوویانە نێو دیزەی گڵەوە. چاوەڕوان ببوون بەیانی بە سەر چێشتێکی بە تاموخوێ‌دا بکەون.

هەر لە درێژەی ئەم پێشکەوتنانەدا بە چاوی خۆمان دەبینین ئەوە چەند ساڵێکە کۆمەڵێک پەیدا بوونە دوای ئەوەی مرۆڤ دەستبەسەر دەکەن، بە لەشی خاوێنەوە بەرەو قیبلەیان دەکەنو بە چەقۆی تیژ یان بەشمشێر سەریان لە لەشیان جیا دەکەنەوە. ئێمەی ناتێگەیشتووش کە هەست بە پێشکەوتنەکانی سەردەم ناکەین، هیچمان پێ‌نەماوەو بەم سەربڕانە دەڵێین تیرۆریست.

ئەمن لەم دوایی‌یانەدا کەمێک بەرچاوم روون بووەتەوەو چەند بستو قولانجێک وەپێش مرۆڤی سەردەمی خۆم کەوتووم. ڕۆژێک لە تەلەفزیۆن بەرنامەیەکم دی کە بەڕاستی گۆڕیمی. میوانێک لە بەرنامەکەدا قسەی دەکرد کە وێ‌دەچوو پیاوێکی پسپۆڕو تێگەیشتوو بێ. چاوەڕوان بووم تا ناوەکەی لە ژێر شاشەکەوە بنووسرێ. کاتێک سەیری ژێرنووسەکەم کرد، نووسرابوو «پسپۆڕی زانستی خواردنی مرۆڤ». ئیدی بە تەواوی بەم ئاکامە گەیشتم ئەو کەسانەی چاویان دەبەسترێو بە چەقۆی تیژ سەریان لە لەشیان جیا دەکرێتەوە، بۆ خواردن دەبن. پسپۆڕی زانستی خواردنی مرۆڤ رەنگە فێرمان بکا بە شێوەیەکی زانستی مرۆڤ بخۆین.

شوکر بۆ خواو بۆ پێشکەوتنی ئەم دەورو زەمانە، دیارە ڕۆژ بەڕۆژ پتر بە دەستکەوتەکانی شارستانییەتی ئەم دەورو سەردەمە شاد دەبین. هەر دوێنێ یەکێک لە ناوەندەکانی ڕاگەیاندن لە مانشێتی هەواڵێکدا بڵاوی کردەوە کە « ڕێژیمەکەی ئەسەد سەربڕینخانەیەکی نوێی ئەنجام‌دا و ١٠٨ کەس کوژران.»

بە دیتنی ئەم هەواڵە بە تەواوی دڵم خۆش بوو. هەستم کرد لەم بوارەش‌دا پاکوخاوێنی بواری تەندروستی رەچاو دەکرێ. لەمەودوا چی‌دیکە مرۆڤ لەملاوئەولا دوور لە رەچاوکردنی ڕێنمایی‌یەکانی تەندروستی بە شمشیری ژەنگاویو پیس سەری نابڕێو ئەوانیش وەک مریشکو قەلو گاوگۆلو مەڕو بزن لە سەربڕینخانە بە کۆمەڵ سەریان دەبڕێو لەژێر چاوەدێریی پزیشکی شارەزاو پسپۆڕی خواردنی مرۆڤدا گۆشتەکەیان بۆ خواردنی مرۆڤانی دیکە ئامادە دەکرێ.

لێرەدا پێویستە سوپاسی میدیای کوردی بکەین کە بەم زمانە جوانو پاراوە لە پێشکەوتنە خێراکان ئاگادارمان دەکاتەوە. هیوای تەمەنی درێژیش بۆ تاقانە پسپۆڕی شارەزای خواردنی مرۆڤ دەخوازین.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 608 21 may 2013

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC
www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268
تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Kdp:Tashkilat.kdp92@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

بەر لە ماڵاوایی

# کۆماری ئیسلامی چۆن لە هەڵبژاردنی ئەمجارە دەرباز دەبێ؟



قادر وریا

هەڵبژاردنەکان بە تایبەتی دوو هەڵبژاردنی سەرکۆماریو نوینەرانی مەجلیس، لەمێژساڵە بوون بە ژانەسەرو هۆکاری دروستبوونی قەیران بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. لە سۆنگەی ئەم هەڵبژاردنانەوە ، ململانێو کەلێنی نێوان قۆڵو دەستەو تاقمەکانی نیودەسەڵات توندترو گەورەتردەبنەوەو خەڵکیش دەرەتانێکیان بۆ دروست دەبێ بۆ ئەوەی لە تەنیشت ئەو ململانێو یەکترلەقاودانەی قۆڵو تاقمەکانی نیو ڕێژیم، ئەوەندەی دەگونجێ ئیرادەو هەڵوێستی خۆیان بنوێننو ململانێو ئاڵوگۆڕەکان بەرەو ئاقارێک بەرن کە بۆ ناوکەی سەرەکیی دەسەڵات، نەخوازراوە.

هەڵبژاردنی ئەمجارە هەر بە تەنیا هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار نیە. چونکە هەڵبژاردنی شووڕاکانی شارو دێیش وێڕای هەڵبژاردنی سەرکۆماری بەڕێوە دەچێ. لە لایەکی دیکەوە، ڕێبەریی کۆماری ئیسلامی، وا ساغ بۆتەوە کە ئەمجارەیان لە هەموو جاران زیاتر، هەڵبژاردن بکا بە یارییەکی تایبەت بە یاریکەرانی خۆییو لە دەرەوەی نیزام، کەس نەیەنێتە نیو یارییەکە. هەر لەو کاتەشدا دەیانەوێ بە هێنانی خەڵک بۆ نێو ستادیۆم (بۆ سەر سندووقی دەنگدان)و هاندانی یاریکەران ( دەنگدان بەم یان ئەو پاڵێوراو)، یارییەکە گەرمتر بکەنو»حەماسەیەکی سیاسی» بۆ کۆماری ئیسلامی وەڕێ بخەن کە هەم سوودی زۆری بۆ ڕێژیم تیدابێو هەم خەڵکیش، دەسکەوتێکیان نەبووبێ!

بەڕێوەچوونی هاوکاتی هەڵبژاردنی شووڕاکان لە گەڵ هەڵبژاردنی سەرکۆماریو هاتنی پاڵێوراوانی دیارترین سەلیقەو تەیفەکانی نێو ڕێژیم بە تایبەتی دوو کاندیدای هەڵلاو هەنگامە خولقێن (ڕەفسەنجانیو ڕەحیم مەشایی)، دەیانتوانی فاکتەریک بن بۆ گەرمبوونی ملبەملەی هەڵبژاردنو هاتنی ژمارەیەکی زیاتری دەنگدەران بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان. بەڵام جڵەوبەدەستانی دەسەڵات لەو ڕێژیمەدا، ئەوەندە پاوانخوازو سەرەڕۆن کە نەک هەر پاڵێوراو لە دەرەوەی نیزام، بەڵکوو سەرکەوتنی پاڵێوراوی نێوخۆی ڕێژیمەکەشیان — ئەگەر مۆرەی بێئیرادەو بە تەواوی گوێڕایەڵی خۆیان نەبێ — بە مەترسی دەزانن. بۆیە شووڕای نیگابانەکەیان، کە ڕەوتی هەڵسەنگاندنی سەلاحییەتی پاڵێوراوەکانی بۆ ماوەی حەوتوویەک درێژ کردەوە، سەرەنجام بڕیاری خۆی داو سەلاحییەتی هێندێک لەو پاڵێوراوانە (بە تایبەتی رەفسەنجانیو ئیسفەندیار ڕەحیم مەشایی) ڕەد کردەوە. ئەمە یانی رازیبوون بە تەحریمی سندووقەکانی دەنگدان لە لایەن پشتیوانان ولایەنگرانی ئەو پاڵێوراوانە و خۆ ئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ دژکردەوەی دوو تەیفی گەورەی سەربەونیزامە. بەم جۆرە هەڵبژاردنەکەیان لەو پەڕی ساردوسڕیدا بەڕێوە دەچێ و «حەماسەیەکی سیاسی « واتە بەشداریی هەراوی خەلک لە دەنگدانڎا، نایەتە دی تا لە لای دنیای دەرەوە خۆی پێوە هەڵکێشنو بیکەنە بەڵگەی پێگەداربوونو مەشرووعیەتی ڕێژیمەکەیان. جگە لەمەش پاڵێوراوە دەستنیشانکراوەکەی خۆیان کە دەبێتە سەرکۆماری داهاتوو، وەک ئەحمەدینەژاد کە بە فرتوفێڵ و بە زۆر لە سندووقی دەنگدان هێنایانە دەر، نەک هەرلە نێو خەڵک، بەڵکوو لە نێو قۆڵو تاقمەکانی نێو نیزامیش دا، جێگەوپێگەیەکی ئەوتۆی نابێو بۆ بەرەوپێشبردنی کارو ئەرکەکانی پەیتاپەیتا دەبێ دەستەوداوێنی ڕێبەریو سوپای پاسداران‌و هتد بێ. دیارە ئەگەر خامەنەییو شووڕای نیگابانەکەی، سەلاحییەتی کاندیدا بەهێزەکانی وەک ڕەفسەنجانیو ئیسفەندیار ڕەحیم مەشاییان ڕەد نەکردبایەوە ، ئەگەری ئەوە هەبوو کاندیدای سەرەکیی قۆڵی ئوسوولگەرا کە بە پێی هەموو نیشانەکان، دڵخوازو جێگای پشتیوانیی خامەنەیییە، دەنگ نەهێنێتەوەو سەرکۆمارێک بێتە سەرکار کە ئەوەندە گوێلەمستی ڕێبەرێو دامەزراوو دامودەزگاکانی سەر بە ناوبراو نەبێ. ئەوەش دوو ئاکامی لێدەکەوتەوە: یەکەم ئەوە کە زۆر لە ڕێسراوەکانی چەند ساڵی رابردووی خامنەیی بۆ یەکدەستکردنی دەسەڵاتو ئیدارەی وڵات بە مەیلی خۆی، دەکردەوە بە خوری. دووهەم ئەو قۆڵەی دەبووە براوەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری، لە پێگەیەکی بە هێزترەوە بەرەوڕووی قۆڵو تاقمەکانی دیکەی نێو دەسەڵات دەبۆوە. ئەمەش دەیتوانی ئاکامی جۆراوجۆری لێبکەویتەوە کە بوارڕەخسان بۆ خۆنواندنی بێزاریی گشتیی خەڵکو گەشەکردنی خەباتی ئەوان، یەکێکیان دەبوو. بەڵام ڕێگاخۆشکردنی خامنەیی و شووڕای نیگابانەکەی بۆ دەستبەسەرداگرتنی پۆستی سەرکۆماری، ئەگەر لە کورتخایەنیش دا کۆماری ئیسلامی لە قەیرانێک دەرباز بکا، لە درێژخایەن دا تووشی قەیرانی قووڵتری دەکا، چونکە نەک هەر خەڵکی وڵات، تەنانەت زۆربەی قۆلەکانی نێو ئەو ڕێژیمەش،مەجالی هەناسەدانیان لێ دەستێنرێتەوە.

# سەدی هەشتای بەکارهێنەرانی شیشە تەمەنیان لە نێوان ١٨ تا ٣٠ ساڵدایە

توێژەرێکی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران وێڕای ئاماژە بەوەی کە سەدی ١٥ی بەکارهێنەرانی شیشە لە ئێران ژنن، ئاشکرای کردوە: ژنانی موعتاد لەهەموو مادده هۆشبەرەکان زیاتر شیشە بە کار دێننو تەنیا سەدی ٥ی ماددەکانی دیکە جگە لە شیشە لەلایەن ژنانەوە بەکار دەبرێ.

مەجید ئەبهەری لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵنێری «کۆمەڵایەتیی» هەواڵدەریی خوێندکارانی ئێراندا وێڕای ئاماژە بە نێونجیی تەمەنی گیرۆدەبووان بە شیشە لە ئاستی



وڵاتدا دەڵێ سەدی ٨٠ی بەکارهێنەرانی شیشە تەمەنیان لە نێوان ١٨ تا ٣٠ ساڵدایە.

ناوبراو دەڵێ هێندێک لە یانە وەرزشییەکانی ژنان بۆ بانگەشە لەبارەی کزبوونەوە ئەم ژەهرە کوشندەیە دەخەنە بەر دەستی کڕیارەکانیانو تۆڕە ماهوارەییەکانیش شیشە بە سەرەکیترین ماددەی دژ بە قەڵەوی دەناسێنن، هەر بۆیە کچانو ژنانی کەمتەمەن توێژێکی نوێ لە موعتادان پێک دێنن کە بە بیانووی خۆلاوازکردن، یان کرانەوەی چرچولۆچی دەموچاویان روو لەم بەلاماڵوێرانکەرە دەکەن.

ئەم خەسارناسەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کەم بوونی ناوەندەکانی وەلانانی شیشە بە تایبەت بۆ ژنانو هەروەها لاوازبوونی ڕاهێنانە گشتییەکان لەلایەکی دیکە وەک نموونەی کێشەکانی بەردەم بەرەنگاربوونەوە دژی ئەم دیاردەیە باس دەکاو دەڵێ ئەم دوو بابەتە بوونە هۆی پەرەسەندنی ڕۆژلەرۆژ زیاتری ئاماری موعتادان لە ئاستی وڵاتدا.

# بەڕێوەچوونی دووهەمین ڤێستیڤاڵی هونەری کوردی لە ئەمریکا




دووهەمین ڤێستیڤاڵی هونەری کوردی لە ئەمریکا بە هاوکاریی ئەنیستیتووی کەلتووریی کوردستانو زانکۆی ویلایەتیی ئەمریکا لە شاری ناشڤێڵ بەڕێوە دەچێ.

ئــازاد سەمــین، ڕێکخەری دووهەمین ڤێستیڤاڵی هونەری کوردی لە ئەمریکا لەو بارەیەوە ڕایگەیاندوە کە ئەو ڤێستیڤاڵە لە چەند بەشی هونەریی وەک شێوەکاری، مۆسیقاو شانۆ پێک دێو وا بڕیارە ڕۆژانی ١٧ و ١٨ ی جۆزەردان لە شاری ناشڤێڵ بەڕێوە بچێ.

ناوبراو دەڵێ ئامانجی سەرەکی لە بەڕێوەبردنی ئەو فستیڤاڵە ناساندنی هونەری کوردی بە گەلانی دنیاو دروستکردنی پردی پێوەندی بۆ لاوانی کورد لە ئەمریکایە.

# بەرز بوونەوەی ڕێژەی منداڵانی کار لە ئێران بەهۆی قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری



ڕاپۆرتە نوێیەکان لە ئێران باس لە پەرەسەندنی دیاردەی منداڵانی کار لە ئێران دەکەن.

هەواڵدەریی کاری ئێران لە ڕاپۆرتێکدا لە زمان حوسێن میربەهاری، چالاکی کۆمەڵایەتیی منداڵانی کارو شەقام، نوسیویەتی کە نالەباربوونی دۆخی کۆمەڵایەتی بۆتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زیاتر لە منداڵان ڕەکێشی بازاڕە نارەسمییەکانی کار بکرێن.

بە وتەی ئەم چالاکە کۆمەڵایەتییە چوونەسەری سەرسوڕهێنەری خەرجی گوزەرانو کەمبوونی هەقدەست دیاریکراو بۆ کرێکاران، پێویستیی کارکردنی منداڵانی لە بنەماڵە هەژارەکاندا زیاتر کردوە.

بەپێی دوایین لێکۆڵینەوەکان کە لە لایەن هەواڵدەریی خوێندکارانی ئێرانەوە بڵاو بۆتەوە، سەدی ٨١ ی بنەماڵەی ئەو منداڵانەی کار دەکەن، لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین.

کارناسانی کاروباری کۆمەڵایەتی دەڵێن کە منداڵانی کار مافە قانوونییەکانی کرێکارێکیان بۆ لەبەرچاو ناگیرێو هەروەها هەقدەستیشیان لە گەورەساڵان کەمترەو هیچ چاوەدێرییەکی قانوونییش بەسەر جۆری هەڵسوکەوتی خاوەنکاران لەگەڵ منداڵاندا ناکرێ.

# زیندانییەکی دیکەی کورد ڕێگەی پێنادرێ بەشداری تاقیکردنەوەکانی زانکۆ بێ



جەماڵ قادر نەژاد، خوێندکاری تێرمی ٦ی زانستە کومەڵایەتییەکانی زانکۆی «پەیامی نوور»ی شاری میاندواو، کە هەنووکە لە زیندانی ناوەندیی شاری مەهاباد ڕاگیراوە، ویستوویەتی لە تاقیکردنەوەکانی زانکۆدا بەشدار بێ. بەڵام بۆ سێیەمین جار ئیدارەی ئیتیلاعاتی شاری مەهاباد ڕێگریی لە بەشداربوونی ناوبراو کردوە . ڕێگریکردن لە بەشداریی جەماڵ قادرنەژاد لە حاڵێک دایە کە ناوبراویش هاوشێوەی جەلال ناسری، لەلایەن شووڕاو قازیی چاوەدێری زیندانەوە ئیزنی بەشداری لەو تاقیکردنەوانەیدا پێ درابوو.

جەماڵ قادرنەژاد، ٢٥ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٩١ لەلایەن مەئموورانی ئیدارەی ئیتیلاعاتی شاری مەهابادەوە دەستبەسەر کراوەو دواتر بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران، حوکمی ٥ ساڵ زیندانی تەعزیریی بۆ براوەتەوە.

هەروەها چەند رۆژ پێش ئێستا ئیدارەی ئیتیلاعاتی شاری مەهاباد ڕێگریی لە بەشداریی «جەلال ناسری» لە تاقیکردنەوەکانی «پیش‌دانشگاهی»دا کردبوو.

# ٤ خوێندکاری کورد لە تاقیکردنەوەکانی سەراسەریدا سەرکەوتنی بێ وێنەیان بەدەست هێنا



بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، بەختیار خزریان خەڵکی شاری سەردەشت، ناسێح میری خەڵکی مەریوان، پلەکانی یەکەمو دووەمیان لەو تاقیکردنەوانەدا بەدەست هێناوە . هاوکات٢ خوێندکاری کوردی دیکەی خەڵکی شاری مەریوان بەناوەکانی سامان مورادوەیسیو سەیوان نیکخا پلەی نۆو بیستوچوار» یان بۆ خۆیان مسۆگەر کردوە.

ئەو تاقیکردنەوانە ڕێکەوتی ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی لە نێوان ٧ هەزار بەشداربووی کۆنکووری فەوقی لیسانس لە ئاستی ئێراندا بەڕێوە چوونو ئاکامی ئەو تاقیکردنەوانەش ڕێکەوتی ٢٢ی بانەمەڕی ئەمساڵ ڕاگەیەندراوە.

# خەڵاتی سەرەکیی فێستیڤالی مونیخ بە دەرهێنەرێکی کورد درا



فیلمی دێکۆمێنتاریی «هەنگەوان» لە دەرهێنانی «مانۆ خەلیل»، خەڵاتی «فیکتۆر»ی ڤێستیڤالی فیلمی مونیخی پێ بەخشرا.

دووشەممە١٤ی مەی، خەڵاتی «ڤیکتۆر « کە گرنگترین خەڵاتی فێستیڤاڵی فیلمی مونیخەو بڕی پێنج هەزار یۆرۆیە، بە مانۆ خەلیل بەخشرا.

فیلمەکە لە بەشی ململانێی فیلمی دیکۆمێنتاریدا بە زمانی ئەڵمانی پیشان درا.

لێژنەی داوەرانی فێستیڤالی مونیخ، فیلمەکەیان بە «فیلمێکی دیکۆمێنتاریی گەورەی مرۆڤدۆستانە« لە قەڵەم داوە.

فیلمی ئاماژەپێکراو، مانگی ژوئەنی ساڵی رابردوو لە سویس بەرهەم هاتوە.

هەنگەوان، بەسەرهاتی هەنگەوانێکی کورد دەگێڕێتەوە کە دوابەدوای شەڕی نێوان کوردو تورک، نیشتمانی خۆی جێ دەهێڵێو لە سویس نیشتەجێ دەبێو پاشان لە سویس دیسان مێش بە خێو دەکا، بەو جیاوازییە کە ئەمجارە چیاکانی ئالپ، جێگەی چیاکانی کوردستانیان گرتۆتەوە.

